HANA

١٨–١٩

٢٠٠٣

# هانا

گوڤاریکی وەرزی ئەدەبی، فەرهەنگی و کومەڵایەتی‌یە



# کاریکاتیری ژماره ١١ دەرچوو!

Eâ‌œZg£œ ã›

I dont know!



ژمارەی 19-18 سالی 2003

سەرنووسەر:
سلیمان قاسمیانی (کاکە)

دەستەی نووسەران:
مصلح ڕێبوار (شیخ الاسلامی)
شنە عبداللە
لەیلا قاسمیانی
بەکر ئەحمەد
سەردار عبداللە
بژار



سەربەرگ: "سوننەتەکان"
میهران تورابی

**ئادرەسی ماڵپەڕ و ئیمایلی هانا گۆڕاوە. تکایە سەرنجی ئادرەسە نوێیەکە بدەن!**

## ناوەرۆک:


- شایی لە ژێر سێبەری مەرگدا / سلیمان قاسمیانی 5
- ئەحمەد شەمال، ناونیشانی تراژیدیایەك / سەردار عبداللە 9
- بەسەرهاتێکی تاڵ / ئامادەکردنی، لەیلا قاسمیانی 12
- فەرهەنگی ناموسپەرستی و سەرکوتی ئازادی ژن / لەیلا قاسمیانی 16
- ژنە مردووەکە بە ڕێوەیە... / بەکر ئەحمەد 19
- شیعر: شاهو پیرخضرانیان / بژار / ئاسو گوران / 35
- شێخ ڕەزا تاڵەبانی: ناسیونالیسم و شاعیرەکانی / سلیمان قاسمیانی 40
- لە گەل هونەرمەند: میهران تورابی 48
- شیعر و کومونیزم و ئەرکێکی چینایەتیمان / بژار 52
- حسین مەیگۆڕێ، فەرهادی چیابەزێنی سەدەی بیست و یەك / نووسینی سەردار عبداللە 54
- گوڵێك لە بیابانی ئەفریقادا / نوری کەریم 57


ژمارەی حیسابی پۆست جیرۆ:
**1641549-9**

**Hana**
**Box 6040**
**424 06 Angered**
**Sweden**

**Web**: www.hana.se
**E-mail**: info@hana.se
Tel: + (0)70- 444 15 78

ISSN 1401-1336

**هانا** گۆڤارێکی وەرزی ئەدەبی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە و لە ڕوانگەیەکی کریکاری و سۆسیالیستییەوە دەڕوانێتە جیهان. **هانا** لە هەڵبژاردنی ئەو نووسراوانەی دەگاتە دەستی، ئازادە. **هانا** بۆی هەیە لەو نووسراوانەی بە دەستی دەگەن کورتەیەکیان لێ بڵاو بکاتەوە مەگەر ئەوەی کە نووسەر خۆی ڕێگەی نەدابێ. **هانا** هیچ نووسراوەیەك بۆ خاوەنەکەی نانێرێتەوە. هەر نووسەرێك خۆی بەرپرسی نووسراوەکەیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو نووسراوانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.

خوێنەری بەرێز!

ئێستا کە ژمارەی 19-18 ی هانا دەخوێننەوە ساڵێك لە دەرچوونی ژمارەی پێشوو تێپەڕیوە. ئەم دواکەوتنە یەك ساڵەییە بەر لە هەموو شتێك بەهۆی ئیمکاناتی ماددییەوە بووە. بەداخەوە ئەم موشکیلەیە وا بە ئاسانی چارەسەر ناکرێ و وا وێدەچێ کە دەبێ هەر لە گەڵی بسازێین مەگەر ئەوەی لە ئاسمانەوە پارە بباریێ!

بەهەر حاڵ هانا جارێکیتر میوانتانەوە و لە دەرگای هۆش و هەستتان دەدا. دەرچوونی ئەم ژمارەیەی هانا لە هەلومەرجێکی تایبەتی سیاسی دایە. دیکتاتۆرێکی بێبەزەیی و بێرەحم رووخا و بە ملیۆن ئینسان هەناسەیەکی راحەتیان هەڵکێشا. بەلام بەداخەوە ئاسۆی ئازادی و مرۆڤایەتی بە گشتی لە جیهاندا، بە دوای لەناوچوونی سەدامدا نەك گەشتر نەبووە بەڵکوو بگرە تاریکتریش بووە. سەدام جەللادێکی مێژوو بوو کە لە کێشەی ناوخویی لە گەڵ ملهوری براگەورەیدا گلۆڵەی کەوتە لێژی. ئەو رۆیشت بەڵام سەرکەوتنی "بووش" لەم مەیدانەدا، بەڵێنیدەری سەردەمێکی تاریکە لە دەسەڵاتی ملهوڕانە و زۆروێژانەی ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا. ئەو تاریکەسەلاتە سیاسییەی کە ئەمریکا بە شوێنیەوە، لە گەڵ خۆیدا کۆنەپەرستی دەبووژێنێتەوە لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا، لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەرەوە بگرە تا فەلسەفە، یاسا، و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان.

لە بەرانبەر ئەم هێرشەی هێزی تاریکیدا، تەنیا یەك ریگا هەیە ئەویش راوەستان و چوونە سەنگەرە لە دژی تاریکەسەلاتی کۆنەپەرستیی و کاپیتالیستیی سەردەم. هانا لە بەرەی بەرەنگاری سۆسیالیستی و ئینسانیدا دەمێنیتەوەو مەیدان بۆ کۆنەپەرستی چۆڵ ناکا. ئێمە هیواداریین کە لەمەودوا هانا بە شێوەیەکی رێك و پێکتر و لە سەروەختی خۆیدا بێتە دەر و بەش بە حاڵی خۆی پارێزەر و پەنای تیشکی رووناکی بێ.

بە هۆی سالرۆژی مەرگی "فاتیمە شەهیندال" زۆربەی لاپەرەکانی ئەم ژمارەیەی هانا تەرخان کراوە بۆ مەسەلەی قەتلی ناموسی. بەشی یەکەمی فیلمێك کە چەن سال لەمەو پێش لە تەلەفیزیۆنی سویددا بلاو بووەوە لێرەدا پێشکەشتان دەکرێ. هەوڵ دەدەین کە لە ژمارەی داهاتوودا بەشی دووهەمی فیلمەکەش وەربگێرینەوە سەر کوردی و پێشکەشتان بکەین.

هەر وەك لە ژمارەی پێشوو، لەم ژمارەش دا درێژەمان داوە بە باسی زمان و شیعر و ناسیونالیسم و شاعیرەکانی. لەم ژمارەدا نۆرە هاتووەتە سەر "شیخ رەزا تالەبانی".

سەرنجی هەموو بەرێزان رادەکێشین بۆ ئەوەی کە ئادرەسی ماڵپەڕ و ئیمەیلی هانا گۆڕاوە. ئادرەسە نوێیەکە لەم ژمارەیەدا لە لاپەرەی 3 و لە دوا لاپەرەی هانا دا هاتووە. هەموو ژمارەکانی هانا ئێستا لە سەر ماڵپەری هانا دا هەن. هەوڵ دەدەین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ماڵپەری هانا بکەین بە مەیدانێك بۆ باس و بیروڕا گۆڕینەوەی رۆژانە.

لە کۆتاییدا جارێکیتر بانگەوازی هەموو یارانی هانا دەکەین کە لەو ئەرکانەی هانا بە ئەستۆیەوە گرتوون، بە هەر شێوەیەك کە دەتوانن یارمەتیمان بدەن و هاوکاریمان بکەن. دەستی هاوریێی و هاوکاریتان بە گەرمی دەگوشین.

سەرنووسەر

# شایی لە ژێر سێبەری مەرگدا!

سلیمان قاسمیانی

داگیرکردنی عیراق لە لایەن هێزەکانی ئەمریکی و بەریتانیەوە کوتایی بە یەکێک لە فاشیسترین و خوێنرێژترین دەسەلاتەکانی دنیا واتە "سەدام حوسێن" هینا. جەللادێك کە لە هیچ ئاکارێك بۆ سەرکوتکردنی خەلك سلی نەدەکردەوە لەناکاو وەکوو مالێکی لە پووش سازکراو بە بایەك ڕمی هێنا و قوربانییەکانی ئاهێکیان هاتەوە بەر. پرسیار تەنیا ئەوە بوو کە ئەو هەناسە ئازادە چەندە دەخایەنێ بەر لەوەی بۆ جاری چەندەهەم لە گەروودا بخنکێنرێتەوە.

موشکیلەکە لەوەدایە کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق نە بۆ پاراستنی دیموکراسی و نە بۆ بەرگری لە مافە بنەڕەتییە ئینسانییەکان بوو. بەزمی ئامریکا لە گەل سەدام تەنانەت لە سەر مەترسی چەکی کیمیاوی و ئەتۆمی نەبوو. ئەم شەڕە لە بناخەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە عیراق و سەدامەوە نەبوو. دیکتاتۆر ئەگەر نە هارتر لە سەدام، لانی کەم وەك ئەو، چەن سەد کیلۆمەترێك واوەتر، لە عەرەبستانی سعودی، فەرشی ژێرپێی هێزەکانی ئەمریکی خۆی بوو. ژنانی کوێت ئیستاش کە ئیستایە بە دوای ماف دەنگدان خەریکن لە ژێر عەبای ئیسلامی و پۆستالی ئەمریکیدا گیاندەدەن. ئەمریکای لاتین تا دەیان سالیتریش وەیلانە بە شوێن ڕۆڵە بێ سەروشوێن بووەکانی لە ژێر تیغی مەرگهێنەری ژنراله نۆکەرەکانی "سی.ئای.ئەی"دا. ئیسرائیل سالەهایە خەریکی کوشت وبری پیر ومنالی فەلەستینی و ژێرپێنانی پەیتاپەیتای بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ژەنەرالەکانی پاکستان چەکی ئەتومیان لە دەست دایە و هەرەشەی شەریکی نابووتکەرانە لە گەل هیند مەترسیەکی ڕاستەقینەیە، بەلام هیچ کام لەمانە نەبوو بە هۆی ڕاپسکانی ئەمریکا بۆ پارێزگاری لە "دیموکراسی" یان "مافی ئینسانی" بەشمەینەتانی ولاتانی ناوبراو. هۆیەکەشی زۆر بە سادەیی ئەوەیە کە ئەمریکا خۆی لە هەموو ئەو مەیدانە جیهانیانەدا لە بەرەی سەرکوتکەرەکان و جەللادەکان دایە و زۆر جاریش لە خولقێنەرانی ئەو کارەساتانە بووە.

سەدام بیانوویەکی خوادادە بوو بۆ ئەمریکا لە کێشەی ئاغایەتی بە سەر دنیادا. کێشەی سەرەکی لە ڕاستیدا خۆی لە مەیدانی ئابووریدا پیشان دەدا. بە دوای ڕووخانی بلووکی سوڤیەت، لەم مەیدانەدا بەربەرەکانییەکی توند لە نێوان ولاتانی کاپیتالیستی دنیادا کەوتە ئاراوە کە تیایدا ئەمریکا ڕۆژ لە گەلّ ڕۆژ مەیدانی لێ بچووك و بچووکتر دەبووەوە و لە بەرانبەر ئالمان، ولاتانی یەکگرتووی ئەورووپا و چین و یابان گلۆلەی کەوتبووە لێژی. ڕووخانی سوڤیەت ڕێگەی بۆ خوپیشاندانی ئەم ناکۆکی و بەربەرەکانییە لە ناو بەرەی تا دوێنێ یەکگرتووی ئەمپریالیستی ئاوالە کرد. دابەش کردنی دووبارەی بازارەکانی جیهان ئێستا ئیتر ئارەزۆ و خواستی زۆرێك لە ولاتانی ئیمپریالیستی بوو کە بەر لەمە لە ژێر ئالای سەرۆکایەتی ئەمریکا کۆببوونەوە و ڕازی بەو بەشە بوون. شەری کەنداو، یەکەم هەولّی سیاسی و



چەکداری ئەمریکابوو بۆ داسەپاندنی خۆی وەکوو تاکە زلهێز و دەسەلاتی دوای سوڤیەت و سەرپێدانەواندن بە حەریفە ئابووریەکانی خۆی.

بەلام ئەم کێبەرکێ ئابووری و سیاسییە بەو جۆرەی ئەمریکا دەیویست یەکلا نەدەبووەوە ! ملهوری و تاکسواری ئەمریکا بە ئاکامی دلّخواز و

چاوەڕوانکراوی ئابووری نەگەییشت. ڕەقیبەکانی ئەمریکا وا بە ئاسانی حازر نەبوون چاو لە بازارەکانی جیهان بپۆشن و داوای بەش نەکەن!

## پاکانەی کێشەی بازار و دەسەڵات

تێرۆری 11 سێپتەمبەری 2001 لە ئەمریکا، کەوتە فریای ئیمپریالیسمی لە تەنگانەکەوتووی ئەمریکی! ئەمجارەیان لە ژێر نازناوی لە ڕیشەدەرهێنانی تێروریزمی نێونەتەوەی، پاراستنی حورمەت و کەرامەتی نەتەوەیی ئەمریکا و "مرۆڤایەتی" و تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنێکی خوێنخۆر، ئالای شەر هەڵکرایەوە و هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورت بەلام زوربەی ولاتانی ئیمپریالیستی ڕەقیبیشی کیشایە بەرەی خۆی، یان بێدەنگی کردن. ڕووخانی حکومەتی دژێوی "تالیبان" خاڵی کۆتایی ئەو "هاودەنگی" یا لانی کەم "بێدەنگی"یەش بوو. کیشە ئابووری و سیاسییەکان هەر وا لە ئارادابوون و ئەمریکا مەجبوور بوو بۆ بەرژەوەندییە ناوبراوەکانی هەنگاوی پتەوتر هەڵبهێنێ. کوێخایەتی دنیا هەرگیز بە خۆرایی نەکەوتووەتە دەست ولاتێك و هەمیشە خوێن و پەژارە و تێداچوونی بە دەیان هەزار مرۆڤی بە دواوە بووە. عیراق لەم کێشەیەدا، تەنیا مەیدانێك بوو بۆ ڕمبازێنێکی گەورەتر لە نێوان زلهێزەکانی ئابووری دنیادا. سەدام کە هاوپەیمان و دۆستی فیداکاری تا دوێنێی ولاتانی ڕۆژئاوا بوو، ئەمڕۆ شانازی ئەوەی پێدرابوو کە ببێتە گلادیاتۆری بارەگای شەر و خەلکی بێدیفاعی عیراقیش گۆشتی کاڵی بەردەم وەحشەکانی نەزمی نوێی جیهانی.

ڕووخانی سەدام ئاوات و خەون و خەیالی بە ملیۆنان مرۆڤ لە عیراق و لە دنیادا بوو. ئەوەی بە کەمتر لە ڕووخانی سەدام و حیزبەکە و ڕژیمەکەی ڕازی بوو، هیچ کات نە دۆستی مرۆڤایەتی بووە و نە ئازادیخواز. شەری سەدام و ئەمریکا، شەری دوو دوژمن، شەڕێك لە نێو خوێنخۆرانی بەرەی تاریکی دابوو. تێکبەربوونی جەللادەکان لە نێوخۆیاندا تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ بە قازانجی چەوساوەکانی ئازادیخواز و ژێردەستە بێ کە ئەمان لە ناوەرۆکی کێشەکە گەیشتبن و نەبنە پردی پەڕینەوەی هیچ کام لە دوژمنەکان بەرەو ئامانجیان. ئەوەی ئامریکا دەیویست داسەپاندنی دەسەلاتی خۆی وەکوو سەرۆك بە سەر بازارەکانی جیهان و مەیدانی سیاسەت و زۆر بوو. ئاکامی ئەم سیاسەتە نە ئازادی و بەرابەری و خێر و خۆشی بۆ خەلکانی جیهان، بەلکوو بە پێچەوانە زاڵکردنی قەومییەت و ڕەگەزپەرستی و کونەپەرستی ئایینی و سیاسی بە گشتییە.

ڕووخانی دیکتاتۆری بەعس، شادیهێنەر و فێنککەرەوەی دڵە، چونکە بە سەدان هەزار ئینسان لە ژێر سێبەری شوومی دەسەلاتیدا گوڵی ژیانیان وەری و بە ملیون ئینسان جەرگیان برا. داخەکە لەوەدایە کە هێزی سەرکەتوو لەو مەیدانەدا نەك خەلك و دەسەلاتی خەلك، بەلکوو دەسەلاتی ئەمریکییە کە ئاسۆی ڕۆژگاریکی گەلیك تاریکتر (ئەگەر نە لە هەنگاوی یەکەمدا بو خەلکی عیراق) بەلکوو بۆ گشت مرۆڤایەتی لە هەمبانەکەی دایە.

## کوردایەتی و مێژووی پا شکاو!

جوولانەوەی ناسیونالیستی کورد وەك هەمیشە بۆ جاری هەزار و یەکەم پیشانی دایەوە کە هاودەنگ و هاوئاهەنگی بەرەی نێونەتەوەیی کونەپەرستییەوە و هەموو هەلسوکەوتێکی لە پەیوەندی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بە بەشداربوون لە دەسەلاتدایە بە هەر قیمەتێك. حیکایەتی ناسیونالیزمی کورد ئەوەندە دووپات بووەتەوە کە لە شریتێکی سوواو دەچێ. خالی هەمیشەیی لەم چەند پات بوونەوەدا ملکەچکردنی هێزەکانی ناسیونالیست بۆ دەسەلاتی حاکم لە ناوەوە و دەرەوەی جوغرافیای کوردستانە. خومەینی، سەددام، نەوەکانی سیاسی ئاتاتورك، حافز ئەسەد، حەمەرەزا شای ئیران، قەزافی، ستالین و خرۆشچف، نیکسون، بووشی باوك و بووشی کور، هیچ کامیان لە ماچی گەرم و نەرمی سەرۆکە ورد و گەورەکانی ناسیونالیستی کورد بێبەش نەبوون! سەرەکیترین نرخ و بەها بۆ ئەم جوولانەوەیە دەسەلاتە، جا ئەم دەسەلاتە لە هەر لایەك را بباریٚ و هەر چۆنێك بە دەست بێت هەر ڕەحمەتە و باوەشی بۆ ئاوالە دەکرێ. هەر لەم ڕوانگەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد بێ زەررەیەك شەرم و شکۆ، ڕۆژێك دەست لەملانی سەدام دەبوو و ملْچەی ماچیان تا ئەوسەری دنیا دەڕۆیشت و ڕۆژیکتر دەبوو بە مەرگەساتیان.

هاوپەیمانی بەرەی ناسیونالیستی کورد لە گەل ئەمریکا لە شەری مانگی مارسی ئەمسالدا شتێکی چاوەروانکراو و ئاسایی بوو. ئەم بەرە، چارەکە سەدەیەك لەومەوپێشیش بە دڵێکی تەواو ئاواڵەوە خۆی هاویشتبووە باوەشی “مامۆ سام” و خەونەخۆشەکانی دەسەلاتی ژێر حیمایەی ئەمریکای تاقی کردبووەوە. بەلام خانەی بیری ناسیونالیسم بە تایبەتی و بورژوازی بە گشتی دیوارەکانی زور کورتن و سۆمای چاوی بێ هێزە و هەنگاویك دوورتر لە لووتی نابێنێ!

هیچ دەنگیك لە ناو ئەم بەرەیەدا نەبوو کە لە هاوپەیمانی لە گەڵ دەسەلاتی خوێنرێژ و کاولکەری ئەمپریالیستی ئەمریکی بێزی بێتەوەو شەرم لە لەژێرپێنانی بەها گشتی و ئینسانی و نێونەتەوەییەکان بکا.

حیزبە دەسەلاتدارە ناسیونالیستەکانی کورد کە بۆ تۆزقالێك هاوبەشی لە دەسەلاتی بەعسیدا حازر بە ماچ کردنی لاقی سەدامیش بوون، بۆیان نیە دەم لە ئازادیخوازی و دیموکراتیەت بدەن. جوولانەوەی ناسیونالیستی هەر وەك باسی کرا، خۆی خستە داوێنی هێزەکانی ئەمریکاوە و خەلکیان کردە دەستەچیلەی خەونی تاریکی ئەمریکا بۆ داهاتووی دنیا.

بە بروای من ناسیونالیستەکان بۆ لۆمە لێکردن نابن! ئەوان ئەوەیان کرد کە لە زات و لە توانایاندایە. ناسیۆنالیسمی ئیمپریالیزمی ئەمریکیش هەر وەکوو ناسیونالیسمی کوردی لە بەرژەوەندی “نەتەوە”ی خۆیەوە دەروانێتە دنیا نەك لە بەرژەوەندی مروڤایەتی بە گشتی. هەر بۆیەش ناسیونالیسم لەوە سل ناکاتەوە کە گیان و ماڵ و حالی خەلکی سەر بە “نەتەوە”ی‌تر نابووت بێت بەو شەرتەی کە “نەتەوەی” خۆیی زەرەدی پێنەگات! جا ئەگەر “نەتەوەی” خۆیی لە ماڵوێرانی و چارەرەشی “خەلکانیتر” شتێکیشی دەستبکەوێ، ئەوە ئیتر دەبێتە نوور عەلانوور! ناسیونالیسمی هیچ ولاتیك چارەی ناسیونالیسمی ولاتێکیتری ناوێ، چونکە هەر یەکە لە هەولێ دەستداگرتن بە سەر بەشێکی زیاتر لە سفرەی دەسەلات و بازاردان. ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی ئیمپریالیستی ئەمریکی و ناسیۆنالیزمی بەرماوخۆری کوردی بە یەکەوە گریدەدا هاوبەشی لە بیروبروا و ئاسۆدایە. دوو جەللاد هەمیشە دەتوانن بە لای یەکەوە دابنیشن و لە گەڵ یەك خۆش بن چونکە بە لای هیچ کامیانەوە سەرپانکردنەوەو پێشێلکردنی حورمەتی ئینسان، تالان و برۆ و داسەپاندنی ژیانی کولەمەرگی بە سەر نیوەی کومەلگادا، جەرگبر و دڵ هەڵشێوێنەر نیە و بە ناوی قەزا و قەدەر و چارەنووس پاکانەی بۆ دەکرێ.

کوردی گوتەنی، لە شەردا شیرینی نابەشنەوە. دیارە خەلك دەکوژرێ و ماڵ ویران دەبن و زۆر جار خەلك مەجبوورە بە زۆری چەك، بە شەری شورشگیرانە، چۆك بە دەسەلاتی حاکم دابدەن, گرینگ لیرەدا ئامانجی شەرە. ئامانجی ئامریکا داسەپاندنی دەسەلاتی تاك و ملهورانەی خۆیەتی بە سەر دنیادایە بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی هەرچی زیاتر لە بازارەکانی جیهاندا. سەرکەوتنی ئەمریکا لەم مەیدانەدا بە مانای پاشەکشەکردنە بەو تەواوی ئەو دەسکەوتە دیموکراتی و ئینسانی و کومەلایەتی و کولتورییانەی کە مروڤایەتی تا بەئەمرۆ بە خەباتی بێوچان و بە خوێن و قوربانی بە دەستی هێناوە. سەرکەوتنی ئەمریکا رێگا خۆش دەکا بۆ پێشرەوی بەرەی کۆنەپەرستی لە ئاستی جیهانیدا. رووخاندنی رژێمی فاشیستی عێراق لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکی، سەرەرای خواستی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەکرێ بە دەرس، بە نموونە بۆ هەر دەسەلاتێك کە لەمەودوا لە گەڵ خواست و ئارەزۆی ئەمریکا نەیەتەوە.

ئەوبۆچوونەی کە ئەوە نەبینێ و دلی خۆش بکا کە بەلکوو ئەمریکا ریگا خۆش بکا بۆ حکومەتیکی دیموکراتیك و ئازادیپارێز لە عیراق و لە کوردستاندا، مایە بە فیرۆ دەچێ! ئەمریکا بە شاهیدی میژوو، لایەنگیری درندەترین و هارترین دیکتاتورییە فاشیستییەکانی جیهان (کە سەدامیش یەکیکان بوو) بووە. دەریای

**خەونی ئەمریکا بۆ عیراق لەوەی کە ئەمرۆ لە ئەفغانستان دەیبینین ناتوانآ باشتر بێت. ئەمرۆ دەسەلاتی سیاسی لە ئەفغانستان دەسەلاتێکی بە ئاشکرا عەشیرەیيە کە بۆ دەرمانی چاویش بۆنی شارستانیەت و مەدەنیەتی لیّوە نایەوە.**

خوێنێك كە لە ساڵەكانی 1960 بە دواوە لە وڵاتانی ئەمریكای لاتین كەف دەچەرێنێ، لە ژێر سایەی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمی ئەمریكادا خولقا. قات وقری لە ئافریقا و زەوییە كیمیابارانكراوەكانی ئاسیا بەر لە هەموو كەس دەبێ یەخەی ئەمریكا بە كومپانیا ناونەتەوەییەكان و ژنراڵە خوێنخۆرەكانییەوە بگرن. یەكەمین پشت و پەنای ئیسلام و تیروریسمی ئیسلامی (و هەروەها تیروریسمی مەسیحی و یەهوودی) لە جەنگی دووهەمی جیهانی بەدواوە هەر ئامریكا خۆی بووە. تالیبان و القاعدە هەر دوویان داردەستی ئەمریكا خۆی لە دژی دەسەلاتی سۆڤیەت بوون.

خەونی ئەمریكا بۆ عیراق لەوەی كە ئەمڕۆ لە ئەفغانستان دەیبینین ناتوانێ باشتر بێت. ئەمڕۆ دەسەلاتی سیاسی لە ئەفغانستان دەسەلاتێكی بە ئاشكرا عەشیرەییە كە بۆ دەرمانی چاویش بۆنی شارنشینی و مەدەنیەتی لێوە نایەوە. دەسەلاتیكی مافیا—عەشیرەیی كە تیایدا هەموو شتێك لە ئینسان و بە تایبەت لە ئینسانی ژن، بەنرختره. خەونی ئامریكا بۆ عیراق هەرگیز لەوەی بۆ ئەفغانستانی بینی، شیرینتر نابێ. هەر لە ئیستاوە عیراق بە سەر سوونی و شیعە و مەسیحی، كورد و عەرەب و ئاسۆری و كلدانی .... عەشیرەتی شیمال و جنووب و تیرە و تایفە دابەش كراوە و جیگای تایبەتی بۆ هەركام لەم تاقمانە لە دەسەلاتی داهاتووی دلخوازی ئامریكا دیاریكراوە. ئیتر لیرەدا لە عیراق و كوردستاندا، مروڤەكان نەك وەك مروڤی تاك و سەربەخۆ بە ئازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی خۆیانەوە، بەلكوو وەكوو ئەندامانی (دەرەجە دووی) ئایینێك، نەتەوەیەك، قەومێك، عەشیرە و تایفەیەك حیسابیان لە سەر دەكرێ و نوینەریان بۆ دیاری دەكرێ.

دیموكراسی ئەمریكی لە عیراق هەرگیز لە دیموكراسی هاوپەیمانە "كوردە"كانی فراوانتر نابێت! ئەوەی كە بیهەوێ لە نزیكەوە هەست بە دیموكراسی ئەمریكی بكات دەتوانێ بچێتە هەولێر و لە دەرگای "پەرلەمانی كوردی" بدا كە نەمر و لە گۆڕان نەهاتووە! یان دەتوانێ بچێتە سلێمانێ و هەواڵی شۆڕاكان، حیزب و بارەگا سیاسی و كومەلایەتی و فەرهەنگییە رادیكالەكان بپرسێ كە بە زەبری چەكی شەریف و "دیموكراتی كوردی" دەرگایان پێداخرا!

دیارە كە ئاسۆی تاریكی ئەمریكا بۆ دنیا شتیكی حەتمی و نەگۆڕ نییە. قەرار نیە هەموو شتیك رێك بە هەوای پیلانەكانی ئەمریكا بۆ داهاتووی عیراق و دنیا بڕواتە پێش. ئەم پیلانە تەنیا ئەو كاتە سەركەوتنی قەتعی بە دەست دینیت كە جوولانەوەی كریكاری جیهانی و بەرەی مروڤایەتی بە گشتی هیچ دەنگی لێوە نەیەت و بازاری جیهانیش بێجگە لە سەرمایەی ئەمریكی داواكاریكی تری نەبیت. هاتنە مەیدانی بە ملیۆنان كریكار و مرۆڤی دژ بە ملهوری و زور و سەركوت لە بەرانبەر پیلانەكانی ئەمریكا بۆ شەرفرۆشی و ئاغایەتیكردن بە سەردنیادا، نیشانیدا كە ئیستاش دواقسە لەم مەیدانەدا نەگوتراوە و جوولانەوەی جیهانی كریكای و دژی كاپیتالیستی دەتوانێ ئاسویەكی رووناك و داهاتوویەكیتر بۆ مرۆڤایەتی دابین بكا.

ஐ

## پاشماوەی: ژنە مردووەكە....

لە كۆمەڵگای كوردیدا كچان و ژنان لەگەڵ هەڕەشەی مەرگدا گەورە دەبن و دەست و پەنجە نەرمدەكەن. ئەوان دەزانن كە بڕیاری مەرگ دەمێكە بەسەریاندا دراوە. ئەوان ئەو مردووە بەسەر زیندووانەن كە ڕۆژانە بەبەرچاوماندا دەگەڕێن. ڕۆژی كوشتنیان, كۆتایی مەرگیان نییە, بەڵكو كۆتایی گەڕانی مردوویەكە كە چیدی توانای گەڕانی نامێنێت. فاتمە ئەو ڕۆژە نەكوژرا باوكی فیشەكەكانی نا بەسەریەوە, فاتمە دەمێكە كوژراوە و بە مردوویی بەبەرچاوماندا دەگەڕێ. ئەو لە ڕۆژی پێوەنانی فیشەكەكاندا ئیتر وەك مردوویەك دووا نمایشەكانی گەڕانی ئەم مردووە زیندوەی پێ ڕاگەیاندین.

من لەم نووسینەدا كەمتر خۆم لەقەرەی ڕۆڵی ئایین دا لە كاریگەرییەكانی بۆ بەرهەمهێنانەوەی چەمكی شەرەفدا. ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییە سادەیەی كە بەستنەوەی شەرەف خێزان و خێل بە سێكسوالیتێتی ژنانەوە مێژوویەكی درێژتری لە مێژووی ئاینەكان هەیە. دەسەڵاتی باووكسالاری ناو ئایین كە بێ پەردە قسەی خۆی كردووە لە پەیوەند بە ئافرەتاندا, بە پیرۆزی دەقە ئاسمانییەكان, ئەم نمایشەی شەرەف لە خەرمانەیەكی پیرۆزەوە دەئاڵێنێت.

ஐ

# ئەحمەد شەماڵ...
# ناونیشانی تراژیدیایەك

**لە یادی ئەو مرۆڤانەی کە بە سادەیی دێنە ژیان و هەر بە سادەیی خۆشیان ماڵئاوایی لێ دەکەن.**



**نووسینی: سەردار عبدالله سەردار**

گەر ئاوڕێك لەو مێژووە نووسراوەی کە تاکو ئیستا لە سەر کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەستدایە بدەینەوە، بە گشتی،دەبینین کە خانەدانەکان، سەرۆك هۆزەکان و پیاوە ئاینیەکان زیادترین لاپەڕە تۆمارکراوەکانی ئەو مێژووە پێك دەهێنێن. ڕۆڵی هێزی بزوێنەری مێژوو کە جەماوەری بەرفراوان و مرۆڤە سادەکانە بابەتی لاوەکی و لە بیرکراوەی ئەو مێژووەیە. هەروەها حیساب نەکردن لە سەر زۆرینەی خەڵکی لای زۆرێك لە مێژوو نووسانی پێشوو، بە گشتی دەلاقەیەك لە گومان و دوودڵی بە ڕووی ئەو جۆرە لە نووسسینی مێژوودا دەکاتەوە. ئەم شێوەی نووسینی مێژووە پێشینەیەکی جیهانی هەیەو بۆ زۆرێك لەوانەی کە سەریان خوراوە لە نووسینی مێژووی گۆمەڵگەی کوردیش بە میراتی ماوەتەوە.

بۆنموونە: کە باس دێتە سەر مێژووی هەرەمە بالاَ بەرزەکانی میسر تەنها بیرمان ئاراستەی توانایی و هێزی لە بن نەهاتووی پاشاکانی فیرعۆنەکان دەکرێت و باسێك لە گیانبازی و قوربانیەکانی ئەو هەزاران کۆیلەیە ناکرێت بە درێژایی دەیان ساڵ لە کارکردن بە نان و پیاز ئەو هەرەمە گەورانەیان کردە دیاریەکی سەرسوڕهێنەر و سیمبولی توانایی و خەلاقیەتی مرۆڤ.

هەڵبەت، لێرەدا بابەتەکەمان لە سەر مێژوو نیە، کە چۆن نووسراوە یان دبێت چۆن بنووسرێتەوە و یاخود چۆن کەمی هێناوە لە تۆمارکردنی ڕۆڵ و نەخشی مرۆڤە سادەکان.

گەر ئاوڕێك لە بارودۆخی هونەرمەندانی کورد لە بیست ساڵی کۆتایی سەدەی بیست بدەینەوە، بە ئاشکرا دەبینین کە ئەو هونەرمەندانە سەختترین ونالەبارترین دەورەیان تێپەڕاندووە. ئیستیبدادی سیاسی، سانسۆر، فراهەم نەبوونی ئیمکاناتی هونەری و ماڵی بووە هۆی لە ناوچوون و سەرهەڵنەدانی زۆرێك لە توانایی و کاری هونەری بەرز.

لە لایەکی ترەوە، هەندێك هۆکاری کۆمەلاَیەتی تر هەمان ڕۆڵی نێگەتیڤی لە بەرەو پێش چوونی ڕەوتی هونەر لە کوردستاندا هەبووە. بە سووك و کەم سەیرکردنی هونەرمەندان بە تایبەتی هونەرمەندانی میللی دیاردەیەکی بەرچاو بوون. وشەی (لۆتی) جگە لە تێنەگشتن لە واتاکەی، تاکو ئیستاش دریخی لە بەکارهینانی ناکرێت لە بەرامبەر گۆرانیبیژانی میللیدا.

هونەرمەندانی کورد، ئەوانەی کە فرسەتی ئەوەیان دەستکەوت بەرهەمەکانیان تۆمار بکەن هەوڵێکی زۆر و ململانێیەکی درێژخایانی لەگەڵ بارودۆخی نالەباری ئەوسادا ویست. هونەرمەندانی کورد، ئەوانەی کە ڕێیان کەوتبێتە تەلیڤیزوێنی کەرکوك بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان، کەمیان هەیە سەرگوزشتیەکی لە تەك سانسۆری بێ ڕەحمانەی کاربەدەستانی ئەو دەسگایەدا نەبوو بێت.

زۆرێك لە هونەرمەندان، بەهۆی جێگە و ڕێگەی چینایەتی و دەستکورتی،

توانا هونەرییەکانیان فەوتا یان بە شێوەیەکی سادده و کاڵ وکرچ تۆمارکران. هەروەها هونەرەکەیان بووە هونەری سەرزارەکی و دەماودەمی نێو خەڵکی و لاپەرٍەکانی مێژووش نا ئامادەیی خۆی بۆ تۆمارکردنی ناو و

بەرهەمەکانی ئەو سەربازە وونانە ڕاگەیاند.

گەر هەڵدان بە باڵای کیژی شۆخ و شەنگ و نازدار، سیما و پێناسی بە شێکی زۆری گۆرانی کوردی بێت! ئەوا دەکرێت لە نێو ئەو دەنگانەشدا دەنگێك بدۆزینەوە کە سکی برسی، ڕۆژانی سەختی کار و نابەرابەریەکانی ژیان ئاوێزانی بوو بێت.

هەرچەند بەداخەوە، *جۆن لینۆنی ئەمریکی لە نێو هونەرمەندانی کوردا قاتیە، کە وشیارانە نابەرابەریە کۆمەڵایەتیەکان لە قاڵبێکی ئیستاتیکی بەرزدا بەرجەستە بکاتەوە. بەڵام وەك ئاشکرایە زۆر هونەر هەبوون کە غەیرە ڕسمی و تۆمارنەکراوبوون، یاخود تەنیا لە چوارچێوەی ناوچەیدا بوون و مەودای بڵاوبوونەوەیان بەرتەسك بووە.

نموونەی ئەم باسەش، هونەرمەندی میللی ئەحمەد شەماڵە واتە ئەحەی خولە سنەیە.بەڵی، لێرەدا، هونەرمەندی هەژار و خۆشەویستی مرۆڤە سادەکانی وەك خۆی وە بیر ئێوە دەهێنینەوە.

ئەحمەد شەماڵ، وەك خۆی دەڵێت:

"کار نەما نەیکەم لە حەماڵی، کریکاری و توونچێتی و هەتا شوانی و سەپانی". ئەم خەمەی ژیان و گیرفانی بەتاڵ تەوەری بنچینەیی گۆرانیەکانی شەماڵ پێکدەهێنێت. هەر لەبەر ئەمە ئاساییە لای حەماڵەکان و باسە شرۆلەکانی نێو هێڵەکانی هاتووچۆی نێو شار و هەموو ئەو ئینسانانەی کە هەمان جێگە و ڕێگەی چینایەتی بە باڵایاندا بڕاوە گوێگری بە دڵ و داوێنی گۆرانیەکانی بن.

شەماڵ، هەمیشە خۆی بە تەنیا و بێ هانا دەبینێت، بەشخوراوی خۆی وەك مرۆڤێکی کرێکار و زەحمەتکێش کە هیچ جێگە و ڕێگەیەکی بۆ بە قایل نابینن، لە دڵێکی گەرمەوە بە سادەیی بەیان دەکات. بە مەش ئاساییە کە ڕەشبینی و ئاخهەڵکێشان باڵی بەسەردا کێشبکات و بە ناچاری بە خۆی و سکاڵانامە دوور و درێژەکەیەوە مەستانە بەرەو قاپی یەزدان بکەوێتە ڕێ.

شەماڵ، بە دەنگ و لاواندنەوەکانی دەیویست دەستێك، هانایەك وە چنگ بخات، تا گیانی ماندووی شەماڵی پیرەمێردی بە دووکەڵ قانگدراو لە توونی حەمامی سوورەتی سلێمانی بکێشێتە دەرێ و ژیاتێکی ئینسانی پێ ببەخشێت. بەڵام، ئەمانە، هەموو دەبنە خەونێك و لەگەڵ بێدار بوون هەڵدەوەرێن.

وەك ووتمان: "گوێگرە ڕاستەقینەکانی شەماڵ کەسانی سادەی لە چەشنی خۆی بوون". ئەو کەسانەش، تەنها گوێگرێکی دەستکورت و دەستنەڕۆشتوو بوون، خەمەکانی دڵی خۆیان بە دەنگی شەماڵ دەژنەوتەوە و بە هەمان چەشنی شەماڵ (ئاخ) لە نێو بەرەکانی دڵیانەوە دەهاتە دەرێ، ئەوانیش وەك شەماڵ نەبوونی و ڕەنجەڕۆیی، پەنای پێ بردبوونە بەرگۆشەی مەیخانە و قاپی ئارەقی فەلی خۆماڵی هەرزان بەها، هەر بۆیە گریانی دوای مەست بوون خالێکی هاوبەشی هەموو ئارەقخۆرەکانی شار بوو لە بری قاقای پێکەنینی سەرخۆشەکانی نێو بارە ڕازاوە و گران بەهاکان .

لای مەجلیس و شەوانی پارە دارەکانیش، شەماڵ تەنها ڕازێنەرەوەی شەوانی بادەنۆشی بوو، یارمەتی دەری بادەنۆشان بوو لە هەست نەکردن بە مووچرکەی ناخۆشی دوای هەڵدانی پێکە خەستەکان. لای ئەوان گرنگ نەبوو شەماڵ چی دەڵێت، گریانی شەماڵ ئەوانی دەهێنایە پێکەنین، بە پێچەوانەی شۆفێرە شرۆلەکانەوە کە لە شەماڵ تێدەگەیشتن و بە گۆرانیەکانی مەست دوبوون و وەك منداڵ دەگریان.

جێگە و ڕێگەی ڕوو لە خواری شەماڵ لە کۆمەڵدا، دەبێتە هۆی جێگە و ڕێگەی ڕوو لە خواریشی لە بزووتەوەی هونەریشدا. لە نێو دەیان تیپی هونەری پڕلە ئامێری مۆسیقیدا، بەشی شەماڵ تەنیا ئامێری سادەی تەپڵ دەبێت. کرنگی دان بەشەماڵ لای هەندێك هونەرمەندانی دەستڕۆشتوو بە




سووکایەتی بە هونەر دەزانرا! کە ئیستا دوای مەرگی شەماڵ دێنەوە و بە باڵایدا هەڵدەدەن و باس لە توانایی هونەری و هەلوێستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریشی لە گەڵدا بۆ زیاد دەکەن. کە

دیاره ئەوە نانیکە و لە شەماڵی دەخۆن.

ئەحمەد شەماڵ، ئەو زەحمەت کێشە بوو کە خواردنی وەک خۆی دەڵێت:" نان و دووکەڵ" بوو، شوێنی کاری، شوێنی ژیانی، شوێنی نووستنی، شوێنی ڕابواردن و کات بەسەربردنیشی تەنها حەمامە گشتیەکەی سوورەتی سلیمانی بوو.

ئەحمەد شەماڵ، ناوی تەواوی ئەحمەد مەحمود محەمەدە. ساڵی 1932 لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. کوڵکە خوێندەوارییەک لە ڕێگەی حوجرەوە فێر دەبێت. لە ساڵی 1942 دەچێتە قوتابخانە و فێری نووسین و خوێندەوە دەبێت، پاشی دوو ساڵ بە هۆی هەژارییەوە دەستبەرداری ئەو دنیایەش دەبێت.ساڵی 1943 شان بەشانی باوکی دەست دەداتە کرێکاری و دەبێتە نان پەیداکەری ماڵ و خێزان.

لە ساڵی 1950 دا ژنی هێناوە، خاوەنی سێ کوڕ وچوار کچە. ئەحمەد شەماڵ، لە منداڵیەوە خولیای گورانی وتن دەبێت، لاسایی زۆرێک لە گۆرانی بێژەکانی پێش خۆی دەکاتەوە و پاشان شێوازی هونەری میللی کۆن وەردەگرێت.

لە ڕێکەوتی 3ی مارسی1997 کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی لە سلێمانی بە خاک دوسپێردرێت.

بەڵێ، شەماڵ، بە سادەیی ژیا و بە سادەیی ماڵئاوایی کرد.کەسێک نەیتوانی مۆری کرێکاربوون و بێ بەشی لە نێو چەوانی کاڵ کاتەوە.

تۆ بڵێیت، ئێستا چەندین شەماڵی تر، چەندین توانای هونەری تر هەگبەی خەمەکانی شەماڵیان نەدابێت بە کۆڵدا و کوچە و کۆڵانە تەسکەکانی شار تەی نەکەن. تۆ بڵێیت، ئەم مێژووە هەروەک ئێستا لە ئاست توانایی و ڕۆڵی ئینسانە سادەکانی وەک شەماڵی توونچی چاوی خەواڵووی نەکاتەوە. تۆ بڵێیت، لە نێو ئەو شەماڵانەدا، شەماڵێک پەیدا نەبێت کە خەمی ژیان ڕەشبین و بێ هیوای نەکات. کەسێک، ڕواڵەتی سەختی کار و چەوساندنەوەی هاوچینەکانی بیکاتە (جۆن لینۆن) ێکی تر و گۆرانی بۆ یەکسانی و دنیایەکی باشتر بچڕێت. !

****

*جۆن لینۆن:گۆرانی بێژی شۆڕشگێری پاپی ئەمریکی، گۆرانیەکانی جەماوەرێکی زۆری لە نێو خەڵکانی زەحمەتکێش و بێڵانەکان دا هەبوو، بە هۆی ئەم لایەنگریەی لە یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ تیرۆرکرا.

سوپاس و پێزانین بۆ هاوڕێی شاعیر حەمەشوان شەریف لە پێشکەش کردنی زانیاریەکانی، سەبارەت بە ئەحمەد شەماڵ.

## سوپاس!!

زۆر سوپاس بۆ هونەرمەند ئاراس قەرەداغی بۆ ئەو کارانەی سەبارەت بە گۆڤاری هانا ئەنجامی‌دا لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان. وەکو زیادکردنی ژمارەکانی هانا لەسەر ئەرکی خۆی و گەیاندنی گوڤارەکە بە کەناڵە میدیاییەکان و نووسەران، هەروەها ئەنجامدانی چەند کاری پەیامنێری بۆ هانا. بەم جۆرە دەستەی نووسەرانی هانا ڕێز و پێزانینی خۆی سەبارەت بەم زەحمەت و هاوکارییەی ئاراس قەرەداغی دەردەبڕێت و هیواداریین هەر وا بەردەوام بێت لە مەیدانی خزمەت بە هونەر و ئەدەبیاتی پێشکەوتووخواز.

"دەستەی نووسەرانی هانا"

## پاشماوەی: بەسەرهاتێکی تاڵ ...

دوای ئەم باسە فاتیمە دەڵێ کە ئەو ئێستاش ئاسوودە نیەو زۆر جار شریتێك لە قسەکانی براکەی بۆ دەخەنە سەر تەلەفۆن کە لەودا هەرەشەی مەرگ و کوشتنی لێ دەکەن. فاتیمە لە سەر ئەو ڕووداوە پەنا دەباتە بەر دادگا و شکایەت دەکات کە بەردەوام لە ژێر هەرەشەی کوژران و وەحشەتی مەرگ دایە.

کامێرا ئەمجار دادگاکە پیشان دەدا. فاتیمە کە لە گەڵ چەند پۆلیس و وەکیلەکەیەتی لە دەرەوەی ساڵۆنی دادگادا لە گەل براکەی ڕووبەڕوو دەبێت. براکەی دەست دەکات بە هات و هاوار و جنێودان بە فاتیمە و هەرەشەی کوشتنی لیدەکات.

بە تاوانی هەرەشەی کوشتن، برای فاتیمە هەر ئەو ڕۆژە دەس بە سەر دەکرێت. دادگا باوکی فاتیمە بە شەست هەزار کرۆن جەریمە دەکات بە تاوانی هەڕەشەی کوشتن و لە ماڵ دەرکردن.

وەکیلی فاتیمە دەڵێت کە "ئەوە یەکەم جارە من وەکالەتی کچێك دەکەم کە لە لایەن بنەماڵەی خۆیەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کرابێت. هەر بۆیەش ئەم دادگایە زۆر ناخۆش و حەساس بوو بۆ من."

# بەسەرهاتێکی تاڵ



**تەرجەمە و ئامادەکردنی: لەیلا قاسمیانی**

*"فاتیمە شەهیندال" رۆژی 22 مانگی یەکەمی 2002 بە دەستی باوکی لە شاری "ئوپسالا" لە سوید، بە تاوانی لەکەدارکردنی شەرەفی بنەماڵە، کوژرا.*

*چوار ساڵ لەمەوبەر کاتێک فاتیمە لە 16ی ئۆکتۆبەری 1998 لە کەناڵی یەکی تەلەفیزیۆنی سوید، لە پرۆگرامی "ستریپ تیز"دا فیلمێک سەبارەت بە ژیانی فاتیمە شەهیندال بڵاو کرایەوە. "ستریپ تیز" پرۆگرامێکی دۆکۆمێنتەرە و لە روانگەیەکی رەخنەگرانە و لێکۆڵەرانەوە دەروانێتە رووداوەکان. پرۆگرامەکە باس لە موشکیلەی فاتیمە لە گەڵ باوکی دەکا و هەرەشەی کوشتن و ئەزیەت و ئازار بە هۆی ئەوەی کە فاتیمە دەیهەوێ سەربەخۆ بژی و سەر بۆ داب و نەریتی کۆن دانەوینێ. لە سەرەتای فیلمەکەدا فاتیمە لە سەر ژیانی خۆی دەدوێ و لە کۆتایی فیلمەکەشدا قسە و باسێک لە گەڵ سکرتێری فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید دەکا کە بە ئاشکرا حاشا لە موشکیلەیەکی کولتوری لە ناو کوردەکان دەکا و قسەکانی فاتیمە بەرپەرچ دەداتەوە.*

*من لە پێشەوە بەشی یەکەمی پرۆگرامەکە بە کوردی دەخەمە پێش چاوی خوێنەران و لە کۆتایی‌دا رای خۆمتان سەبارەت بە مەسەلەکە پێشکەش دەکەم. ئەمەش دەقی پرۆگرامەکە:*

لە گەڵ سلاو بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ بەرنامەی "ستریپ تیز"ی ئەمشەومان. زۆر بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە ژنان و کچانی گەنج کە گیر دەکەن لە نێوان بنەماڵە و یاساکانی کۆمەڵدا، ئاوا وەکوو فاتیمە دڵ ئاواڵە و بە ئاشکرا بێنە مەیدان. لە بەرنامەی ئەمشەودا فاتیمە ئەم کارە دەکات و بەسەرهاتی خۆی بە تەواوی بۆمان دەگێڕێتەوە. ئەو بەم کارە دەیهەوێ بە ئێمە پیشان بدات کە چ روو دەدات کاتێک کولتور و بەها جۆراوجۆرەکان لە گەڵ یاساکانی کۆمەڵگای سویددا یەک نایەنەوە. بەسەرهاتی فاتیمە رووداوێکە، بەڵام ئەو لەم رووەدا تەنیا نیە. ئەوەش ئێوە و بەسەرهاتی فاتیمە:

فاتیمە بە ریگەوەیە بەرەو "ئوپسالا" بۆ ئەوەی لە دادگا رووبەرووی بنەماڵەکەی بێتەوە. فاتیمە حەوت ساڵان بوو کاتێ کە لە دیهاتیکی بچووکی لە کوردستانی تورکیەوە هاتن بۆ سوید. چوار خوشك و برایەکی هەیە و خزم و کەس و کاریکی زور. فاتیمە لە کولتوریك را دێت بە داب و نەریتیکۆنی بە هەزار ساڵ، کە تیایا ژن گرینگترین ئەرك و کاری پشتیوانی و یارمەتیدانی بنەماڵەکەیەتی. یەکگرتوویی بنەماڵە مەسەلەی مان و نەمانە و هەر بۆیەش چونیەتی بیر لێکردنەوە لە "شەرەف" و ناموس، بە سەر ژیاندا حوکم دەکات.

**فاتیمە:** ئیمە کچەکان نوێنەری پیاوەکانین لە دەرەوە. من روخساری رووبەدەرەوەی ئەوانم! من ئەبێ پێش لەوەی خۆ لە کاریك بدەم بیری لێ بکەمەوە. لە هەنگاوی یەکەمدا من دەبێ لە بیر ی پیاوەکان دابم. ئەگەر من لە دەرەوەی ماڵ سیگاریك بگرمە دەستەوە، زۆر زوو کار دەکاتە سەر پیاوەکان.

شەرەف مانایەکی زۆر گرینگی بۆ ئەوان هەیە. ئەوە زۆر گرینگە کە کچەکان لەوان ئیتاعەت بکەن و ئەو کارە بکەن کە ئەوان دەیانهەوێ.

**کارگێری پرۆگرامی تەلەفیزیون**: ئەوە ئەرکی پیاوە کە ریگە نەدا ژنانی بنەماڵە، شەرڤ ئەو لەکەدار بکەن. فاتیمە لە تەواوی ژیانیدا تیکوشاوە کە باڵانسێك پێك بهێنێ لە نیوان دوو شیوەی بە تەواوی جیاوازی ژیاندا.

**فاتیمە**: دۆستەکانی من دەیانتوانی و بۆیان هەبوو و بەشداری سەفەرەکانی مەدرەسە بکەن، بچن بۆ دەرەوە و خۆش بن. بەڵام من نەمدەتوانی هیچ یەك لەو شتانە بکەم. منیش وردە وردە دەستم کرد بە ژێرپێنانی سنوورەکان. درەنگتر لەوەی کە قەراربوو دەهاتمەوە ماڵ. لە پارەکەش ڕا ئیتر بە ئاشنابوون و دوستایەتیم لە گەل کوڕێکی سویدی بە تەواوی ریگەی خۆم جیا کردەوە.

**کارگێری پرۆگرام**: ئەم کارەی فاتیمە بە مانای خەتایەکی گەورە و مەرگ هێنەر بوو. ئەو قەرار بوو لە گەل کوڕێکی ئامۆزای خۆی لە کوردستان زەماوەند بکات و بەم جۆرە ژیانی ئەو نەجات بدات. بەڵام ئەو پشتی کردە داب و نەریت و کوریکی سویدی هەڵبژارد.

**دەزگیرانی فاتیمە** لیرەدا قسە دەکات: ئیمە بۆ یەکەمجار یەکترمان لە کلاسی کامپیوتەردا بینی. من لە گەل فاتیمەدا راحەت بووم و زۆر حەزم دەکرد کە لە گەلی بم. ئەو زۆر محتات بوو و بە ئاشکرا هەستی خۆی سەبارەت بە من پیشان نەئەدا.

**کارگێری پرۆگرام** لە فاتیمە دەپرسێ:ئایا هەستت بە بیقەراری نەکرد کاتێك کە زانیت عاشقی سویدیەیەك بووی؟

**فاتیمە**: دیارە زۆر نیگەران بووم جون نەمدەزانی ئاخۆ بە راستی ئامادەیی تەواوم هەیە بۆ هەلگرتنی ئەو هەنگاوە گەورەیە یا نا. نەمدەزانی کە ئەو کارە بە کوێ دەکێشێ.

**دەزگیرانی فاتیمە**: پەیوەندی ئیمە لە چوارچیوەی ماڵدا بوو. ئیمە لەو شوێنانە یەکترمان دەبینی کە دەمانزانی خزم و کەسوکاری ئەو رووی تێ ناکەن. ئەو شیوە دیتنەی ئیمە لە راستیدا زۆر مەسخەرە بوو، چونکە ئیمە خۆ ئیتر منالی چاردە سالان نەبووین. هەر بۆیە ئیتر وردە وردە کەمتر لە خەمی ئەوە دابووین و زیاتر دەردەکەوتین.

**فاتیمە**: رۆژێك ئیمە بەرێگەوە بووین بەرەو رستووڕانی "مەکدونالد" کە لەناکاو چاومان کەوت بە باوکم. زۆر ترسام و بیرم کردەوە کە ئیتر تەواو بوو.

**کارگێری پرۆگرام**: باشە، باوکت چی کرد؟

**فاتیمە**: زۆر توورە بوو. تفی لێکردم و پێی وتم جندە. دەیەویست لە ناو



شەقامەکە لە بەر چاوی خەلکدا لیم بدا. ئیتر ئەوکاتە هەستم کرد کە کارم کوتایی هاتووە.

**کارگێری پرۆگرام**: چۆن دەتتوانی وا دلنیا بیت؟

**فاتیمە**: ئەوە مۆتەکەی هەر دایك و باوکیکە کە ببینن کچەکەیان دەست لە ناو دەستی کوریکی سویدی دایە.

**کارگێری پرۆگرام**: چ مۆتەکەیەك؟

**فاتیمە**: ئەوە ناخۆشترین شتە کە بتوانێ روویدا. ئەوان دەیانەوێ کە کچەکەیان لە گەل کوردیکی هاووڵاتیيان شوو بکات.

**دەزگیرانی فاتیمە**: ئیمە گەیشتبووینە قوناغێك کە مەجبوور بووین خۆمان ساغ بکەینەوە ئاخۆ دەمانەوێ بە یەکەوە بژین یان جیا لە یەك. ئەمە هەلبژاردنیك بوو کە لە راستیدا لە دەست مندا نەبوو بەلکوو فاتیمە بوو کە دەبوو خۆی ساغ بکاتەوە کە چی دەکات.

**فاتیمە**: دیارە ئەوە بوونی دەزگیرانەکەم بوو کە بوو بە هۆی ئەو رووداوە. هەلبەت ئەو شتە هەر دەبوایە رۆژێك روو بدات.

ئەوەی کە فاتیمە لێی دەترسا رووی دابوو. ئەو بیست و یەك سالی بوو. تا ئەوکات لە شاری "ئوپسالا" نەچووبووە دەرەوە. ئیستا ئیتر دەیزانی کە دەبێ شار بە جێ بێلێ.

**فاتیمە**: من دەمزانی کە ئیتر هیچکات ناتوانم بگەریمەوە بۆ ماڵ. دوای ئەم رووداوە ئیتر ئەوان منیان دەکوشت ئەگەر بچووباما یەوە ماڵی خۆمان.

**کارگێری پرۆگرام**: ئایا بەراستی فکر دەکەی کە وابیت؟

**فاتیمە**: ئەرێ باوکم ئەوەندە لە من توورە بوو کە ئەگەر دەستی بە من

گەیشتبا سەری هەڵدەکەندم. زۆر ناراحەت بووم و نەمدەزانی روو لە کوێ بکەم.

دوای چەند رۆژ فاتیمە خەبەری پێگەیشت کە لە دانشگای سوندسواڵ وەرگیراوە و ئەوەش بوو بە هۆی رزگاربوونی لەو رۆژە سەختەدا. فاتیمە ئیستە "ئاگاداری کۆمەلایەتی" دەخوێنێ و یەکێک لە هیواکانی ئەوەیە کە ببیتە "سۆسیونۆم" واتە یارمەتیدەری کۆمەلایەتی. بریاری فاتیمە بۆ دەرس خویندن لە شوینیکی ئاوا دوور لە ماڵ، تاوانیك بوو بە قەرای ئاشکرابوونی پەیوەندی ئەو لە گەل دەزگیرانە سویدییەکەیدا.

فاتیمە لە لای هاوکلاسەکانی باسی نائەمنی و ترسی خۆی دەکات بەلام بۆ هاوریکانی تیگەیشتن لەو موشکیلەیە سەخت بوو.

**فاتیمە:** هەندێك جار تیناگەم کە چۆن ئینسان دەتوانێ بەم جۆرە لە گەل منالی خۆی رەفتار بکا. من سالەها لە گەلیان ژیاوم و ئیستا ئامادەن ئاوا خەتێك بە سەرمدا بکێشن! ئەو دایکەی کە منی لە زگی خۆیدا هەلگرتووەو پەروەردەی کردووە خوشەیستی پیداوە و لە باوەشی گرتووە، ئەمرۆ دەتوانێ نەفەرتی لێم بێت و بمکاتە دەرەوە.

**کارگیری پرۆگرام:** بەلام لات وایە کە خوشەویستی کۆتایی پێ بیت؟

**فاتیمە:** ئەرێ. کاریکی بەم جۆرە کوتایی بەم خوشەویستییە دینێت. من بە بۆچوونی ئەوان زۆر بە هەلە چووم و ئەوانم بریندار کردووە و شەرەفیانم لەکەدار کردووە. من هەموو شتێکم لەوان سەندووە. شەرەف گرینگترین شتە بۆ ئەوان و من بەم کارەی خۆم ئەو



شەرەفەم لەوان ئەستاندووە. ئەوان هیچ کات من بۆ ئەو کارەی کە کردوومە نابەخشن.

**کارگیری پرۆگرام:** واتە تۆ زیانت بە ژیانی ئەوان گەیاندووە...

**فاتیمە:** بەلێ من زیانم گەیاندووە بە ژیانی هەموو خزم و کەسوکارم. ئەو کارەی من کاری کردووەتە سەر ژیانی کچەکانی خزمەکانیشم و کەس نایهەوێ زەماوەند بکا لە گەلیان. بە بۆنەی منەوە ئەوانیش هەر بە جندە ناویان دەبردرێ.

لە رۆژی شەشی مانگی یەکی 1997 دا کچیکی تورك نزیك بوو گیانی لە دەست بدا. براکەی لە دیسکۆیەکی ستۆکهۆلمدا چاوی بە خوشکەکەی دەکەوێ کە دەرەقسێ. براکە هێرش دەکاتە سەر خوشکەکەی، وەك جندە ناوی دینێ و 21 چەقۆ لە پشت و سکی دەدا. ئەو کچە لە ئامۆزایەکی خۆی مارەکرابوو بەلام ناچێتە ژێر بار و بنەماڵەکەی بەجێدیلیت. براکەی 6 سال زیندانی بۆ دەرچوو.

لە دیسامبری سالی 1996 دا "سارا" لە شاری "ئومێئۆ" لە سویدا بە دەستی برا و ئامۆزایەکی خۆی دەکوژرێت. سارا زووتر هەستی بە نائەمنی کردبوو و تەنانەت ئەمەی بە پولیسیش راگەیاندبوو. ئەو شازدە سالی بوو. ئەم رووداوانە زۆرێك لەو کچانەی کە هەوڵ دەدەن تیکەلاوی کۆمەلگای ئاوالە و ئازادی سوید بن و بالانسێك لە بەینی ژیانی خۆیان و رەسم ویاسای کۆنی بنەمالەکانیان پێك بهێنن، ترساندووە.

**فاتیمە:** هەموو خزمەکانمان لە رێی تەلەفیزیون و رۆژنامەکانەوە ئاگاداری ئەم رووداوە بوون و کوژرانی ئەم کچانەیان بە رەوا دەزانی و دەیانووت کە ئەوەیە سزای کەسیك کە رەسم و یاساکان بخاتە ژێر پێ. کچەکان دەبێت کولتور و رەسم ویاسای خۆیان بپارێزن دەکوژرێن.

**کارگیری پرۆگرام:** کەوا بێ بیروڕا گۆڕینەوەیەکی وا لە سەر ئەم شتانە نەکرا؟

**فاتیمە:** نا، شتیکی وا هەر نەبوو. کچەکە ئەم رەسم و یاسایە دەناسێ و دەیزانی کە خەریکی چییە.

**کارگیری پرۆگرام:** واتە براکە و ئامۆزاکە "حەقیان" بوو ئەو کارە بکەن؟

**فاتیمە:** بەلێ. ئەوان خۆیان قوربانی خزمەکانیان دەکەن.

وەکوو ئاخرین ریگە بۆ نەجاتدانی شەرەفیان، هەندیك لە کچان روو دەکەنە بیمارستانە گەورەکان. ئەمانە کچانێکن کە ئیتر کچێنی خۆیان لە دەس داوە. "مارك بیگدێمان" Mark Bygdeman پرۆفسۆری کلینیکی ژنانەی "کارولینسکا" لە ستۆکهۆلم، ئەو دوکتورەیە کە یارمەتی ئەو کچانە دەدا. ئەم کچانە ژیانیکی دوو لایەنەیان بە سەر بردووە و ئیستە ترسی گیانیان هەیە.

**دوکتوری جەراح**: هیچ شك لەوەدا نیە کە موشکیلەی ئەو کچانە موشکیلەیەکی زۆر واقیعی و گرینگی ژیانە.

**ویژەری پرۆگرام**: ئەو کچانەی دێن بۆ لای ئیوە کێن؟

**دوکتوری جەراح**: کچانی مهاجرن کە زیاتر لە ئیران، عیراق و تورکیەوە دێن. نزیکەی توتەواوی ئەو کچانە لە لایەن پەرەستاری مەدرەسەوە یان ناوەندی بهداشتی لاوانەوە دەنێردرێن بۆ لای ئیمە.

**ویژەر لە فاتیمە دەپرسێ**: ئەگەر کچێك لە گەل کورێك بخەوێت و پەردەی کچێنی نەمێنێ چی بە سەر دیت؟

**فاتیمە**: وەکوو جندە سەیری دەکرێت و لە کۆڕی بنەماڵە و خزمەکان وەلا دەنرێت و تا زیندووە دەبێ لە گەل ترس و هەرەشەی مەرگ لە لایەن خزمەکانیانەوە بژی. بۆ ئەو ریگایەك غەیری هەلاتن نیە.

**ویژەر**: لێرە لە سوید ڕا بکا؟

**فاتیمە**: بەلێ لیرە لە سوید.

جاریکیتر کامیرا ئەچیتەوە سەر دوکتۆرەکە.

**ویژەر**: ئەم کچانە دەیانەوێ ئیوە چی بکەن بۆیان؟

**دوکتۆر**: دەیانەوێ پەردەی کچێنییان بۆ بدروونەوە تا ساغ دیار بن. ئەم کارە زۆر سادەیە و لە بیست دەقیقە زیاتر ناخایێنێت. ئەو شوینەی کە عەمەل دەکریت، هیندە ناسك و حەساسە کە کچەکە دەبێت بیهۆش بکریت.

**فاتیمە**: کاتیك دوو خوشکە گەورەکەی من زەماوەندیان کرد، دەبوو مەلافەی سپی خوێناوی ژێر خۆیان پیشانی دایك و باوك وخەسوو و خەزووریان بدەن. لە کولتوری ئیمەدا ئەو پارچەیە وەکوو بەلگەی کچێنی تا ئەو کاتەیە. ئەگەر کچیك نەتوانێ پارچەی خویناوی پیشان بدا لە بنەماله و خزم و کەسوکار وەدەر دەنرێت.

**ویژەر**: ئایا کچەکە و میردەکەی ناتوانن خۆیان تەوافق بکەن ئەگەر بیت و کچەکە خوێن دانەنێ؟

**فاتیمە**: ئەوە تەنیا مەسەلەیەك لە نیوان کچ و کورەکە دا نیە بەلکوو مەسەلەیەکە بو خزمی کچەکە و خزمی پیاوەکەش.

کامیرا ئەچیتەوە سەر دوکتور.

**ویژەر**: ئایا ئەو کچانەی دین بۆ لای ئیوە، ترس و نیگەرانیان زۆرە؟

**دوکتور**: ئەرێ. کاتیك دەبیسن کە ئیمە دەتوانین یارمەتیان بدەین و عەمەلیان بکەین، ئاهیکیان دیتەوە بەر و هەناسەیەکی راحەت دەکیشن. دیارە ئەوان لەم بارەوە زۆر تەنیان چون ناتوانن موشکیلەکەیان لە لای خوشك و برا و نزیکانیتر بدرکێنن.

**ویژەر**: هیچ کات بیرت لەوە کردووەتەوە کە ئەم عەمەلیاتانە نەکەی؟ ئایا تووشی موشکیلە لە گەل بەها ئینسانییەکانی خۆت نابیت؟

**دوکتور**: دیارە بیری لیدەکەمەوە. من هیچ کات ئەم کارە بۆ کچیکی سویدی ناکەم. ئەگەر قسە لە سەر پرنسیپ بیت ئەم عەمەلیاتە نابێ بۆ هیچ کەس بکرێت. بەڵام هەمیشە شتی وا هەلدەکەوێ کە ئینسان مەجبوورە لە بەرچاوی بگرێ. دیارە کەبۆ ئەم کچانەش زۆرخۆشتر دەبوو ئەگەر ئیمە بمانتوانیبایەوە کار بکەینە سەر ئەم بوچوونە لە نێو خزم و کەسوکاری کچەکاندا و ئەو شەرایەتە گۆڕابا.

**ویژەر**: بەلام لەو دنیایەی کە فاتیمە باسی لێدەکات ئیمکانی ئاواڵەبوونی دەرگایەکی ئاوا نیە. نرخ و بەهاکانی



بەرهەمی: میهران

کومەلگای سویدی هیچ شانسێکیان نیە لە بەرانبەر ئەو رەسم و یاسا و کولتورە دیهاتیيەدا. ئەوان میردی کچەکانیان لە ولاتی خۆیانەوە دینن. کاتیك کە کچەکە تازە مەکتەبی تەواو کردووە، ئەوە بەهاکانی میردەکەیە کە حوکم دەکا.

**ویژەر**: ئایا کچەکان ناتوانن نەچن بۆ تورکیا و زەماوەند نەکەن؟

**فاتیمە**: نەخیر! ئەوە ئەوانن کە بریاریان داوە ئیمە بچین بۆ تورکیا و لەوێیە کە ئاگادار دەبین کە دەبێ زەماوەند بکەین. لەو حاڵەدا کچەکە کارێکی وای لە دەست نایە و ناتوانێ مەسەلە بگۆڕێ.

بروانە لاپەرەی 11

# فەرهەنگی ناموسپەرستی

# و

# سەرکوتی ئازادی ژن

لەیلا قاسمیانی

فیلمی دێکۆمێنتی ژیانی فاتیمە پیشاندەری زۆر لایەنی گرینگ و سەرسورهینەرە لە ژیانی کچانی گەنج لە نیو بنەماڵە ئایینی و ئیسلامیەکان بە فەرهەنگی کونەپەرستانە و پیاوسالارانەوە. فەرهەنگیک کە ژێرپێنانی مافە سەرەتاییەکانی ئینسانی ژن یەکیک لە کۆڵەکە هەرە گرینگەکانییەتی و سووکایەتی بە ژن و بیر وبۆچوونی و حیساب نەکردنی وەك مروڤیکی سەربەخۆ لە هەموو سیمای دەبارێ.

کچان لەم فەرهەنگەدا مافی هەلبژاردنی مێرد و شەریك ژیانی خۆیان نیە. ئەم مەسەلە بە تایبەت لێرە لە رۆژئاوادا دوو هیندە لە سەر شانی کچانی مهاجری بنەماڵە ئیسلامی و سوننەتپارێزەکاندا قورسایی دەکا بە هۆی ئەوە کە دەبینن بەشی زۆری کچانی هاوتەمەنیان لە شەرایەتی ئازاد دا دەژین و لە مافە سەرەتاییەکانی ئینسانی بەهرەمەندن. ئەوان هاوتەمەنەکانیان دەبینن کە بە بێ هیچ موشکیلەیەك بەشداری کوڕ و کۆبوونەوەکانی ریکخراو لە لایەن مەدرەسەوە دەکەن، بۆیان هەیە بچنە دیسکۆی مەدرەسە، بچن بۆ سینەما و سەری هاوریکانیان بدەن. کور و کچ هەر لەم مەیدانە ئاساییانەی ژیانی رۆژانەدایە کە لە یەك نزیك دەبنەوە، یەك دەناسن، پەیوندەییان قوولتر دەبیتەوە و لەوانەیە حەز لە کەسێك بکەن و تا سنووری پەیوەندی جنسی گرتنیش برۆن. کوڕ و کچ لە تەمەنی 16 ساڵی را بۆیان هەیە پەیوەندی جنسییان هەبێ بە یەکەوە. بە بروای من ئەوەی کە لێرەدا دەبێ گرینگ بێ بۆ دایك وباوکەکان، نەك نیگەرانی لە خودی پەیوەندی جنسی منالەکانیان لەو تەمەنەدا ، بەلکوو چونیەتی ئەم پەیوەندەیە. منالەکان دەبێ ئامۆژگاری جنسی بدرێن، دەبێ فێری ئەوە بکرێن کە پەیوەندی سلامەت و هوشیارانەی جنسی چۆنە و دەبێ چ بکەن بۆ نە خویان و نە هاورێکەیان تووشی نەخۆشی نەبن، ئازار نەبینن و سلامەتی لەش و رووحیان بپارێزرێ و خۆشییان لێ نەبیتە ناخۆشی. لە جیاتی رەفتاری ئایینی و ئەخلاقی پێشگرتن لە پەیوەندی جنسی بە گشتی، دەبێ دایك و باوك هەوڵ بدەن کە لە گەل منالەکانیان قسە بکەن و رێنوێنیان بکەن لە پاراستنی سلامەتییان و پیشگیری کردن لە مندالدار بوونیان.

بە داخەوە بۆچوونی بنەماڵە ئیسلامی و سوننەتپەرستەکان بە پیچەوانەیە و هەلویستیان بە گشتی لە قەدەغە کردنی هەر جۆرە پەیوەندیك بەینی کچ و کور پیش لە زەماوەندکردنیانە و بناغەی ئەوەش دەگەریتەوە بۆ ترس لە پەیوەندی جنسی گرتنی گەنجەکان.

کچ لەم فەرهەنگەدا دەبێ لە مال بمێنیتەوە، کچێنێ خۆی بپارێزێ و چاوەروانی خوازبێنیکەرێك بێت کە بکەویتە بەر دلی بنەمالەش. ئەوە دەبیتە هۆی هەر زیاتر تەنگ کردنەوەی مەیدانی پەیوەندییە کومەلایەتیەکانی کچان و سنوور دانانی زۆر بۆ هەلسوکەوتیان. ئەم رەفتارە گەنجەکان تووشی ناراحەتی فیکری و نەفسانی دەکا، دەیانخاتە لێواری کۆمەلگای شارستانی و ژیانێکی پڕ لە ناکۆکی. ژیانی رۆژانە بۆ ئەوان هەمیشە وەکوو پرسیاریکی گەورەی لێدێ لە پەیوەندی لە گەل ماف و ئازادیە گشتیە ئینسانییەکان کە بۆ باقی دانیشتوانی کومەلگا لە ئارادایە بەلام بۆ ئەوان ناشێ.

لە فەرهەنگی پیاوسالارانە و ئیسلامیدا پەیوەندی جنسی ئازاد، حەرام و گوناهیکی گەورەیەو بە فاحیشەگەری نێوی دەبرێ. پەیوەندی حەلال، لەم روانگەوە تەنیا پەیوەندی شەرعی و ئایینییە کە بە دوای زەماوەندی شەرعی مومکین دەبێ. ئەلبەتە لە راستیدا ئەم یاسایە تەنیا رووی لە کچە! پیاوان هەمیشە ئیمکان و ریگەی پەیوەندی ئازادی جنسییان هەبووە و هەیە، چ بەر لە ژن هینان و چ دوای ژن هینان. ئەوە کچە کە دەبێ کچ بمێنێتەوە وەکوو

کالایەکی دەس لێنەدراو پێشکەشی یەکەم خاوەنەکەی لە دەرەوەی ماڵی دایك وباوکی بکرێ. تەواوی یاساکانی سنووردارکردنی ژیانی ژنان دەگەڕێتەوە سەر کونترولی جنسی ژن بە تەواوەتی. ئەو ژنانەی کە مل بۆ ئەم یاسا و داب ونەریتانە کچ نەکەن، دەکەونە بەر هێرشی بێ ئەمان و بێرەحمانەی بنەماڵە و کەسوکار و کۆمەڵگای پیاوسالار لە هەموو لایەکەوە و لە کومەڵ دەتارێنرێ. دیارە کە ئەم روالەتی تاراندن و بە تاك خستنەوە ئازاریکی زۆر سەخت دەخاتە سەر قوربانی‌یەکانی. زۆرێك لە کچانی بنەماڵە سوننەتی و نەریت پارێزەرەکان، رێگای دەرس خوێندنیان لێ دەگیرێ هەتا



بەرهەمی: میهران

نەکا چاو وروویان زیاتر بکرێتەوە و پشت بکەن لە دابونەریتەکانی بنەماڵە. هەندێك لە بنەماڵەکان بۆ دەسپێشخەری کردن، کچەکانیان زووتر بە شوو دەدەن.

مەسەلەیێکی‌تر بۆچوونی کۆنەپەرستانەی بنەماڵە پیاوسالار و سوننەتی و ئیسلامی‌یەکانە سەبارەت بە ژنانی رۆژئاوایە. لە روانگەی ئەوانەوە ژنانی رۆژئاوا جندە، خۆفرۆش و بێ‌ئابروون کە هەر شەوەی لە گەل کەسیك دەخەون. موشکیلەی ئەم روانگەیە ئازادی ژنان لە هەلبژاردنی دۆست و شەریکی ژیانیان دایە. لێرە هاوکات لە گەل ئازادی پەیوەندی جنسی، هەلومەرجی دامەزراندن و پیکهینانی پەیوەندی دروست و سلامەتیش رەخساوە. پەیوەندی جنسی دوو ئینسان تەنیا پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە چ ئەو پەیوەندی‌یە کورت خایەن بێ یان درێژخایەن. گرینگ ئەوەیە کە ئەو پەیوەندی‌یە لە رووی حەز و مەیل و خواستی هەر دوولاوەیە و هیچ کامیان خۆیان بە سەر ئەوی‌تر دانەسەپاندووە. لێرە ژن و پیاو هیچ ترسیکیان لە نزێك بوونەوە لە یەك نیە چونکە باکیان لە قسە بەدوا خستن لە لایەن ئەم و ئەوەوە نیە و بنەماڵە و خزم و کەس وکار دەخالەت لە ژیانی جنسی یەکتر ناکەن و ئەگەر یەکیك بێت و بە خۆی ئیجازەی دەخالەت کردن بدات، بە دلنیایی‌یەوە لە گەل ئەم جوابە رووبەروو دەبێتەوە کە "ببورە! پەیوەندی بە تۆوە نیە!". لێرە خەلك لە ژیانی شەخسی خۆیاندا ئاسوودەن، جیران کاری بەوە نەداوە کە جیرانەکەی هاتوچۆی کێ دەکات. ژن و پیاو وەکوو دوو مرۆڤی عاقل و بالغ رەفتار دەکەن و بە پێی بەها ئەخلاقی و ئایینی‌یەکان یەکتر هەلناسەنگێنن.

بە بروای من لە کومەلگایەکی ئینسانی و سلامەت و ئازاددا، ژن و پیاو هەروەکوو چۆن سەیری پەیوەندە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە گشتی و غەزا خواردن، ئیسراحەت کردن و ژیان بە گشتی دەکەن هەر ئاواش دەروانن پەیوەندی جنسی. بە لای ئینسانی ئەمرۆوە ئەم پەیوەندی‌یە تەنیا بۆ خولقاندنی منال نیە و خودی پەیوەندی‌یەکە لە خۆیدا بە لەزەت بەخش دەزانی.

لە کوتاییدا دەمەوێ چەند وشە لە سەر ئیمکانی گۆڕینی ئەم داب و نەریتە کۆن و کونەپەرستانەیە لە ولاتانی رۆژئاوا، لە نێو مهاجرینی سوننەتپاریزدا بلیم. لە دیکۆمینتەکەدا باس لەوە دەکرێ کە ئەم داب و نەریتە زۆر گیان سەختن و وا بە ئاسانی کۆتاییان پێ نایەت. ئاشکرایە کە رەسم و یاسا و عاداتیك کە سەدان سال هەبوون یەك شەوە لە گۆرین نایەن. بەلام ئەوەی کە دەسەلاتدارانی رۆژئاوا لە بەرانبەر سوننەت و فەرهەنگ و عاداتی کۆنەپەرستانەی خەلکانی "مهاجر" ئەنجامی دەدەن سیاسەتیکی تەواو کۆنەپەرستانەیە و بە مانایەك هەلاواردنە. سیاسەتی حاکم لەم ولاتانەدا یارمەتیدان، پشتیوانی کردن و رێزگرتن لە ئایین و دامودەزگا ئایینی‌یەکان و کۆر و کۆمەلەی کولتوری کونسرواتیو و سوننەتپەرست و کۆنەپەرستە کە لە راستیدا دەبیتە هۆی بێ مافی هەرچی زیاتری ژنانی مهاجر و سەرکوتکران و بەشخوراویان لە لایەن سیستەمی پیاوسالارانە و ئایینی مەوجووددا.

دەسەلاتی حاکم لەو ولاتانەدا تەنیا چاوی لە فەرهەنگی دواکەوتوو و کۆنی بەشیك لە مهاجرەکانە و ئەو فەرهەنگە بە ناوی هەموویانەوە دەنووسێ. بۆ ئەوان

شتێک بە ناوی فەرهەنگی پێشرەو و رادیکال لە ناو "مهاجرەکاندا" هەبوونی نیە و ئەگەریش هەست بە شتێکی وا بکەن بە ناوی "رۆژئاوایی" بێ خێری دەکەن. ئەوان لایان وایە کە هەموو "کولتورێك" جێگەی ریزە و ناکرێ بەر لە دەربرین و خۆپیشاندانی بگیرێ. موشکیلەکە تەنیا ئەوەیە کە بە پێی ئەم بۆچوونە لە ناکاو لە وڵاتیکدا ئینسانەکان بەهای جۆراجۆر پەیدا دەکەن. منالی مهاجر ئەگەر ئەزیەت و ئازاریش ببینێ زۆر قەیدێ ناکا چون گوایە لە کولتوری ئەماندا ئینسان تاقەتی ئازاربینینی زیاترە. ئەگەر کچانی بنەماڵە ئایینیەکان ژیانیان لێ دەکرێ بە جەهەننەم بە هۆی قەید و بەندی بێ پایان، چاولێپۆشینی زۆر گران نیە چون حیسابی ئەمەش دەخرێتە پاڵ "ریزگرتن لە ئازادی ئاین". ئەوان بە ئاشکرا درۆ دەکەن و خاك دەکەنە چاوی خەلك بە گشتی کاتێك کە لە بیر خویان دەبەنە کە بەشیکی یەکجار زۆر لەو مهاجرانەی کە لە ولاتانی بە ناو ئیسلامیەوە هاتوون، لە راستیدا لە دەست ئیسلام و فەرهەنگی کونەپەرستانەی زاڵ لەو ولاتانە دا هەلاتوون و هەلگری کولتوریکی پیشرەو و جیاوازن. کاتیك ئەم راستیە بشاردرێتەوە ئەوسا ئەوەی کە لە نێو "مهاجر"دا دەبینرێ تەنیا کۆنەپەرستی و دابو نەریت و عاداتی گیانسەخت و کۆنن کە لە گۆران نایەن.

ئەم درۆ گەورە دەبێ بە هەموو تواناوە بەرپەرچ بدرێتەوە و دەبێ کوتایی بە دانانی بەهای جیاواز بهینرێ لە کۆمەلگادا! تەواوی ئەندامان و دانیشتوانی کۆمەلگا دەبێ مافی یەکسانیان هەبێ و بە یەك چاو چاولێبگرێن لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا. هیچ شوناسنامەیەکی کولتوری، نەتەوەیی، ئایینی یان قەومی نابێ بتوانێ هەلاواردن و مافی جیاواز بۆ تاقمێك لە کۆمەلگادا بێنێتە ئاراوە. ئینسان سنووربڕە و ئازادی و بەرابەری نابێ هەرگیز سنووری نەتەوەیی، کولتوری، جنسی یان ئایینی هەلگرێ.

## پاشماوەی: شیعر و کومونیزم و...

کارکردی کۆمەلایەتیانەی شیعر لە زەینی جەماوەردا، لە مەیدانی رووبەڕوو بوونەوەشیاندا لەگەڵ شاعیراندا، سەرکوت و خەفەقان بەرامبەر بە وشەی ڕاپەڕیو، لە لایەك کرینی قەڵەمە بوودەڵەکان لەلایەکی ترەوە، سیایەتێکی دوولایەنەی هەمەڕۆژەیان بووە بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان ئەمە جگە لەوەی کە درێغییان نەکردووە لە هەڵنان و ناساندی خاوەن قەڵەمە ڕەسەنە چینایەتیەکانی خۆیان لە ئاستێکی بەریندا و گەورەکردن و داسەپاندنی بەرهەمەکانیان بەسەر زەینی کۆمەڵانی خەڵکدا.

شیعری ڕادیکاڵ و پێشکەوتووخواز لە شەڕی ڕۆژانە و دەستەویەخەیدا لەگەڵ واقیعی مەوجوودا هەمیشە داوای هەڵپێچانی زنجیرەکانی بەندیخانەکان و ڕازاندنەوەی سفرەی ماڵە هەژارەکان و ڕۆشنکردنەوەی دڵە تاریکەکانی کردووە. لە هیچ سەردەمێکدا زەلیلی خۆی لەبەردەم دەسترۆشتووەکانی کۆمەڵگادا قبوول نەکردووە. دەنگی دلێری بەرووی چەوساندنەوەی مرۆڤدا هەڵبڕیوە. تاوانبارانی لە زەینی خوێنەران و گوێگرانی دادگایی کردوە. سەرسەختانە بەرگری لە ئازادیەکان کردووە و یەکسانی ئینسانەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە کردووە بە سیمای کۆپلەکانی. لەگەڵ نان ، گوڵ، نوقڵ و باراندا دەستی هەڵپەڕکێی گرتووە و لەگەڵ پەلکەزێرینە و بەهاریشدا چۆتە وەرزی ژووانەوە. لە سەردەمە جیاجیاکانی مێژوودا چۆتە ناو کێشە ئەسڵیەکەی کۆمەڵگاوەو لە سەنگەری ڕوخێنەرانی دنیای کۆندا تا دوا هەناسە جەنگاوە. گڵۆپی وریابوونەوەی لە ریزی بەش مەینەتاندا داگرساندووە و لە ڕێکخستنی ڕیزەکانیاندا بەشداری کردووە. لە خرۆشانە جەماوەریەکاندا ڕابەرانە خەباتی کردووە و پەلاماری شەوئامێزانەی دوژمنانی بە ئاگری وشەکانی سووتاندووە. لە پرۆسەی چوونە پێشەوەی ڕووداوەکاندا نەشونمای کردووە و لە پرۆسەی ئەو نەشونمایەشدا گوڕ و تینی هێرشبەرانەی زیاتر بووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە لە گۆشەی ئەم هێزو توانایەوە کە شیعر هەیەتی بۆ خەبات، بانگەوازی شاعیرانی ئازادیخواز ئەکەم کە بە دەوری بەدەست هێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی بەشمەینەتان و بەرزکردنەوەی ئاڵای گۆڕانکاری بنچینەیی لە کۆمەڵگاداو بردنە ناوەوەی شیعر بۆ جەرگەی ململانێ چینایەتیەکان کۆببنەوە، تا شیعر بتوانێ جاریکیتر لەم شەوەزەنگەدا ببیتەوە بە مانگ و تریفەی خۆی دابرژێنێتەوە بە سەرمانا.

# ژنە مردووەکە بەڕێوەیە

## *فاتمە و دەسەلاتەکانی باوکسالاری*



نووسینی: بەکر ئەحمەد

***"شەرەفي ئێمە بە تۆیە. ئەگەر هەنگاوێکت لەوي دیکەت درێژ تر بێت، لێت دەکەوێت. ئەگەر کەوتیش خۆت دەزاني چي چاوەڕوانت دەکات."***

ئامۆژگاری کوڕێکی پەنابەر بۆ خوشکەکەی

***" دواي ئەوەي ئەرکەکاني قوتابخانەم جێبەجێکرد، لە ژوورەکەمدا سەمادەکەم. ڕۆژي پشوو لەگەڵ تۆدا مەلەدەکەم. هەندێك ڕۆژي دواي قوتابخانە، یاري باسکێت دەکەم. گەر گەورەیش بووم، ئەو کاتانەي کە ئاشق بووم، بۆخۆم کەسێك هەڵدەبژێرم. جاخۆ بابە ئەگەر بە قسەي باوکي فاتمە بێت، خێزاني ئێمە خاوەني شەرەف نییە."***

ئاخاوتنی کچێکی کوردی نۆ سالە لەگەڵ باوکیا دوای کوشتنی فاتمە لە سوید.

**پوختەیەکی کەمی ئەم وتارە لە بناغەدا بە زمانی سویدی نووسراوە و لە ڕۆژنامەکانی "سڤێنسکا داگ بلادێت" و "یۆتێبۆری پۆستن"دا بلاوکراونەتەوە. بەشێکی تریشی بە شێوەی چەندین سیمینار و کۆڕی جۆراوجۆر بە زمانی سویدی پێشکەش کراوە.**

کوشتنی فاتیمەی کچە کوردی کوردستانی تورکیا لە لایەن باوکییەوە, لە کاتێکدا کە هێشتا پرۆسەی دادگایکردنی بکوژانی"پێلا" کە لە لایەن مامەکانی خۆیەوە برایەوە بۆ کوردستان و لە شاری دهۆکدا کوژرا و بە کۆتایی خۆی نەگەیوە, گەورەترین کاردانەوەیی مێدیایی و کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگای سویدا بەدوای خۆیدا هێنا. جگە لەم کاردانەوە گەورەیەی کۆمەڵگا, هاوکات کۆمەڵگای کوردیشی لە سویدا لەبەردەم کۆمەڵێك پرسیاری کوشندەدا راگرت. ئەو پرسیارانەی کە دەبوایە بەر لەوەی لە سوییدا بێتە جێگای گومانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی, لەدەرەوە و لە ژێر بۆمبارانێکی مێدیایی گەورەدا کە رەهەندی راسیستییەکەی لە بەهێزکردنی بیروبۆچوونی دژی پەنابەراندا شاراوە نییە, بوونە پرسیاری رۆژ و هەریەکە و بە تێگەیشتنی خۆی وەلامی پێدایەوە. هاوکاتیش کێشەی کچان و ژنانی پەنابەری هێنایە ئاستێکی تر.

ئەوەی لە کەیسی کوشتنی فاتیمەدا تەواوی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگا ناچار بوون هەڵوێستی بەرانبەر بنوێنن, تەنها خودی کوشتنی ئافرەتێکی ئاسایی نەبووە کە چەقۆی تیژی ناموسپەرستی و باوکسالاری لە ناو دەستە خوشکەکانیدا بێبەزەییانە خەڵتانی خوێنی کرد. بەڵکو کوشتنی دەنگێك بوو کە ئازایانە هاتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانەوە سەرگوزشتەی هەزاران لە کچان و ژنانی پەنابەری گێڕایەوە کە رۆژانە لە بلندگۆی "پاراستنی فەرهەنگی خۆوە" بانگەوازی بێبەشبوون لە سادەترین مافە ئینسانییەکانی خۆیان بە گوێدا دەدرێت. پێش فاتیمە هیچ کچێکی پەنابەر باسی ئەوەی نەکردبوو کە کچانێکی وەکو ئەو لەلایەن دایك و باوکیانەوە ناچاردەکرێن کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و پیاوێکی دڵخوازی دایك و باوکیان نەك خودی خۆیان بهێنن. کوشتنی فاتیمە, کوشتنی ئەو دەنگە بوو کە هەزاران ئافرەتی پەنابەر لە گەروویاندا تاسا بوو و فاتیمە بووە بلند گۆی دەنگی ئەوان.

# خاڵی دەستپێکردنی میدیاکان

رۆژنامەی مێترۆی بەیانیانی سوید لە ڕیپۆرتاژێکی درێژدا دەنووسێ:" فاتیمەیان کوشت چونکە کوردۆستەکەی سویدی بوو." بەڵام مێترۆ تەنها نەبوو. سەرتاپای رۆژنامەکانی سوید هەمان ناونیشانیان بە کەمێك پاش و پێشخستنی وشەکانەوە نووسی بوو. بۆگەنی راسیزمێکی گەورە لەو وشانە هەڵدەستێت. ئایا ئەگەر کوردۆستەکەی فاتیمە کورد بوایە, دەتوانرا ژیانی ئینسانێك بکردرێتەوە؟ پرسیارێکە و بە زەینی زۆر کەسدا دێت. ئایا باوکی فاتیمە کە زیاتر لە بیست ساڵە لەم وڵاتەدا دەژی و بە راسیزمی ئەم وڵاتە تورە دەبێت , خۆی لە جێگای راسیستێکی تری پێچەوانەوەدا نابینێتەوە؟ مەگەر رق بوون لە کەسێك کە سەر بە نەتەوەیەکی ترە هەر لەبەر ئەوەی دۆستی کچەکەیەتی, جۆرێکی تر لە رأسیزم نییە؟ ئەمانە و گەلێك پرسیاری تر بە خەیاڵی خوێنەری زۆرێك لە وتارەکاندا دێت. ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بە دژی بەرجەستەکردنەوی کەیسی کوشتنی فاتیمەوە بوون لە میدیاکاندا خاڵێك دووپاتدەکەنەوە. کۆردۆ باکسی لە رۆژنامەی ئێکسپرێسندا دەڵێ:" من ترسم لە راوە کورد هەیە". نوێنەرانی کۆمەڵە کوردییەکان یەك بەیەك لە رەشبوونی وێنەی کورد و مۆرکردنی ناوچەوانی کوردەکان بە ژنکوژ دەپەیڤن. بۆیەش زۆر ئاشکرا ئینکاری لە بوونی وشەیەك دەکەن لە زمانی کوردیدا کە پێی دەوترێت تاوانی شەرەف. بەڵام ئەوە تەنها "رووناکبیران"ی کورد نەبوون کە لەبەرانبەر پرسیاری تاوانەکانی شەرەفدا ئینکارییان لە رەهەندی کولتوری ئەم جۆرە لە تاوان کرد, بەڵکو بەشێکی بەرچاوی رووناکبیران و نووسەرانی سویدیش بەم لەشکرەوە پەیوەست بوون. لە هەڵوێستی دەستەی دووەمیاندا (کەڵکوەرگرتنێکی راسیستانە) لە ئەگەری بەرجەستەکردنەوەی رەهەندی کولتوری تاوانەکانی شەرەفدا, وەك بەڵگەیەك بەرزدەکرێتەوە. سەرنجراکێششیش لە پەیوەند بە هەڵوێستی ئەم دەستەیە لە رووناکبیرانی سویدا ئەوەیە کە دەنگبەرزترین نووسەرانی دژی رأسیزمی سویدن و خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەریان بە پەنابەران هەیە. خۆشەویستییەك کە لە زۆر پرسیاردا لە شێوەی بەزەیی پیاهاتنەوەیەکی "ئینسانییانەدایە" بەو کائینەی کە لەمرۆی ئەوروپادا بە "پەنابەر" دەناسرێت. سەرنجدانێکی وتەکانی "یان گویلۆ", ستوونووسی رۆژنامەی ئێوارانی سوید ئافتۆن بلادێت و رۆماننوسی بەناوبانگی ئەم وڵاتە, شایەنی تێرامانێکی وردترە. یان گویلۆ لە رۆژنامەی ناوبراودا و لە رۆژی 23 ی کانوونی دووەمدا دەنوسێت:" ئەو کەسەی هەوڵدەدات تا ئەنجامگیرییەکی ئاینی و کولتوری بۆ تاوانی شەرەف بهێنێتەوە, ئاو بە ئاشی راسیستەکاندا دەکات, بەڵکو لەوەش خراپتر , بێحورمەتی بە تەواوی ئەو کەسانەش دەکات کە فەرهەنگی تاوانی شەرەف لەناویاندا هێشتا ماوە و نەتوانراوە خەباتێکی سەرتاسەری بەرانبەر بکرێت." ئەمە ئیتر پوختەی ئەو تێزەیە کە سیاسەتی کۆمەڵگای فرەکولتوری لەسەر راگیراوە و لە ژێر ئالای "رێژەیی فەرهەنگەکاندا" بانگەوازی بۆ دەکرێت. لەم تێزەدا, رێزگرتن لە ئینسان و رێزگرتن لە بیروباوەرەکەی دەکرێنەوە بە یەك. واتا بە کورتییەکەی رێزگرتن لە کەسێك کە راسیستە( وەك ئەوەی کە مافێکی خۆیەتی وەك ئینسان کە رێزی هەیە) , هاوتا دەبێتەوە بە رێزگرتن لە راسیزم. جیاوازییەکی زۆر گەورە لە بەینی ئەم دوو چەمکەدا هەیە. هەموو موسولمانێکی ئۆسۆڵیش وەك ئینسان شایەنی رێزە, بەڵام ئەمە بە مانی رێزگرتن لە ئیسلام نییە. مەترسییەك کە لەم جۆرە خوێندنەوانەدا هەیە لە پەیوەند بە تاوانی شەرەف و داتەکاندنی ئەو جیهانە کولتورییەی کە تاوانەکانی شەرەف بە هۆیەوە توانای دووبارە خۆبەرهەمهێنانەوەیان هەیە, بە مانای چاوپۆشیکردنە لە راسیزمێکی تر کە لەسەر ئاپارتایدێکی جنسی کاردەکات ونەفی لە بوونی مافەکانی نیوەی کۆمەڵگا دەکات. واتا لەبەر ئەوەی راسیستەکان بەڵگەیەکی باشیان دەستنەکەوێت بۆ دژایەتی کردنی پەنابەران, باشتر وایە تاوانەکانی شەرەف وەك هەموو تاوانێکی تری کوشتنی ژنان چاولێبکرێت. "تاوان هەر تاوانە و هیچ جیاوازییەکی ئەو تۆ لە نێوان هۆکارەکانی کردنی تاوانادا بوونی نییە." ئەمە ئەو شیعارەیە کە دەبێت لەبەرانبەر تاوانەکانی شەرەفدا دووبارە بەرزبکرێتەوە. من خۆم هیچ دژایەتییەکی ئەوتۆم لەگەڵ شیعاری ناوبراودا نییە لە پەیوەند بە رەهەندی یاسایی تاوانەوە. چونکە لە هەردوو بارەکەدا ئێمە لەبەردەم دوو جەستەی بێ گیانداین کە ئافرەتە و دوو تاوانباردا کە پیاوە. بەڵام تاوانی

شەرەف, واتا کوشتنێك کە من لەم وتارەدا بە شوێنیەوەم, دەکرێ کۆتایی پێبهێنرێت و بۆ هەمیشە ئاسەواری کوێربکرێتەوە, ئەگەر ئەو چوارچێوە کولتورییەی کە بەرهەمهێنەرەوی بەهاکانی شەرەفە لەسەر جەستەی ئافرەت نەهێڵرێت, بە تایبەتی لەمڕۆی ئەورووپادا کە ئاستی پرسیارەکانی بەرابەری لە پلەیەکی بەرزتردایە لە پەیوەند بە پاراستنی گیانی و ڕۆحی ئافرەتەوە.

بەلاّم پرسیاری گرنگ لە پەیوەند بە بەلگەی "ئامادەیی ڕاسیزم" لە تێزی یان گویلۆدا ئەوەیە: ئایا ڕاسیستەکان لە پرسیاری تاوانەکانی شەرەفەوەیە چارەی پەنابەریان ناوێت؟ وەلاّم ڕۆشنە. ڕاسیستەکان بەر لە بوونی هەر کێشەیەکی پەنابەرانەوە ئالای خۆیان بەرزراگرتووە و لە بنەماوە پەنابەرانیان ڕەدکردۆتەوە. بۆیەش ئەم کێشانەی پەنابەران تەنها ڕوخسارێکی درێوی تری پەنابەران دەداتە دەستیان بۆ پروپاگەندەکانیان. بەلاّم داکۆکی کردن لە پەنابەران ناکرێت بە مانای ئینکاری کردنی ئەو بە ها کولتوریانە بێت کە بە هۆی دەستپێوەگرتنیەوە لەلایەن بەشێکی پەنابەرانەوەچارەنووسی ژیانی هەزاران ئینسانی لە زیندا ڕاگرتووە. چی لە کێشەی خەتەنەکردنی سەدان کچی دوانزە سالەی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەفریقا دەکەیت کە هاوینان دەیانفڕێنن و لە وڵاتەکانی خۆیاندا لە هەموو تواناییەکی سێکسکردن دەکرێن, یان لە باشترین حالەتێکدا پیرەژنێك دەهێنن و لە ماوەی مانگێکدا سەدان منالّ کەلەپاچە دەکات؟ ئایا چەمکی پەنابەر لەم دەستەواژەیەدا بە مانای بوون بە هۆکارێکی کۆنسێرڤاتیف نییە کە دەبێتە ڕێگر بۆ دەنگهەڵبڕین لە بەرانبەر مافەکانی ئەو منالانەدا کە ترادیسیۆن دەیانکاتە جەستەیەکی بێ گیان و بێ هەست؟ ئایا ئەمە چ دیفاعێکە لە ماڤی پەنابەر کە لە ژێر ناوی ئەودا, چاوپۆشی لەو هەموو بێحورمەتی و سووکایەتییە بکرێت کە ژنان و منالانی پەنابەر گیرۆدەی بوون و لە دۆزەخێکی سەر زەویدا ڕۆژانە بە نهێنییەوە گیان لە دەستدەدەن.

## میدیا و مۆدیلی کولتوری بۆ لیکدانەوەی تاوان

ئەوەی جێگای سەرنجە بۆ کەسێك کە تەماشای ڕۆژنامەکانی سوید بکات( تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئەورووپاش) کاتێك قسەو باس لەسەر کێشەی پەنابەرانێکە کە لێرە دەژین, ئەوا بە سادەیی هەست بە مۆدیلی شیکردنەوەی کولتوری دەکات کە بۆ خوێندنەوەی ئەو پرسیارانە لەبەر چاو دەگیرێن. لە تەواوی پرسیارەکانی لاقەکردنی گەنجانی پەنابەر بۆ کچان, دزین, شەڕ و کوشتن و زۆرێك لە تاوانەکانی تردا, خوێنەر یەکسەر خۆی لەبەرانبەر خوێندنەوەیەکی بێ گیاندا دەبینێتەوە کە خالّی دەستپێکردنەکەی ڕەهەندی ئیتنی و کولتوری تاوانبارە. کەچی سەرنجراکێش ئەوەیە, لە و شوێنەی دا کە دەکرێ پێشینەی کولتوری وەك سەرچاوەیەك لەبەر چاو بگیرێت , بە تایبەت لە پەیوەند بە تاوانەکانی شەرەفدا, ئەوا دەستەواژەی "تاوان هەر تاوان" ە وەك پەرچەمێك بەرزدەکریتەوە.

سەرنجێك لەم خوێندنەوەیە بدەن لە پەیوەند بە ئاستی بەرزی ڕێژەی تاوانەکانی دزینی ئۆتۆمبیل, بازرگانی کردن بە کالای دزراوەوە, مەوادی بێهۆشکە ر و زۆر شتی تر, کە بە پێی ڕاپۆرتەکانی دەستگای پۆلیس لە ناو گروپێکی ئیتنی وەك ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆدا بوونی هەیە. ئەم وێنەیەی کۆسۆڤۆی ئەلبانی, لەناو بەشێکی زۆری ئەو پەنابەرانەشدا کە لە نزیکەوە لە کەمپەکاندا لە گەڵیاندا دەژین, دروستی خۆی دەسەلمێنێ. ئەم شیکردنەوەیە لە پەیوەند بە کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیاوە, هێندەی تێڕوانینێکی ڕاسیستی لە پشتییەوەیەتی, هێندە نزیکایەتی بەو پرسیارەوە نییە کە کێشەیەکی کۆمەلایەتییە و تەنها بوونی چوارچێوەیەکی کۆمەلایەتییە کە بەرپرسیارییەتی هەیە لە دروستکردنی تاوانباردا. بەلاّم ئایا بەڕاستی هۆی ئەم بەرزی ڕێژەی تاوانکارییەی کۆسۆڤۆکانی ئەلبانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا کۆسۆڤۆکان دزن لەبەر ئەوەی کە خەلکی ئەلبانیان؟

بەلاّم سەرچاوەی پرسیاری "دزی" بەشێك لە کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا لە جێگایەکی تردایە. ئەگەر وتەکانی "سیمۆن دی بۆڤوار" لە پەیوەند بە ژنانەوە لەبەرچاو بگرین, ئەوا ئاسانتر کێشەی بەرزی ڕێژەی تاوانکاری ئەو گروپەمان بۆ ڕووندەبێتەوە. دی بۆڤوار دەلێ:" ئێمە وەك ئینسان لە دایك دەبین و بە ژن دەکرێین." ئەگەر ئەم دەستەواژەیە دووبارە تێکبشکێنینەوە و بینووسینەوە, ئەوا بەمجۆرەی لێدێت:"

کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا وەک ئینسان لە دایک دەبن و بە دزدەکرێن"

کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا, قوربانیانی شەڕی ناتۆن لە یوگوسلافیادا. دەوڵەتانی ئەورووپا بۆ بەخشینی ڕەوایەتێکی تری ئینسانی بۆ جەنگی خۆیان لە یوگوسلافیادا, ئامادەبوون کە هەزاران پەنابەری کۆسۆڤۆ لە وڵاتەکانی خۆیاندا وەک پەنابەر وەربگرن. بەڵام نەک وەک



**فاتیمە**

پەنابەرانێک کە خاوەنی ئیقامەی دائیمی بن, بەڵکو ئیقامەی ئەم گروپە مەرجداركراوە بە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەوەی کە لە کۆسۆڤۆدا دەکرێت پێک بێت. ئەوان لێرەن تا ئەو کاتەی هەلومەرجی سیاسی لە خوارەوە بەرە و "ئارامی" دەڕوات" ئارامییەک کە ئەورووپا بڕیاری لەسەر دەدات, نەک ئەوەی کە هاوڵاتییەکی ئەوێ چ پێناسەیەکی بۆ ئارامی سیاسی هەیە, دواتریش ڕەوانەدەکرێنەوە بۆ ئەوێ. بۆیەش ئیقامەی کۆسۆڤۆکانی ئەلبانیا چ لە ئەڵمانیادا و چ لە سویددا ئیقامەیەکی کاتییە و هەموو پەنابەرێکی ئەم ناوچەیە باش دەزانێت کە ڕۆژێک دەبێ دیپۆرت بکرێتەوە بۆ ئەلبانیا. کاتێک پەنابەر لە وڵاتی نوێدا لە چاوەڕوانییەکی گەورەدا ژیان بەسەردەبات تاکو ڕۆژێک ڕەوانە بکرێتەوە بۆ وڵاتێک کە نە خانوی بە پێوە ماوە, نە توانای ئەوەیشی هەیە سەر لەنوێ ژیان دەست پێبکاتەوە بە دەستی بەتاڵەوە, ئەو کاتە تەواوی ئەو خەونانەی کە پەنابەرێکی ئاسایی هەیەتی و دەزانێت کە فشاری دیپۆرتکردنەوەی لەسەر نییە لە چوونە قوتابخانە و گەڕان بە شوێن کاردا و دانانی بنەیەک لە وڵاتی نوێدا, ئەمانە هەر هەموویان هیچ جێگایەکی ئەوتۆ داگیر ناکەن و ئومێدی پەنابەر لەوێدا کۆدەبێتەوە کە بە خێراترین شێواز زیاترین پارە بەدەست بێنێت و وەک سەرمایەیەک بۆ ئایندەی گەڕانەوەی کاری لەسەر بکات. پەنابەری کۆسۆڤۆ لە ئەورووپادا لە خەونی دروستکردنی ژیانێکی سادە دەکرێت و هەموو ئومێدەکانی بە ئایندەیەک دەسپێردرێت کە لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی شەر و بێکاری دەبێت بێتە دی. هەر بۆیەش ئینسانێک لە ژێر کاریگەری ئەم خەون لێزەوتنکردنەدا لێرە, بە ئامانجی کڕینەوەی ئەو خەونە لە وڵاتی خۆیدا, دەبێت سڵ لە هیچ کارێکی ڕەش و تەنانەت تاوانکارییانەش نەکاتەوە. کاتێک بەشێکی زۆری پەنابەرانی کۆسۆڤۆ ڕوودەکەنە بازاڕی کاری ڕەش و کڕین و فرۆشتنی تەلەفۆن و سەیارەی دزراو, ئەوان وەک کارێکی ناشیاو سەرنجی لێنادەن, بەڵکو وەک هۆکارێکی خێرا بۆ بەدەستهێنانی پارەیەکی مۆڵ بە کورتترین ڕێگا سەرنجی دەدەنێ. بە کورتییەکەی, پەنابەرانی ئەلبانی دز نین و بە دز دەکرێن.

بەرزی ڕێژەی تاوانی ناو گروپی پەنابەرانی ئەلبانی هیچ پەیوەندییەکی بە شوێن پێی ئیتنی و کولتوری ئەم پەنابەرانەوە نییە و پرسیارێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای سویدە. بەڵام کاتێک مێدیای سوید تەنها بە بەرجەستەکردنەوەی ڕەهەندی ئیتنی و کولتوری ئەم پرسیارە و گێردەکات و نایەوێت ڕەهەندی کۆمەلایەتی ئەم پرسیارە بەرجەستە بکرێتەوە, خوازیاری ئەوەیە کە ئەم کێشەیە بە پرسیارێکی ئەلبانی لەقەڵەم بدات و گەردنی کۆمەڵگای سویدی لێ ئازاد بکات کە نەبوونی ئیقامەی ئەم گروپەیە لە وڵاتی نوێدا.

ئەم خوێندنەوەیە بە شێوازێکی تر لە پەیوەند بە تاوانەکانی شەرەفەوە کاردەکات و بە ئاراستەیەکی ترەوە لە داتەکاندنی بەرپرسیارێتی دەوڵەت بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ژن و کچانەی کە لە ژێر چەقۆکانی ناموسپەرستیدا راگیراون خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. من لە شوێنێکی تردا دیمەوە سەر ئەم لایەنەی کە بۆچی لە کەیسی تاوانی شەرەفدا ڕەهەندی کولتوری ئەم پرسارە نابینرێت و لە کەیسی تاوانەکانی دژی ئەلبانییەکاندا دەبێت بەرجەستە بکرێتەوە.

## تاوانی شەرەف

لە و قسەو باسەنەی کە زۆرینەیەک لە خەڵکی کورد لە کەناڵەکانی مێدیای سویدەوە دەیکەن و لە ڕادیۆ ناوخۆییەکانی شارەکانی سویددا بەر گوێ دەکەون, یاخود ئەو وتارانەی کە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا نووسراون, ناڕۆشنییەکی گەورە هەیە. ئینکارکردنی

تاوانی شەرەف وەك بەشێك و جومگەیەکی گەورەی ناو ئەو کولتورەی کە بە کولتوری کورد دەناسرێت, خیتابی گەورەی ئەم لێدوانانەیە کە لە پەیوەند بەم پرسیارەدا خراونەتە ڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش بانگەوازی لە چەشنی: " لە هەموو کۆمەڵگایەکدا ژنکوژی هەیە و کەیسی فاتمە هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ کوشتنی پیاوێکی سویدی بۆ ژنەکەیدا نییە" , یاخود:" تاوان هەر تاوانە و باوکساری لێی بەر پرسیارە."

ئەو دیدەی لە پشت ئەم خیتابەوە کاردەکات, ئامانجدارانە نایەوێت ئەو سیستەمە ببینێت کە دووبارە بەرهەمهێنەرەوەی تاوانەکانی شەرەفە. تەنانەت ڕادیکاڵترین خیتابێکیش کە ئاماژە بە ڕۆڵی "باوکسالاری" دەکات و قسە لە جیهانی بوونی دەسەڵاتی باوکسالاری دەکات, لە بێوەڵامییەکی گەورەدا بە جێمان دەهێڵێت بە تایبەت لە پرسیاری وەڵامی عەمەلی چۆنێتی دانانی پلاتفۆرمێکی ڕۆشندا بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسیارە لەمرۆی سویددا. چونکە کاتێك پەیامی "تاوان هەر تاوانە و لە هەموو جێگایەکی سەر زەویدا ژن دەکوژرێت" بەرزدەکرێتەوە, ئەوا ئامانجدارانە قبوڵی ژنکوژی دەکات و باوکسالاری بە بەرپرسیار دادەنێت. لە کاتێکدا لەمرۆکەی سویدا, ئیمکانی ئەوە هەیە کە تاوانەکانی شەرەف بنەبڕبکرێت و ئەو ئاستەی کە پرسیاری بەرابەری لەم وڵاتەدا پێی گەییوە, توانای پاراستنی قوربانییەکانی تاوانی شەرەفی هەیە بەر لەوەی دەستی درێژی شەرەف پارێزانیان پێ بگات.

# سیستەمی باوکسالاری و جیهانی بوونی ئەو

ئەگەر لە هات و هاوار و بانگەوازی نووسەرانێکدا دەنگێك هەبوو بێت کە لەبەرانبەر تاوانەکانی شەرەفدا کە قسەیەکی جیاواز تری کردبێت, ئەوا دووبارە کردنەوەی ئامادەیی چەمکی دەسەڵاتی باوکساری بووە. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێك لە نووسەران هێندە زۆر ڕۆیشتن کە لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا هەواڵی کوشتنی ژنێکی ئەڵمانی یان سویدییان بە تێکستی هەمان زمانی ڕۆژنامەکانەوە دەخستە سەر سایتەکانی ئینتەرنێت و بانگەوازی جیهانی بوونی سیستەمی باوکسالارییان دووپات دەکردەوە. ئەم هەموو کارکردنە تەنها بۆ ئەوە بووکە ڕەهەندی کولتوری تاوانەکانی شەرەف بسڕنەوە. بەڵام ئایا ئەم خوێندنەوەیە چی تازەی بۆ کەشفکردوین؟ دووپاتکردنەووی ئەوەی کە ژنکوژی لە هەموو کۆمەڵگاکانی ئەمرۆی سەر زەویدا ئەنجام دەدرێت و کوشتنی فاتیمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کوشتنی کچێکی ئەڵمانی و سویدیدا نییە, ئەیەوێت چیمان پێبڵێت؟ "بمرێ باوکسالاری". بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوەیە خاوەنی قسەیەکی ڕادیکاڵانە تر بوو. بۆیەش کۆتایی هێنانی بە سەرمایەداری وەك سەرچاوەی مەینەتەکان بانگەواز کرد. ئەم وتانە ئەلف و بێی هەر کەسێکە کە پێی وا بێت سەرمایەداری سەرچاوەی هەموو مەینەتەکانی ئەمرۆکەی سەر زەوییە و بە کۆتایی هێنان بەم دێوەزمەیە کە دووبارە بەرهەمهێنەرەوەی نایەکسانییە, کۆمەڵگای ئینسانی دەتوانێت ژیانێکی دوور لە چەوساندنەوە بەسەر بەرێت. بەڵام هەر ئەمرۆکە و لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا ئینسان توانای دەستکورتکردنەوەی ئەم سیستەمەی هەیە لە دەستدرێژییەکانیدا بۆ سەر حورمەتی ئینسان. خەباتی بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان لەم چەند سەدەیەی دواییدا, شایەتی ئەوە دەدات کە ژنان بوونەتە خاوەنی بەشێك لە و مافانەی کە بۆ ژنانی زۆر جێگای ئەمرۆکەی سەر زەوی خەونە. ئەمرۆکە لە وڵاتێکی وەك سویددا کەی کێشەی ژن ئەوەیە کە باوك بەزۆر بیدات بە شوو, یان لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات کە سێکسی هەبووە لە دەرەوەی خێزاندا یاخود نا. بەڵام بۆ زۆرێك لە ژنانی پەنابەر, نەك هەر سێکس کردن بە ئارەزووی خۆ لە دەرەوەی چوارچێوەکانی خێزاندا, بەڵکو مافی هەڵبژاردنی هاوسەریش لە جەرگەی ئەورووپادا خەونێکە. نەبینینی خەونی شووکردن بە خواستی خۆ, نەك سێکس کردن لەدەرەوەی خێزان, پەڵە کوێرەکانی ناو چاوی ئەو دیدەیە کە جیاوازییەکانی نێوان دەسەڵاتی باوکساری کۆن و "مۆدێرن" نابینێت و جیهانی بوونی سیستەمی باوکسالاری بە گوێماندا دەدات.

بەڵام خودی دەسەڵاتی باوکسالاری چییە؟

ناتوانین قسەیەك لە تاوانەکانی شەرەف بکەین, ئەگەر ئەو سیستەمە باوکسارییە شینەکەینەوە کە لە پشت خیتابی شەرەفەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ژناندا فەرز کردووە. بەڵام ئایا

سیستەمی باوکسالاری تەنها لەیەك شێوازدا دەردەکەوێت؟ ئەو خیتابەی کە دەسەڵاتێکی باوکسالار لە هەناوی مەزهەبەوە دەیهێنێتە دەرێ هەر هەمان خیتابە کە دەسەڵاتێکی باوکسار دەیەوێت لەسەر سێکسوالیزەکردنی جەستە کاربکات؟ سیستەمی باوکسالارییەك کە لە یەکێتی کرێکارانی سوییددا خۆی داکوتاوە و ڕێگرە لەبەردەم هاتنەناوەوەی ژناندا بۆ ئاستە بەرزەکانی کاری نیقابیدا هەر هەمان سیستەمە کە لە ناو ناسیونالیزمدا نیشتیمان دەکاتەوە بە دایك و لەوێشەوە لاقەکردنی ژنانی نەتەوەی دی دەکاتە پرۆسەی ئەتککردنی نیشتیمانی سەربازانی دوژمن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ من بە "نا" نییە. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو توانای دەرکەوتنانەی سیستەمی باوکسارییدا، هێشتاکەش دەتوانین پێناسەیەکی گشتی بۆ ئەم سیستەمە بکەین.

سیستەمی باوکسالاری ئەو سیستەمەیە کە بەهۆیەوە هەڵاواردنی نێوان ئینسانەکان بە هۆی جنسیەتەوە دووبارە بەرهەمدەهێنێتەوە و لەسەر دووبارە ڕاگرتنەوەی سەردەستیەیی پیاو و ژێردەستەیی ژنەوە کاردەکات. بەڵام سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژن ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات ئەگەر سیستەمێکی تر نەبێت کە زەمینەی ئەم هەڵاواردنەی لەناو خۆیدا هەڵنەگرتبێت تاکو جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان ژن و پیاو بکاتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانەوەی نابەرابەری. دەسەڵاتی سیستەمی باوکساری تەنها ئەو کاتە دەتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات کە زەمینەکانی هێشتنەوەی نابەرابەری ئامادەیی هەبێت تاکو ئەم سەردەستەیی و ژێردەستەییە بەرهەمبهێنێتەوە. بە کورتییەکەی ئەوە کۆمەڵگای چینایەتی و سیستەمی قازانجە کە ئینسانەکان لە دوو جێگا و شوێنی جیاوازدا ڕادەگرێت و جیاوازییەکی سروشتی نێوان ئینسان دەکاتە چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ



ێلا

درێژەدان بەتەمەنی سیستەمی نابەرابەری. ئەوە جێکەوتنی جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان ژن و پیاوە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ناسروشتی کۆمەڵایەتیدا کە لەسەر بەرهەمهێنانەوەی قازانج ڕاوەستاوە کە سەردەستەیی و ژێردەستەیی دەکاتە واقعیەتێکی زیندوو.

بەڵام تایبەتمەندییەکی ئەم سیستەمی پیاوسالارییە لەوەدایە کە بەپێی هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری جیاواز توانای خۆگۆڕین و خۆدەرخستنەوەی لەژێر دەموچاوی جۆراوجۆردا هەیە. لەو شوێنەیدا دەسەڵاتی پیاوسالاری گورزی کوشندەیی بەردەکەوێت و پانتاییەکانی دەسەڵاتی دەکەوێتە بەر پەلاماری بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و ڕادیکاڵانەی کۆمەڵگا، ئەگەر زەمینەکانی سیستەمی باوکساری بەپێوە مابێت، ئەوا ئەویش شێوە و ناوەڕۆکی خۆی دەگۆڕێت و بە دەموچاوێکی ترەوە دێتەوە مەیدان. ئەمڕۆ ئیتر سیستەمی باوکسالاری "مۆدێرن" لە ئەوروپادا ناتوانێت بە "ناقص العقل" بوونی ژنانەوە بێتە گۆ. بەڵکو پەیام و تەنانەت شێوازی دەرکەوتنەوەیشی لە ژێر پەیامێکی تری بەناو ئینسانییەوە دەردەبڕێت. دەرکەوتنی کەیسێکی پێدۆفیل (لاقەکردنی منداڵی بچووك) لە ناو باخچەی ساوایاندا بەسە بۆ ئەوەی کە پیاو لەم بوارەی کارکردندا دوور بخاتەوە و لەژێر ئاڵاکانی داکۆکیکردن لە ماف منداڵاندا، کارکردن لەم شوێنەدا بکاتە تاکە کارێکی کەم کرێی ژنانە.

ئەگەرچی سیستەمی باوکساری بە گشتی لەسەر ڕاگرتنی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژنەوە کار دەکات، بەڵام هۆکار و کایەی جۆراوجۆر دەسازێنێت تا دووبارە خۆی پێناسە بکاتەوە.

## تاوانی شەرەف و سیستەمی باوکساری

لە هیچ زەمانێکی جیهانیدا کە تیایدا چەمکی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف برەوی هەیە، بەقەد زەمانی کوردی بنەما و تەنانەت هۆکاری ئەنجامدانی ئەم کارە ڕۆشن نییە. لە کۆمەڵگای کوردیدا پیاو، جا باوك بێت یان برا یان ئامۆزا یان هەر نەوەیەکی تری نێر کە لە ئامادەنەبوونی ئەو کەسانەی تردا دەکرێت ڕۆڵی کوژەری ئافرەت ببینێت، هەڵدەستێت بەم تاوانە تاکو شەرەفی خۆیی و بنەماڵە بکرێتەوە. ژنی کوژراو ئەو کەسە بوو کە ئەم

شەرەفەی هەرزان فرۆشت، بۆیەش بۆ کڕینەوەی دەبێ نرخێکی گرانتر بدرێت کە بە هیچ شتێکی تر ناپێورێت، ژیانی خودی ئافرەت نەبێت. ئەوەی ئەم پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەی لەسەر ئەنجامدەدرێت، سێکسوالیتێتی ژنە.

بە پێی ئەو سیستەمە فیکرییەی کە دەسەڵاتی باوکساری کۆن لەسەری کار دەکات و تەواوی بەهاکانی ڕێزلێگرتنی ئینسانی لەسەر دادەمەزرێت، کە تیایدا بە پلەی یەکەم ئەو ئینسانە پیاوە، سێکسوالیتێتی ئافرەت خاڵی سەنتەر و بگرە تەواوی بنەماکانی ڕێز و حورمەتی پیاوی لەسەر رآگیراوە. بە پێی ئەم دەستگا فیکرییە هەر پەیوەندییەکی جنسی ئافرەت لە دەرەوەی ئەو نۆرمەی کە خێزانە، مانای پیسکردن و لەکەدارکردنی شەرەفی پیاوە. ئەم کردەوە سێکسییە لە پلەی یەکەمدا گرنگ نییە کە لە باری فیزیکییەوە ڕووی دابێت.واتا هەر جوولەیەکی ئافرەت، نیگایەکی ئەو کە بۆنی سێکسی لێ بێت، کافییە بۆ ئەوەی کە بە مانای لەکەدارکردنی شەرەفی پیاو لێکبدرێتەوە. تاوانی شەرەف کە لەلایەن سیستەمی باوکسالاری کۆنەوە بەرهەمدەهێنرێتەوە هیچ شتێك نییە جگە لە کۆششی ئەم دەسەڵاتە بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ژن.

ژن لەژێر کاریگەری ئەم دەسەڵاتە باوکسالارییەدا، ئەو کەسەیە کە خۆی خاوەنی جەستەی خۆی نییە و هەر بۆیەش سێکسوالیتێتی ئەو و بڕیاردان لەسەر کردنی ئەم کارە دەخرێتە دەستی پیاوانی خێزان و هۆز و خێڵەوە.

بەڵام پیاوی ئەنجامدەری تاوانی شەرەف هیچ شتێك نییە جگە لە ئامرازێك. تاوانباری ڕاستەقینە ئەو فشارە گەورە کۆمەڵایەتییەیە کە سیستەمی باوکسالاری لەدەرەوەی تاکەکان دروستی کردووە و تیایدا هەموو ئاراستەکان ڕووبەڕووی ئەو پیاوە کراوەتەوە کە ژنەکەی، خوشکی یان دایکی شەرەفی ئەوی دۆڕاندووە و پێی دەڵێن: بڕۆ شەرەفت بکڕەرەوە. ئەوەی کە تایبەتمەندی تاوانی شەرەفە و ئەم تاوانە لە کوشتنی پیاوێکی سویدی بۆ ژنەکەی جیادەکاتەوە، کاریگەری ئەم دەسەڵاتی باوکسالارییە لەسەر ئەو تاکانەی تری کۆمەڵگا کە ڕەنگە نزیکایەتییەکی ئەوتۆییشیان لەگەڵ بنەماڵەی پیاوەکەدا نەبێت. فشارێك کاتێك هەست بە ڕەوینەوەی دەکرێت و پیاوی ئەنجامدەری تاوان دەتوانێت ئاهێك هەڵبکێشێت و سەربەرزانە بە کۆمەڵگادا بگەڕێت کە تاوان ئەنجامدراوە. پیاوی تاوانی ناموسی لە شڵەژانییەکی گەورەی دەروونیدا ژیان بەسەر دەبات کاتێك ژنێکی نزیکی خۆی شەرەفی پیاوانی بنەماڵە دەخاتە مەترسییەوە. ئەو ژن دەکوژێت بۆ ئەوەی شەرەف بکڕێتەوە و بالانسی ڕۆحی خۆی وەربگرێتەوە. ئەو سەرشۆڕترین پیاوەکانی کۆمەڵگایە و دەکوژێت بۆ ئەوەی سەربەرزکاتەوە. کاتێك لە وشەی "سەربەرزکاتەوە" ووردەبینەوە ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت ئەم پرۆسەی سەربەرزکردنەوەیە کاردانەوەیەکی تاکگەراییانەی پیاوکوژنییە. بەڵکو لەبەرانبەر کەسانێکی تردا سەری خۆی بەرزدەکاتەوە کە تاکو ئەنجامنەدانی تاوانەکە بە ئینسانێکی بێ شەرەف و سەرشۆڕییان لەقەڵەم دەدا. هەربۆیەش لە پرۆسەی سەربەرزکردنەوەی تاوانباردا ئێمە خۆمان لەبەرانبەر یەکێك لە هەرە تایبەتمەندییەکانی تاوانی شەرەفدا دەبینینەوە کە لە تاوانی تری کوشتنی ژناندا وە بەتایبەت لەو شوێنانەی کە چەمکی شەرەف لە سێکسوالێتی ژن جیاکراوەتەوە، بوونی نییە. ئەم تایبەتمەندێتییەی تاوانی شەرەف ئەوەیە کە ئێمە ڕووبەڕووی کێشەیەك نین کە لە نێوان دوو تاکی کۆمەڵگایەکدا بێت و لەسەر کێشەیەکی تایبەتی بە کوشتن تەواو بێت. بەڵکو ئێمە لەبەرانبەر تاوانێکداین کە تیایدا ژن وەك تاك لەبەرانبەر سیستەمێکدا ڕاگیراوە. تاوانی شەرەف کردەوەیەکی تاوانکارانەی تاك نییە لە بەرانبەر تاکێکی تردا. بەڵکو تاوانی شەرەف کردەوەیەکی کۆژەرانەیە کە تیایدا سیستەمێکی گەورە لەبەرانبەر تاکێکدا سەنگەردەگرێت و بڕیاری مەرگی بەسەردا دەبارێنێت. ئەوەیشی کە ڕەهەندی کولتووری بەم تاوانە دەبەخشێت، بە کۆمەڵایەتیکردنی چەمکی شەرەف و چرکردنەوەی ئەم چەمکەیە لە سێکسوالیتێتی ئافرەتدا کە سەرتاپای کۆمەڵگا دەتەنێت و بە شێوەی تۆڕێکی گەورە ئینسانەکان لە ناوخۆیدا یەخسیر دەکات. لەو کۆمەڵگایانەدا کە تاوانی شەرەفی تێدایە ئێمە شایەدی بەهایەکی تر و پێناسەیەکی تری شەرەف نین کە لە سێکسوالیتێتی ژنان جیاکرابێتەوە. پیسترین و ناشیرینترین جنێوەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بە کۆمەڵگای کوردیشەوە، ئەو جنێوانەن کە دەبێ دایك و خوشکی کەسی جنێوپێدراو بگرێتەوە. بەمە ئینسان لە ناسکترین تاڵەکانی هەستی ئەو کەسە دەدات کە هەموو حورمەت و ڕێزی

خۆی لەو شوێنەدا کۆدەکاتەوە کە کەسی جنێودەر لە ڕێگەی جنێوەکانییەوە بەنیازە پیسی بکات.

لە کۆمەڵگای کوردیدا هەتا ساتە وەختەکانی ئێستاکەش شەرەف و سێکسوالێتی ژن بەجۆرێك بەناو یەکدا چوون کە مەحاڵە لەیەکتری جیابکرێنەوە.

## دووڕەگ بوونی سیستەمی باوکسالاری

دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژن، پایەیترین بنەماکانی سیستەمی باوکسارییە. بەڵام هەر لەبەر ئەوەی ئەم سیستەمە لەسەر ڕاگرتنی دەسەڵاتی پیاو کاردەکات و تاکە خزمەتێکیش کە ئەم سیستەمە بە سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دەکات بۆ بەردەوام بوونی هێشتنەوەی نابەرابەرییە، نابێتە سیستەمێك کە ڕەگەزی نێری هەبێت. بە کورتییەکەی دەسەڵاتی باوکساری خاوەنی ڕەگەزێکی نێرانە نییە هەر لەبەر ئەوەی کە پارێزەری دەسەڵاتی نێرە. ڕۆشنکردنەوەی ئەم لایەنە لە پەیوەند بە جنسییەتی سیستەمی باوکسالاریەوە کۆمەکێکی زیاترمان دەکات بە کاراکتەرێکی تری تاوانی شەرەف کە لە ژێر ناونیشانی سیستەمی باوکسالاریدا ووندەبێت. سیستەمی باوکسالاری جنسییەتی نییە وەك ئەوەی کە بڵێی نێرە. بەڵکو ئەم سیستەمە خاوەنی شوناسێکی بێ جنسییەتە. واتا دەکرێ هاوکات هەڵگری جنسییەتێکی نێرانە و مێیانەش بێت. ئەم دووالیزمە جنسییەی سیستەمی باوکسالاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووە درێژەی ئەم سیستەمە و کاریگەرییەکانی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەوە تەنها پیاوان نین کە بەرپرسیاری ڕاگرتنی سیستەمی شەرەفن کە لە پلەی یەکەمدا لەسەر سێکسوالێتی ژنەوە پێناسە کراوە. بەڵکو ژنانێکی زۆری کۆمەڵگاش بە هۆی مێژوویەکی درێژی ئەم ژێردەستەییەیانەوە بوونەتە هەڵگری کولتورێکی پیاوسالارانە و بە بەشێك لە لەشکری پارێزەرانی شەرەف گۆڕدراون. دووبارە جەختکردنەوەی دایکان لە وەرگرتنەوەی پەڕۆی خوێناوی کچی تازە شووکردوو، هاوبەشیکردنێکی چالاکانەی ژنانە لە دووبارە درێژەپێدان بە کولتوری شەرەفێکدا کە لە دوو دڵۆپە خوێنی پەردەی کچێنی کچەکانیاندا کۆکراوەتەوە، هاوکاتیش وەفاداربوونی خۆیانە بەو کۆنتراکتەوەی کە دەسەڵاتی باوکسالاری پێی ئیمزاکردوون کە دەبێ سەربەرزی خۆیان و ڕۆڵی دایکایەتییەکی باش بۆ خۆیان لە پەروەردەکردنێکی بەشەرەفانەی کچەکانیانەوە ڕابگەێنن.

ئەم "پیاوسالارییە"ی بەشێکی زۆری ژنان تەنها لە ژنانێکی تەرادیسیۆنیدا بەرجەستە نابێتەوە وبگرە بەشێکی تری ژنانی تری کۆمەڵگا دەگرێتەوە. ئەم پیاوسالارییەی ژنان لە ناو سیستەمی باوکسالاری مۆدێرندا لەشکرێکی گەورەی لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان پێکهێناوە کە بەرپرسیاری یەکەمی ڕۆژنامەکانی مۆدە و جوانی ئافرەتن و ئەرکی یەکەمیان پێسپێردراوە لە پرۆسەی سێکسوالیزەکردنی جەستەی ئافرەتدا کە خەسڵەتی سەرەکی دەسەڵاتی باوکسالاری مۆدێرنە. بۆیە کاتێك ئەم دیدەمان لەبەرچاودا بێت بەرانبەر بە سیستەمی باوکسالاری کە ڕەگەزێکی نێرانەی نییە و دەکرێ هەڵگری هەر دوو ڕەگەزەکە بێت، دەتوانین خۆمان لەو خیتابە فێمینیستییەی ئەورووپا ڕزگارکەین کە پەیامی بەشێکی زۆری بزووتنەوە فێمینیستییەکانی ئێرەیە و لە دوائەنجامدا لە ڕقێکی کوێرانەی دژی پیاوەوە خۆی بەیان دەکات.

ئەم دووڕەگەزییەی سیستەمی باوکساری، ئەو لایەنەی تاوانی شەرەفمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە خیتابی شەرەف تەنها خیتابێکی پیاوانەی ڕووت نییە و ژنانیش بە شێوەیەکی تر شەریکی دووبارە ڕاگرتنەوەی پایەکانی ئەم سیستەمەی شەرەفن کە لەسەر کۆنترۆڵکردنی سێکسوالێتی خۆیان ڕاگیراوە.

تاوانی شەرەف کوشتنێکی کوت و پڕی کێشەی نێوان دوو کەس نییە کە لە ئان و ساتێکی تایبەتیدا دەتەقێتەوە و بە کوشتنی ژن کۆتایی پێ دێت، بەڵکو پرۆسەی ئیعدام کردنێکی بە ئاگاهایانەیە و بە نەخشەیەکی وورد و درشت دەچێتە پێشەوە و پیلانێکی درێژی کۆمەڵێ کاراکتەری سەرەکییە کە ژنیش تیایدا بەشدارە.

## باوکسالاری مۆدێرن

من لە ناوهێنانی ئەم سیستەمی باوکسالارییەدا وشەی مۆدێرن بەکاردەبەم نە بە مانای مۆدێرن بوونی پەیامەکەی. بەڵکو تەنها بۆ جیاکردنەوەی لەو سیستەمی باوکسالارییەی کە میکانیزمەکانی کارکردنی بە جۆرێکی ترە

و تەواو بە پێچەوانەی باوکساری کۆنەوە کار دەکات. ئەگەرچی لە دوا ئەنجامدا هەر دوو لایان دوو دەسەڵاتی تایبەتین بۆ بەردەوامبوونی نابەرابەرییەك کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە. لە سیستەمی باوکسالارییەکدا کە لە ئەوروپای خۆرئاوادا و تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئەوروپای خۆرهەڵاتیشدا بەر پرسیاری هێشتنەوەی نابەرابەری نێوان ژن و پیاوە, چەمکی شەرەف لە دەسەڵاتی باوکسالار دەرهێنراوە و لە سێکسوالیتێتی ژن جیاکراوەتەوە. ژن لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا خاوەنی جەستەی خۆیەتی و ئەوە تەنها خۆیەتی کە پەیوەندیی جنسییەکانی خۆی ڕێکدەخات و سێکسوالیتێتی ئەو لە دەسەڵاتەکانی خێزان و خێڵ و گرووپی تر دەرهێنراوە. خاوەندارێتی بوونی ژن بۆ جەستەی خۆی و گۆڕینی کردەوەی سێکسی ئەو بە کارێکی تایبەتی و شەخسی, بە مانای ڕزگارکردنی جەستە و سێکسوالیتێتی ژنە لەو سیستەمەی کە چەمکی شەرەف و کولتووری شەرەڤ دەسەڵاتی باوکسالاریەکی کۆن پێکدەهێنێت. بەڵام هاوکاتیش ئەم سیستەمە پاش لە دەستدانی دەسەڵاتی بەسەر جەستەی ژن و سێکسوالیتێتی ئەودا, ئەمجارەیان لە ڕێگەی سێکسوالیزەکردنی جەستەوە خوازیاری داگیرکردنەوەیەتی. ئەوەی کە ئەم شۆڕشە لەبەرانبەر سیستەمی باوکسالاریدا بەرپادەکات و شەرەف لە جەستەی ژن دەکاتەوە“ خەبات و کۆششی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی ئەم کۆمەڵگایانەن. ئێمە لەبەرانبەر دەسەڵاتی باوکسالاریدا خۆمان لە ناو هاوکێشەیەکدا دەبینینەوە کە لە "سەردەستەیی" پیاو و "ژێردەستەیی" ژن پێك هاتووە. پرسیاری بەرابەری لە گشتییەتی خۆیدا هیچ شتێك نییە جگە لە تێکشکاندنی میکانیزمەکانی ئەم هاوکێشەیە و گۆڕینی تەرازووی دەسەڵات بە و شێوەیەی کە مەسافەیەك لە نێوان سەردەستەیی و ژێردەستەییدا نەمێنێت. پرسیاری بەرابەری ژن و پیاو هیچ شتێکی تر نییە جگە لە تێکشکاندنی ئەو زەمینانەی کە سیستەمی باوکسالاری ژنێتی و پیاوێتی وەك دوو شووناسی ئەزەلی و ئەبەدی قبوڵدەکات و چەمکەکانی سەردەستەیی و ژێردەستەیش لەسەر ئەم جیاوازییە جنسییەوە بەرهەمدەهێنێتەوە. بەرابەری ژن و پیاو هیچ شتێك نییە جگە لە سڕینەوەی شوناسەکانی ژنێتی و پیاوێتی و کردنەوەی ئەم ڕەگەزانە بە چەمکێکی بێ مانا کە تیایدا ئەم جیاوازییە جنسییانە نەبێتە هۆکاری دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەڵاواردنێکی جنسی.

ئەگەرچی سەردەستەیی پیاو و ژێردەستەیی ژن یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی سیستەمی باوکسالاریە کەچی لەو سیستەمەدا کە تاوانی شەرەف بەرهەمدەهێنێتەوە, ئێمە لەبەرانبەر هەمان هاوکێشەی دەسەڵاتدا نین. سەردەستەیی و ژێردەستەیی هیچ شتێك نیشان نادات جگە لەو باڵانسی دەسەڵاتەی کە بزوێنەری ئەم هاوکێشەیەی سیستەمی باوکسالارییە. پرسیاری بەرابەری و فراوانترکردنی مەوداکانی ئەو بۆ تەواوی سترەکچەری کۆمەڵگا, لە فشاری هێزەکانی ژێردەستەیی ژنەوەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی سەردەستەیی پیاو. ئەوەی لێرەدا پێویستە ڕۆشنبێتەوە ئەوەیە کە هێزەکانی ژێردەستەیی تەنها بە بزووتنەوەیەکی ژنانەوە سنووردارنابێتەوە و کۆمەڵێك بزووتنەوەی سیاسی ڕادیکاڵ لە ژێر ئەم پێناسەیەدا جێگەیان دەبێتەوە. چەندە تەرازووی هێزی ژێردەستەیی گەورەتر بێت وئەم تەرازووی هێزە بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە, هێندە پانتاییەکانی بەرابەری لە کۆمەڵگادا فراوانتر دەبێت.

کەچی لە سیستەمی باوکسالاری کۆندا ئەم هاوکێشەیە هەروا بە ئاسانی کار ناکات, واتا ئێمە خۆمان لەبەرانبەر سیستەمێکی باوکسالاریدا نابینینەوە کە لەسەر هاوکێشەی سەردەستەیی و ژێردەستەیی پێکهاتبێت. ئێمە لەم سیستەمەدا تەنها لەبەرانبەر دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری سەردەستەییانەی موتڵەقداین کە شاقوڵی بەجەستەی سیستەمدا دەچێتەخوار. ئەم یەك ئاڕاستەییەی دەسەڵاتی سەردەستەیی لەوشوێنەوە سەرچاوەدەگرێت کە ئافرەت لەم سیستەمەدا نەك هەر جنسییەتی بەڵکو خۆیشی وەك ئینسانێك لەلایەن باوکەوە خاوەندارێتی دەکرێت. لەم سیستەمەدا ئافرەت موڵکی خێڵ و خێزان و تەنانەت نەتەوەیشە. کەواتە ئێمە لەبەرانبەر کائینێکدا نین کە ژێردەستەیی بەشێك لە شوناسی ئەو پێکدەهێنێت. بەڵکو کەسێکی تر خاوەنی ئەوە. خەسڵەتی کاڵابوونی ئەم کائینە کە ژنە لێرەوە پێناسەکانی ژێردەستەیی خۆی ونەدەکات. تۆ دەتوانی خاوەنی قەڵەمەکەت بیت و بە ئارەزووی خۆت پێی بنووسیت یان فڕێدەیت. بیگۆڕیت و

دانەیەکی تر لەبری ئەو بەدەست بێنێت. ئەو هاوکێشەیەی کە خاوەندارێتی تۆ بە



قەڵەمەکەتەوە دەبەستێتەوە، هاوکێشەیەکی هێز نییە کە لەسەردەستەیی تۆ و ژێردەستەیی قەڵەمەکەتەوە سەرچاوەی گرتبێت. تۆ دەسەڵاتی تەواوت بەسەر قەڵەمەکەتدا هەیە و تاکە هێزێك کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە تۆیت. قەڵەم کاتێك بوو بە هی تۆ و بوو بەبە شێك لە کاڵاکانی دیکەی تۆ، پەیوەندی خاوەندارێتی تۆ بەوەوە جێیدەگرێتەوە نەك پەیوەندی سەردەستەیی تۆ و ژێردەستەیی ئەو. ژن لە سیستەمی باوکسالاری کۆندا وەك ئینسانێك خاوەندارێتی دەکرێت. ئەم پەیوەندی خاوەندارێتییە لەوەدا بەرجەستەدەبێتەوە کاتێك کارێکی سێکسی ئەنجامدەدا لەدەرەوەی ئەو چوارچێوەی کە سیستەمی باوکسالار تابووی کردووە، کردەوەیەکی سێکسی کە ئەو بۆی نییە خاوەنی بێت چونکە خاوەنی جەستەیی خۆی نییە، دەبێت لەناوببرێت. ماف ئەم کوشتنە هێندە سادە و ساکار ئەنجامدەدرێت کە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ فرێدانی ئەو قەڵەمەدا کە خاوەنەکەی تووڕە دەکات کاتێك کە نانووسێت. ئەوەی تایبەتمەندییەکی بەرچاو و گرنگی سیستەمی باوکسالاری کۆنە و لە کوردوستاندا گۆڕستانێك لە ژنانی کوژراوی بە شوێن خۆیەوە بەجێهێشتووە، ئەم دەسەڵاتە موتڵەقەی سەردەستەیی باوکە کە لەسەر خاوەندارێتی بۆ جەستەی ئافرەتەوە کاردەکات. پرسیاری بەرابەری لە کوردوستاندا و لە شوێنانەی تر کە چەمکی شەرەف بە مانای سێکسوالێتی ژن برەوی هەیە بە پلەی یەکەم گۆڕینی ئەم هاوکێشەی خاوەندارێتییەی سیستەمی باوکسالارە. بەهرەمەندبوونی ژنان لە کۆمەڵی ماف سەرەتایی وەك خوێندن و کارکردن هیچ کامێکیان بە مانای بەهرەمەندبوونی چەمکی پرسیارێك نییە کە بە پرسیاری بەرابەری دەناسرێت. ئاخر ئەم کۆیلەیە ئەگەر بەرێوەبەری گەورەترین کارخانە و تەنانەت قوتابخانەیش بێت، هێشتاکە وەك ئینسانێك لەلایەن دەسەڵاتی باوکسالارەوە خاوەندارێتی دەکرێت و بچووکترین هەڵەیەك کە ڕاڤەکردنێکی ئەخلاقییانەی لێبکرێت، بە کوشتنی ئەو کۆتایی پێ دێت. ڕزگارکردنی جەستەی ئافرەت لە بەهاکانی شەرەف و بوونەوەی ئافرەت بە خاوەنی خۆیی و سێکسوالیتێتی خۆی، ئەگەر بناغەیترین مافەکانی ژنان نەبێت لە کوردستاندا، ناتوانین قسە لە لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی یەکسانیخوازانەی ژنان بکەین لەوێ.

پاش ئەم جیاوازییە گرنگانەی کە سیستەمی باوکسالاری لەسەریەوە توانای خۆبەرهەمهێنانەوەی هەیە و پەلامارەکانی خۆی لەژێرپەردەی دەیەها دەمامکی جۆراوجۆردا دەشارێتەوە و قوربانی دەگرێت، ئاسانتر دەتوانین لە لاوازی ئەو خوێندنەوەیە تێبگەین کە کوشتنی ژن لەژێر ئالاکانی شەرەفدا دەکاتەوە بەکوشتنێکی ئاسایی و شیعاری "کوشتن هەر کوشتنە" لەبەرانبەر تاوانەکانی شەرەفدا بەرزدەکاتەوە. نەبینینی ئەو کەش و هەوا کولتورییەی کە سیستەمی باوکسالاری کۆن سەرجەمی کۆمەڵگای پێ زەهراوی دەکات و نکۆڵی کردن لێی و پەردەپۆشکردنی ڕەهەندە کولتورییەکەی ئەم تاوانە بە ناوی "کوشتن هەر کوشتنە"وە، لە دوائەنجامدا بە هیچ ئاکات جگە لە ئاوکردن بە ئاشی کۆنەپەرستییەکدا کە لەسەر بنەماکانی ڕاسیستێکی ڕوون و ئاشکرا ڕاوەستاوە و دواپەیامیشی بە درێژەپێدان بە ئاپارتایدیکی جنسی کۆتایی پێدێت. ئاخر کاتێك پیاوێك لە سویددا یان لە ئەڵمانیادا کە سیستەمی باوکسالاری تیایدا لەسەر چەمکی شەرەف نییە وبە پێچەوانەوە لەسەر سێکسوالیتێتی جەستەی ژن کاردەکات وژنەکەی دەکوژێت، بەمە سەربەرزی خۆی بەدەست ناهێنێت و شەرەفێکی لەدەستچوو ناکرێتەوە. بەڵکو ئەو دەکوژێت تاسەرشۆڕی بچنێتەوە و شەرەفی ئینسانی خۆی لەدەست بدات. ئەو ناکوژێت چونکە کۆمەڵگای دەرەوەی ئەو پێی دەڵێت: بکوژە و شەرەف بکەرەوە. بەڵکو ئەو دەکوژێت و کۆمەڵگا مۆری شێت بوون و نەخۆشبوونی بەناوچەوانەوە دەنێت. من لە شوێنێکی تری ئەم نوسیتەدا ئاماژەیەکم بەوە کرد کە بۆچی میدیای سوید و ئەوروپاش بەگشتی لە کاتی بەشێك لە تاوانەکانی پەنابەراندا بە خواستی خۆیان ڕەهەندی

کولتوری تاوان لەبەرچاودەگرن و یان ئامانجدارانە نکۆڵی لێدەکەن. ئەوەی لێرەدا پێویستی بە بیرهێنانەوە هەیە بە تایبەت لە کەیسی تاوانی شەرەفدا و نکۆڵیکردن لەو جیهانە کولتورییەی تاوان کە بەدەستهێنانەوەی شەرەفێکی لەدەستچووە, لە دوا ئەنجامدا بە شانخاڵیکردنەوەیەکی گەورەی دەوڵەت کۆتایی پێدێت بۆ ئەوەی رووبەرووی ئەم پرسیارە نەبێتەوە. ئاخر ئەگەر دان بە
رەهەندی کولتوری ئەم تاوانەدا بنرێت و موتیڤەکانی پشت دووبارەبوونەوەی ئەم پرسیارە قبوڵبکرێت, ئەوە بە مانای سەرفکردنی ئیمکاناتێکی زیاترە بۆ ئەم کێشە تایبەتییەی بەشێکی زۆری خێزانی پەنابەران. بە مانای فەراهامکردنی ماڵی ئامنی زیاتر و کەسانێکی زیاتر کە کارشووناسی ئەم بوارەن و دابینکردنی ئامرازەکانی پاراستنی تایبەتی بۆ ئەو ژنانەی کە لەژێر هەڕەشەی خێزان هەڵهاتوون و کارکردنێکی زیاترە لەگەڵ پرسیارەکانی بەرابەری لە پەیوەند بەم خێزانانەوە. ئەمانە هەمووی پرسیاری ئابوورین و لە کیسەی دەوڵەت دادەتەکێنێ. پەسەندکردنی ڕیوایەتی تاوان هەر تاوانە بە مانای مانەوە لەهەمان چوارچێوەی بودجەی تەرخانکراوی ساڵانەی دەوڵەت بۆ کەمکردنەوەی زەبروزەنگی پیاو بەرانبەر ژنان. "بەرابەری لە چوارچێوەی سەرمایەداریدا دەبێ پارەی تێبچێت" بەڵێ, پرسیاری بەهرەمەندبوونی ژنانێکی پەنابەر لە چوارچێوەیەکی زیاتری بەرابەری, بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشە تایبەتیانەی کە دەستەخوشکەکانی تری خۆیان ڕووبەڕووی فشاری خێزان و چەقۆکانی شەرەف نین, بە مانای سەرفکردنی پارەیەکی تر بۆ پاراستنی ئەوان. ئینسان دەتوانێت خەباتکارێکی جدی دژی راسیزم بێت و سڵ لە وتنی راستییەکانیش نەکاتەوە و بشزانێت لە پشت جووڵانەو تەنانەت خوێندنەوەکانی دەسەڵاتیشەوە, چ راسیزمێکی تر شاراوەیە.

## ناسیۆنالیزم و تاوانی شەرەف

یەکێك لەو ئەکتەرە گرنگانەی کە لە پەیوەند بە تاوانی شەرەفەوە دەبێ جێگایەکی تایبەتی پێبدرێت ناسیۆنالیزمە. فاکتەرێك نەك بە هیچ شێوەیەك تیشکی نەخرایە سەر, بەڵکو وەك ئەکتەرێکی پشتی پەردە گەورەترین رۆڵی بینی. ئەم رۆڵەی ناسیۆنالیزم لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چەمکی شەرەفدا لە ئەورووپادا خۆیی دەردەخات و هاوکاتیش لە بە پیرۆزراگرتنی وێنەکانی نەتەوەدا بە دوا پلەکانی خۆی دەگات.

ئەم رۆڵە گرنگەی ناسیۆنالیزم چ وەك ئەکتەرێك و هاوکاتیش وەك ئالاهەڵگری وێنە بێگەردەکانی نەتەوە, دوو بابەتی تاڕادەیەك لەیەك جیان و من هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا باسدەکەم. بەڵام با سەرەتا لەو خاڵەوە دەستپێبکەم کە رۆڵی ناسیۆنالیزمە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خیتابی شەرەفدا بە شێوەیەکی تر.

ئەگەر زۆر دوور نەگەڕێینەوە و سەرنجێکی شانۆگەری داخستنی پارتی کاری سەربەخۆی کوردوستان بدەین لەم چەند مانگەی پێشوودا وە بە تایبەت یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئەم حیزبەی پێی دادەخرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی حوکومەتی پارتییەوە, ئەوا لە نامەکەی تاریق صدیق رەشیدا بۆ داوەری دادگایی بەرایی هەولێردا ئەم دێرانە دەبینین:"بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیان هەیە بە ناوی مۆم کە بزاڤی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکەن و سەر بە پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانە و لە ژمارە 3 بڵاوکراوەکەیان دا نووسراوێکیان تێدا بڵاوکردۆتەوە لە لاپەڕەی 3 لە ژێر ناونیشانی ماف ئافرەت لە چییەوە دەبینن کە ڕاستەوخۆ هێرشی کردۆتە سەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئایینییەکانمان لەوانەش دەڵێ( پێویستە ئازادی لە سێکس کردندا هەبێت لە نێوان ئافرەت و پیاودا) وە لە لاپەڕەی 7 بەهەمان شێوە دەڵێ( ئازادی هەڵبژاردنی شێوازی جل وبەرگ و ئازادی کار و ئازادی سێکسی و شووکردن یان شوونەکردن دەستبەر بکەن."

لەم دێرانەی سەرەوەدا کۆمەڵێك راستی گەورە هەن کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی زیاترە بە تایبەت لەو شوێنەدا کە هێڵی بەژێردا کێشراوە لەلایەن منەوە. هێنانەوەی ئەم بەشەی نامەی وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ داوەری دادگای بەرایی هەولێر, بە جیا لە هەر گاڵتەجارییەکی دیموکراسی لە پەیوەند بە داخستنی حیزبێکی سیاسییەوە, دەرخەری هەڵوێستێکی راستەقینەی ناسیونالیزمە لە پەیوەند بە مەسەلەکانی ئازادی ژنانەوە. ئێمە لە زۆر ڕووداوی سیاسی تری کوردوستاندا شایەنی چەندبارەبوونەوەی ئەم هەڵوێستەی ناسیۆنالیزم بووین بە تایبەت لە پەیوەند

به کێشەکانی نێوان ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و دەسەڵاتدا.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە دەستەواژەی "هێرشکردنە سەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمەیە". ئەگەر وشەی نەریتی ئایینیشی لێ دەربهێنین , کە من ئاماجدارانە نایەنووسمەوە و زیاتر لەم نامەیەدا بۆ ڕاکێشانی دەستی کۆنەپەرستی ئایینی کۆمەڵگای کوردستانە بۆ چوونە پشتی ئەم بانگەوازە لەلایەن ئەوانەوە, ئەوا یەك تۆزقاڵیش لە ناوەڕۆکی ئەم خیتابە ناسیۆنالیستییە کەم ناکاتەوە. هێرش کردنە سەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هیچ شتێك




ژەنگ:
بەرهەمی سەردار عبداللە

نییە جگە لە پەیامێك کە هەمیشە دەبێت لەبەرانبەر مافە سەرەتاییەکانی ژنادا بەرزبکرێتەوە. ئەگەر ئەم وشانە کەمێك ووردتر بکەینەوە ئەوا بەمجۆرەی لێدێت. دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانەوە یەکێك لە پێشمەرجەکان و شەرتە گرنگەکانی ماف ئافرەتانە. ئەم وشانەش لە دوا ئەنجامی خۆیدا هیچ شتێك نییە جگە لەدرێژەپێدانی ئەو سیستەمی کۆنترۆڵەی دەسەڵاتی باوکسالاری بەسەر جەستەی ژنانەوە بۆ هێشتنەوەی لە ناو چوارچێوەکانی کولتورێکدا کە دەسەڵاتی باوکسالار دایناوە. لە دوا ماناکانی خۆیشیدا جگە لە کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ژنان هیچ مانایەکی تر نادات بە دەستەوە. بەڵام ئێمە لەبەردەم خیتابێکی ئایینیدا نین وەك هێندەی هێزێکی ناسیونالیستی ئەم وتانەی درکاندووە. بۆچی دەسەڵاتێکی ناسیۆنالیستی سوورە لەسەر هێشتنەوەی ئەم خیتابەدا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە باشترە سەرنجێك لە سیستەمی باوکساری ناو ناسیۆنالیزم بدەین تاکو لایەنە شاراوەکانی "دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە" زیاتر خۆیمان نیشان بدات.

کەم دەسەڵاتی باوکسالاری هەیە هێندەی ناسیۆنالیزم لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی ڕۆلەکانی نێوان نێر و مێ بە ڕاشکاوانە پەیامی خۆی درکاندبێت. بەڵام کەمیش دەسەڵاتی باوکساری هەیە هێندەی ناسیۆنالیزم سەرکەوتوو بوو بێت لە شاردنەوەی ئەم پەیامەی سیستەمی باوکسالاریی

خۆیدا. بۆ ئەوەی ئەم خاڵە هاوبەشە ڕۆشنبکرێتەوە" ڕاگەیاندنی ڕاشکاوانەی پەیامی خۆ و هاوکاتیش شاردنەوەی, چەمکی نەتەوە و خودی نیشتیمانیش دەتوانێ کۆمەك کەر بێت. لە تەواوی زمانەکانی دنیادا هەردوو چەمکی نەتەوە و نیشتیمان خاوەنی ڕەگەزێکی فێمینین, واتا مێینەن. کاتێك ناسیۆنالیزم چ نیشتیمان و نەتەوەش بە مێ دەکات, بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەواوی بەهاکانی سێکسوالیتێتی مێینە لە نیشتیمان و نەتەوەدا بەرجەستەدەکاتەوە. هەر لەسەر ئەم سێکسوالیتێتی نیشتیمان و نەتەوەیشەوە دووبارە بەرپرسیارێتی نێرێتی و مێیێتی ڕۆڵەکانی نەتەوە, چ پیاوان و چ ژنان دووبارە بەرهەمدەهێنرێتەوە. پیاوانی نەتەوە ئەو شێرە کون لەجەرگدا نەبووەن کە بۆ پاراستن و گیان فیداکاری بۆ ئەم دایکە, نیشتیمان, دەبێ هەموو کاتێك لە ئامادەباشدابن لەبەرانبەر پەلاماری سەربازانی نەتەوەی دیدا. ژنانیش ئەو سەربازانەی پشتی جەبهەن کە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەتەوە چ لە باری کولتوری و چ لەباری بایۆلۆجییەوە دەبێ ئەرکە نیشتیمانییەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. سەربەرزترین ژن لەم جیهانەی ناسیۆنالیزمدا ئەو کەسەیە کە جەنگاوەرانی دلێر و قارەمان پێشکەش بە شەڕەکانی نەتەوە دەکات. بۆیە کردەوەیەکی سەیر نییە کە لەبەرانبەر کوشتنی سەدان هەزار سەربازی عێراقیدا لەبەرەکانی جەنگدا, هێرشی "حملە الانجاب" دەبێتە ئەو ئەرکە نیشتیمانییەی دایکانی عێراق بۆ هاوبەشیکردنیان لەم جەنگەدا. بەڵام هەموو منداڵێك بۆ شەڕەکانی نەتەوە پێویست نین ئەگەر سەربازانێکی ئایندەی گیان لەسەر دەستی نیشتیمان نەبن. بۆیەش پارەی ئەو ژنەی کە کوڕی دەبێ دووبەرابەری پارەی ئەو منالەی تر دەبێ کە کچە. " بۆ هەموو سەربازێکی صربی کە لەبەرەکانی جەنگدا دەکوژرێت, وا پێویست دەکات کە دایکانی صربی سەد سەربازی تر

بەرهەمبهێننەوە." بانگەوازی سەر لەشکری صربەکانی بۆسنێ لە هەر شوێنێکی دنیادا جەنگەکانی ناسیونالیزمی لێ بووبێت، دەنگدانەوەی خۆی هەیە. بەڵام هەموو دایکێکی نەتەوە ناتوانێت سەربازی جەنگاوەر پێشکەش بە نیشتیمان بکات، بەڵکو تەنها:" ئەو دایکانەی کە پاکن و داوێن پاکن". ئەم ڕستەی دووایان بانگەوازە بەناوبانگەکەی هێتلەرە رە بۆ کچانی ئەڵمانی. بەکەمێك ووردبوونەوە لەم وشانە بۆمان ڕۆشندەبێتەوە کە ژنانی "داوێن پیس" ناتوانن سەربازانی جەنگاوەر پێشکەش بە نەتەوە بکەن. ئاخر ئەوان هەموو نرخەکانی شەرەفیان لەدەستداوە و "زۆڵیان" پێشکەش بە نەتەوە کردووە. سەیر نییە کە لە زمانی کوردیدا ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم دەستەواژانە نەبینەوە کە :جاشەکان زۆڵە کوردن. ئەوان ئەو کەسانەن کە دایکی خۆیان(نیشتیمانی خۆیان) بە داگیرکەران فرۆشتووە. هەر بۆیە سەیریش نییە لە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەدا کەسێك بدۆزیتەوە کە زۆڵ بێت. هێزی پێشمەرگەی ناسیونالیزم جێگای هەموو ئەو کەسانەیان تیادەبێتەوە کە "هەتیو بازن" و لەپاڵ ئەم شوناسانەشیاندا هێندەی تر شوناسی قارەمانێتی بوونیان دەچێتە سەر. بەڵام بۆ زۆڵێك یان هەر پیاوێکی تر، کە ڕەنگە بە منالی لاقەی کرابێت هەر لەلایەن ئەو جەنگاوەرانەوەی کە هەتیوباز بوون و دەکرێ "ئازاترین" جەنگاوەری شەڕ بێت، ناکرێ و ناشتوانێ شەرەفی بەرئەندام بوونیش بەدەست بێنێت.

بەڵام بانگەوازی داوێن پاك بوونی ژنەکانی نەتەوە هیچ شتێکی تر نییە جگە لە پەیامی ئەم سیستەمە باوکسالارییەی ناو ناسیۆنالیزم بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی سێکسوالیتێتی ژن. پرۆژەی سەرپەڕاندنی ژنانی لەشفرۆشی قوربانییەکانی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لە دووساڵی ڕابردوودا لە شارەکانی بەغدا و بەسرەدا، هیچ شتێکی تر نییە جگە لە وەفاداربوونی ناسیۆنالیزم بە پەیامی "لتعش الماجدات العراقييات"ی ڕژێمی بەعسەوە. بەڵام بۆ ئەو ژنانەی کە نەیانتوانی ناونیشانی "الماجدات" ی نەتەوە بپارێزن و لەشی خۆیان فرۆشت، بەمە تواناییەکانی دایکایەتی خۆیان بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کوڕە بەشەرەفەکانی نەتەوە لەدەستدا.

بەڵام ئەم ئەرکە نیشتیمانییە پیرۆزەی کە ناسیونالیزم بە ژنانی نەتەوەی دەسپێرێت، هاوکات دەبێتە تەوقێکی ئاسنین و لە گەردنی ژنانی نەتەوەی دی دەئاڵێنرێت. ئەم تەوقە ئاسنینەی ژن کە دەکرێتە ئەو ماکینەیەی کە دەبێت سەربازانی دیکە بۆ نەتەوە فەراهام بکات و ببێتە هەڵگری درێژەپێدانی پەیامی کولتوری نەتەوە، لە کاتی جەنگەکاندا بە ئاسانی دەردەکەوێت. پرۆژەی لاقەکردنی ژنانی نەتەوەی دوژمن ناکرێت وەك غەریزەیەکی دڕندانەی سەربازانی نەتەوەی ئەمبەر چاوی لێبکرێت، بەڵکو ئەتکردن و پیسکردنی هەموو بەها کولتوریەکانی نەتەوەی ترە. ئەم چەکە کوشندەیە ئەمڕۆ لە زۆر جێگای دنیادا گەورەترین تراژیدیای خوڵقاندووە و قوربانییەکانی ئەو لە بۆسنێ و لە ڕواندادا، بێبەشترین کەسەکانی دوای خامۆشبوونی تەقەی تفەنگەکانن.

ئەوەی لەم پرۆسەی لاقەکردنەدا خاڵی سەرەتایی و بگرە ناوەندی ئەم کردارە سێکسییەیە، ئەو وێنەیەیە کە ناسیۆنالیزم لە نیشتیمان و نەتەوەی دروستکردووە. بە فێمینی کردنەوەی نەتەوە و نیشتیمان لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە، تەواوی بەهاکانی شەرەفی ئافرەت لە نیشتیمان و نەتەوەدا کۆدەکاتەوە. کاتێك سەربازێکی صربی لاقەی ژنێکی بۆسنەیی دەکات، ئەو دەیەوێت لە پێش هەموو شتێکەوە لاقەی نیشتیمانی سەربازانی بۆسنەیی بکات. ئەم پرۆسەی لاقەکردنە هێندە بە مانای پیسکردنی پیرۆزترین خاڵە گرنگەکانی سەربازانی ئەو بەرە، هێندە کردارێکی لەزەتبردن لە سێکی ژنان نییە. ئەو بەم کردارە نیشتیمانی سەربازانی بەرانبەر لاقەدەکات، ئەو نیشتیمانەی کەسەربازی ئەوبەر ئامادەیە گیان فیدایی بۆ بکات و ڕۆح لەسەر دەست بێت بۆی. چی لەوە گرانترە بۆ سەربازێکی ناسیۆنالیست کاتێك پێی بڵێی کە نیشتیمانت لەلایەن سەربازانی ئەو بەرەوە لاقەکراوە.

ئێستا لە ناوەڕۆکی ئەو بەیتە شیعریانە دەگەین کە دەڵێ: نیشتیمانم ئافرەتێکی ڕووت و قووتە و دوژمنانیش دەست بۆ قیتکەی مەمکی دەبەن. ئێستا لە مەغزای ئەو ناونیشانانە دەگەین کە لەسەر سنگی ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا هەڵکۆڵراوە و داگیرکردنی عێراق بۆ کوێت دەکاتە لاقەکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە. ئێستا لە مەغزای وتەکانی ڤرجینا ولف دەگەین کە دەڵێ:"وەك ژن من هیچ نیشتیمانێکم نییە. وەك ژن من هیچ نیشتیمانێکم ناوێت. وەك ژن

نیشتیمانی من هەموو سەر زەوییە."

کاتێك لە مەغزای پاك بوون و داوێن پاکبوونی ژنەکانی ناسیۆنالیزم گەیشتین، ئەو ژنانەی کە ئەگەر لە وتارێکی حەماسییانەی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستدا جێگای ستایشکردنێکیان پێ ڕەوا ببینرێت، ئەوا بە ئاسانی گوێت لە وشەی ژنانی بەشەرەفی کوردستان دەبێت. بەشەرەف بوونیش هیچ مانایەکی دیکە ناگەیێنێت جگە لەم بانگەوازەی ناسیۆنالیزم بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ئەوان. ڕەنگە هێنانەوەی نمونەیەکی سادە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم خیتابەی ناسیۆنالیزممان بۆ ڕۆشنتر بکاتەوە. شیعاری "یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئێران یاخود تورکیا" بۆ هەموان ئاشکرایە. ئەم شیعارە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەرکوتگەری خەڵکی کوردستانەوە بەرزکراوەتەوە، تەنها و تەنها یەك مەبەست لە پشتیەوەیەتی کە ئەویش جیابوونەوەی کوردستان و شکاندنی ئەفسانەیی یەکپارچەییە. بەڵام لە نێوان "یەك پارچەیی خاکی عێراق..." و "دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە" خاڵێکی بنەڕەتی هاوبەش هەیە. ئەویش پرۆسەی جیابوونەوەیەکە کە ئیمکانی ڕوودانی هەیە. لە باری یەکەمیاندا خواستی جیابوونەوەی کوردستانە لە دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی کوردستان. دووەمیشیان خواستی جیابوونەوە و ڕزگارکردنی جەستەی ژنانە لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵی باوکسالارێك.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ شایەنی سەرنجدانێکی وردتر بێت، ئامادەیی چەمکی (دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە) لە دەرەوەی کوردستان و لە ئەوروپادایە کە سەد هێندەی تر بارگاوی دەبێت بە خیتابێکی ناسیۆنالیستییەوە لە کۆمەڵگای نوێدا. ئەمجارەیان ڕۆڵەکانی نەتەوە لەبەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی گەورەتردان بۆ بەرزراگرتنی پەیامی بەشەرەفبوونی ژنەکانی نەتەوە. ئەوەی لەم دۆخە تایبەتییەدا دەبێ سەرنجێکی زیاتری بدرێتێ جەبرەکانی ژیانی پەنابەرێتی و خستنەدەرەوەی پەنابەرە لە کۆمەڵگای نوێدا. "لەدەرەوەیی" لەمرۆکەی ئەوروپادا تەنها بەو گەڕەکە پەنابەر نشینانە ناوترێت کە لە گێتۆکانی سەردەمی دەسەڵاتی نازیستەکانی ئەڵمانیا دەچێت و لەناو جەرگەی شارەکانی ئەوروپادا کۆمەڵگایەکی تری لەناو هەناوی کۆمەڵگادا دروستکردووە. بەڵکو چەمکی "لە دەرەوەیی" ئەم مانا جوگرافیاییەی خۆی لەدەست دەدات و سەرتاپای ژیانی پەنابەر دەگرێتەوە. تۆ لەدەرەوەی کۆمەڵگادا نیت هەر لەبەر ئەوەی لە گەڕەکێکی پەنابەر نشینی دابڕاو لە کۆمەڵگادا دەژیت، بەڵکو تۆ لەدەرەوەیت چونکە پێناسەکانی کۆمەڵگای نوێ کە هەمیشە لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوناسی "ئێمە" ی سویدی و ئەڵمانی و هولەندیە و تەواوی "ئەوانی دی" دەخاتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵگای نوێوە. سەرڕەشبوون لەمرۆی لە ئەوروپادا مۆرێکە و بەناوچەوانی ملیۆنەها ئینسانەوە هەڵکۆڵراوە. ئەمە تەنها مۆری هەڵکۆڵراوی سەر ناوچەوانی ئەو کەسانە نییە

کە لە ڕۆژگارێکدا هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە دایکێك یان باوکێکی سەر ڕەشن و یاخود لەلایەن دایك و باوکێکی سویدی یان ئەڵمانییەوە هەڵگیراونەتەوە . بەرزراگرتنەوەی دیوارەکانی نێوان "ئێمە" ی کۆمەڵگای نوێ و "ئەوان" ی تری کەسەر بەم کۆمەڵگایە نین، پرسیاری شوناس دەکاتە یەکێك لە دەمودەسترین و ئامادەترین پرسیارەکانی پەنابەر. کەم نەبوون ئەوانەی کە لە وڵاتی یەکەمی خۆیاندا سەریان لەبەردەم خوای گەورە و تەبارەك وە تەعالادا دانەئەنواندوو ئەوروپا ڕیشی پێهێشتنەوە و کردنیە فەندەمینتالیست.



بەرهەمی: سەردار عبداللە

کەم نەبوون ئەوانەی ڕۆژێك ئاخێکیان بۆ کورد هەڵنەڕێشت و لە ئەوروپاشدا دەست بڵندترین چۆپیکێشەکانی جەژنەکانی نەورۆزی هۆڵەکانی ئەوروپان. لەناو ئەم جەنگی شوناسانەدایە کە ئینسان باشتر لە جەژنگرتنی چوارشەممەسووری ئێرانییەکان تێدەگات کە بە شێوەی کەرنەڤاڵێکی گەورەی ئێرانی لەشەقامەکانی ئەوروپادا دەگیرێت. دیاردەیەك کە لە هەشتاکانی ئەوروپادا

بوونی نەبوو. بەڵام لەمڕۆدا بەبەرچاوی گەورە مێدیاکانی دنیاوە ڕێزی لێدەگیرێت. فەرهەنگێگ کە خاڵی دەست بۆ بردنی پەیوەندی بە نزیکایەتی ئینسانەکانی کۆمەڵگای ئێرانییەوە نییە بۆ یادکردنەوەی ترادیسیۆنێکی خۆ، بەڵکو هۆکاری سەرەکییەکەی بڵندکردنەوەی شوناسێکی کولتورییە لەبەرانبەر کۆمەڵگایەکدا کە بەبێ شووناس لەقەڵەمیان دەدات. کەم نین ئەوانەی کە لەگەڵ دایك و کەس وکاری خۆیاندا دەکەوتنە شەڕ و جاجمیان بە فەرهەنگی لادێییانە لەقەڵەم دەدا و لە زبری ئەم پارچەچنراوە دەیان ناڵاند، کەچی لەمڕۆدا ماڵەکانی خۆیان کردۆتە ژووری فەرشفرۆشەکانی شارەکانی کوردستان. لەناو ئەم پرۆسەی داخستنە کۆمەڵایەتییەی پەنابەراندایە کە دەستبردنەوە بۆ کولتوری خۆ مانا پەیدادەکات. لەم هەلومەرجەدایە کە دەستگرتن بە کولتوری خۆییەوە دەبێتە پەیامی خێزانی کورد و تورك و زۆرێك لە گرووپە ئێتنییەکانی تری ئەمڕۆی ئەوروپا. ئەگەر دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کوردییەوە لە کوردستاندا پێویستی بە دووبارە وتنەوەوەیەکی هەمە ڕۆژە نەبێت بەوەی کە ئەلتەرنەتیڤی ئەم دەستپیوەنەگرتنە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەدەرەوە ئامادەیی نییە، ئەوا لە ئەوروپادا دەبێت وەك ئالایەکی هەمیشە هەڵکراو لەبەرچاوی کچ و ژنانی پەنابەراندا بەرزڕاگیرێت. چونکە لەدەرەوەی ئەم کەش و هەوا کولتورییەدا شێوە ژیانێکی تر هەیە کە سێکسوالیتێتی ئافرەت ناکاتە موڵکی باوك و برا و ئەندامانی تری خێزان و ئیمکانی ئەم یاخیبوونەی ژنان بۆ بەدەستهێنانی ماف جەستەی خۆ گەورەتر دەبێت. لێرەوە ئیتر ناسیۆنالیزم بۆ هێشتنەوە و دەستگرتن بە داوێنی داب و نەریتی کولتورییەوە، وێنەی پاکێتی و سەربەزی نەتەوە تێکەڵ بەم هاوکێشەیە دەکات. ئاخر ژنانی فارس کاتێك دەبنەوە بە خاوەنی جەستەی خۆ، شەرەف نەتەوەیان پیسکردووە و لەسەر کچان و ژنانی کورد پێویستە هاوبەشی ئەم پرۆسەی پیسکردنی شەرەفی نەتەوە نەبن.

## وێنەی کورد و نەفیکردنی تاوانی شەرەف

یەکێك لە بناغەیترین بەرژەوەندییەکانی بۆرجوازی لە دەستپێوەگرتن بە تیۆری ناسیۆنالیزمەوە، ئەو توانا سیحرییە گەورەیەی ناسیۆنالیزمە بۆ پەردەپۆشکردنی جیاوازی و بەرژەوەندییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. لەم دیدەدا دەموچاوی هەموو ئەندامەکانی نەتەوە لەیەکدەچن. بۆ ڕزگار بوونیش لە تەواوی مەینەتییەکانی کۆمەڵگا، نەتەوە و ڕزگاربوونی ئەو دەگۆڕدرێتەوە بە و گۆچانە سیحرییەی کە توانای چارەسەرکردنی هەموو دەردەکانی پێدەکرێت. ژنان ناتوانن خاوەنی مافێکی زیاتر بن ئەگەر نەتەوە ڕزگاری نەبووبێ. کرێکاران ناتوانن داوای کرێیەکی زیاتر بکەن ئەگەر دەولەتی نەتەوەیی نەبێت. لەم دەستگایەدا جەللاد و قوربانی لەسەر سفرەیەکی هاوبەش کۆدەبنەوە کە سفرەی نەتەوەیە.

بۆیەش لەبەرانبەر کوشتنی فاتمەدا کوڕەکانی نەتەوە بۆ ڕزگارکردنی وێنە بێگەردەکانی ئەو بەدەنگی بەرز هاوارییان کرد کە تاوانی شەرەف لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نییە. ئەوانەی پێیان وابوو خەباتێکی ناسیۆنالیستانەیان ئەنجامدا، نەك نەیانتوانی سەربازانێکی بەوەفای داکۆکیکەر لە وێنەکانی نەتەوە بن، بەڵکو ڕێك و ڕەوان بوون بەتەڵەی ئەو دیدەوە کە کوشتنی فاتمە لە شوێن پێی میللی باوکیدا دەبینێتەوە" ئەو خوێندنەوەیەی کە مێدیاکان بە شوێنیەوە بوون. ئاخر نەفیکردنی تاوانی شەرەف لە کۆمەڵگای کوردیدا لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە شوێن پێی ئیتنی تاوانبارە ، واتا لە کوردبوونی باوکی فاتیمەوە. لە کاتێکدا تاوانی شەرەف دیاردەیەکی کوردی نییە و جیهانبینییەکی گەورەی باوکسالارانەی لەپشتەوەیە کە ئەگەر هەمان دید بە هەمان چوارچێوەی فیکرییەوە لە ئەڵمانیاشدا دەربکەوێت، توانای دروستکردنی تاوانباری شەرەفی هەیە. بەڵام نەهیکردن لە بوونی چەمکی شەرەف بەو مانا باوکسالارییەی کە تاوانی شەرەف بەرهەمدەهێنێتەوە، نەك کۆمەك بە فاتمەکانی تری ئەوروپا ناکات، بەڵکو تفێکی گەورەش لە ڕووی ئەو بزووتنەوەیە دەکات کە خوازیارە "ڕەشەکوژی" ژنان لە کوردستاندا کۆتایی پێبهێنرێت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا و لە ڕێگەی قانوونەکانی دەسەڵاتەوە دەپارێزرێت.

بەڵام وێنەی کورد بۆ دەبێ هەمیش بەرزڕابگیرێت؟ ئایا ئەوانەی کە بڕیاردەری

جەنگی ناوخۆن و ئەوانەیشی قوربانی ئەو جەنگەن وەکو یەك وان؟ پەسەندکردنی چەمکی بەرزڕاگرتنی وێنەی کورد نەك کۆمەك بە میللەتێك ناکات کە ئاشقی ئازادییە, بەڵکو بە شێوازێکی تر دەبێتە هۆکارێك بۆ دوورخستنەوەی ئینسانی کورد لە خەونەکانیدا بە ئازادییەوە.

هەر ئەمڕۆکە بوونی هەزاران هەزار لە خەڵکی کورد لەدەرەوە هێزێکی گەورەی سیاسییە بۆ فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی کوردستان و دەستکۆتاکردنی ئەم دەسەڵاتانە بۆ هەر کردەوەیەکی سیاسی بۆ سەر ئەوان. بەڵام هاوکاتیش دەکرێ هەر ئەم هێزە بەرینەی دەرەوەی فاکتەرێکی گەورەی فشار بێت بۆ سەر دەسەڵاتداریتی خودی کورد کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایدا هۆکاری سەرەکی بێحورمەتی کردن بە خەڵکی کوردستان بووە. ئەگەر دەسەڵاتداریتی ئەمڕۆی کورد بە هەموو شێوازێك لە شێواندنی وێنەی خۆی دەترسێت لەدەرەوە, هەر بەو هۆیەشەوە دەکرێ فشار هێنان بۆ سەر ئەم دەسەڵاتە بۆ ڕوونەدانەوەی شەڕی ناوخۆ هۆکارێکی کاریگەر بێت. دیفاعکردن لە تێزی پاك ڕاگرتنی وێنەی کورد لەدەرەوە, یەکەمین زەبری کوشندەیە لەو ڕێکخراوانەی کە بە تەنگ پارێزگاری کردن لە مافەکانی ئینسانەوەن لەکوردستاندا. کاتێك تێکنەچوونی وێنەی کورد بوو بە چاوپۆشیکردن لەو جومگە کوژەرانەی کە لە کولتوری کوردیدا ئامادەیی هەیە, بووە هۆی بەرهەمهێنانەوەی پانتاییەکی گەورەیی بێدەنگی لەبەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی دەسەڵاتداریتی کورد خۆیدا بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە سیاسییەکان, ماف ئافرەتان, ئازادی ڕادەربڕین, ئیتر "تێکنەچوونی وێنەی کورد" لەوە دەکەوێت فاکتەرێکی ڕادیکاڵ بێت. بەڵکو دەبێتە فاکتەرێکی کۆنسەرڤەتیف و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە فراوانکردنەوەی سیستەمی سەرکوتدا.

## دووا وتە

نێوانی ژووری زیندانی ئەو کەسەی کە بڕیاری ئیعدامکردنی بەسەردا دراوە و ژووری جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەی ئیعدامکردنە تەنها بیست مەترێکە. ئەگەر زیندانەکانی تەکساسی ئەمریکی شوێنی ئەم نمایشی مەرگە بێت. ئەو کەسەی بڕیارە ئیعدام بکرێت, دوو پۆلیس ئەملاولای دەگرن و پێکەوە بەرە و ژووری ئیعدامکردن ڕێدەکەون. پۆلیسێکیان بەدەنگی بەرز هاوار دەکات تا پۆلیسی ژووری ئیعدام ئامادەبێت. ئەو بە دەنگی بەرز دەڵێ:" پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ئەم دەستەواژەیە لە هەرکاتێکدا ئیعدامکردن ڕوویدات, لەلایەن پۆلیسی زیندانەوە دەوترێتەوە. هەر ئەم نمایشەش یەکێك لە بەهێزترین دیمەنەکانی فیلمی "پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ی "سوزان ساراندۆنە" کە خەڵاتی ئۆسکاری پێ وەرگرت و پرسیاری ئیعدامی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کۆنگرێسی ئەمریکا بەرز ڕاگرت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە لە پەیوەند بە باسی منەوە لەم وتارەدا, ئەو نزیکایەتییە گەورەیە لە نێوان قوربانی تاوانی شەرەف و زیندانییەکی بڕیاری مەرگ بەسەردا دراوی زیندانێکی ئەمریکادایە. "پیاوە مردووەکە بەڕێوەیە" ئاماژە بە زیندانییەك دەکات کە ساتە وەختێکە بڕیاری مەرگی بەسەردا دراوە. ڕۆژی ئیعدامکردنەکەیشی تەنها نمایشێکی زیندووی ئەم پرۆسەی کوشتنەیە. کەسی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراو, لەو ڕۆژەوەی هەواڵی مەرگی بەسەردا دراوە مردووە. ئەو لە ڕۆژی ئیعدامکردنیدا, تەنها ئەو مردووەیە کە دەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی دوا نمایشی ئەم مەرگە ی خۆی ڕاگەیێنێت . ئەگەر ئەم دەستەواژەیە هەڵبگێڕینەوە و قوربانی فەرمانی مەرگ بەسەردا دراوی ئەم نمایشە بکەینە ژنێك, ئەو کاتە دەبێتە:" ژنە مردووەکە بەڕێوەیە"

ئەو ڕۆژەی ژنێك بە تاوانی شەرەفەوە دەکوژرێت, تەنها دوا نمایشی ئەم پرۆسەی مەرگەیە. ئەو" ئەو مردووە زیندووەیە کە لە ڕۆژی چاوکردنەوەیەوە و ناسینی سنوورەکانی دەوروبەری خۆیەوە, لەگەڵ بڕیاری مەرگدا دەژی. "شەرەف ئێمە بە تۆیە. ئەگەر هەنگاوێکت لەوی دیکە درێژ تر بێت, لێتدەکەوێت. ئەگەر کەوتیش, خۆت دەزانیت چی چاوەڕوانت دەکات" ئەم وشانەی کوڕێکی پەنابەر لە دەرەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. ئەمە ئەو وشانەن کە هەموو کیژۆلەیەکی مناڵ لە تەمەنێکی کەمەوە دەیبیسێت. لەم تەمەنەدا قسە لەسەر کردەوەیەکی سێکسی نییە, هێندە نەبێ کە بە زمانی ئامۆژگارییەکی دایکانە بۆ کیژۆلان هەڵدەڕێژرێت. کچەکەم بازی گەورە نەدەیت , نەکەی سواری پاسکیل بیت.

بڕوانە لاپەڕەی 8

# چەندرۆژێک لە تەمەنم

ئاســو بالابەرز
سالی ۱۹۹۷

رۆژە رووناکەکان
بەخێر بێن،
رۆژە تاریکەکان
ملتان شکێ
پیاوە شەروالٚ پیسەکانی حوکم
لە سێدارەتان دەدەم
دەزگیرانە خوشەویستەکەم
ماچت دەکەم
ئای دایە گیان خۆشم دەوێیت
شەمەنەفەرێک دەمگوێزێتەوە بۆ گۆرستان
کەشتیەکیش بۆ ژیان
هەنگێک ئەیەوێت بمکوژێ
مێروولەیەک ئەیەوێت داگیرم کات
چۆلەکەیەک لە مردن دەربازم دەکات.

بە مێژووی ۲۱-۳-۹۹۱
گۆرانیت بۆ دەڵێم
جەژنت بۆ دەگێڕم
ماچت دەکەم و لە ئامێزت دەگرم
ئای کە تامەزرۆت بووم
چەند نەرم و شلە دەستەکانت
چەند جوانە کوڵمەکانت
زۆر بەختیارم و
ئارام نابمەوە.
با یەک بەرنەدەین تا مردن
. . . . . .
. . . . . .
لەم بەیداغە سپیە دەترسم
بەرزتکردۆتەوە،
لەم دەستانەی کردۆتەوە
لەم ئاشتبوونەوە لەناکاوەت
دەترسم

نەمکەیتە قوربانی مەرگێکی ئەبەدی،
کچێ رۆژانی ژووانت لە بیرچوو.
. . . . . .
خەونە سەوزەکانت بیرچوو
نەمکەیتە قوربانی
ساتیکی جیابوونەوە
ئەمرم بەرگەی ماڵئاوایی ناگرم
نەڕۆی بەرگەی توورەبوون ناگرم
سەنگەر نەگری بەرگەی شەڕ ناگرم
لە هەموو خەونێک دای
لە هەموو لەحزەیەک دای
لە ولاتێکی بچکۆلە دای
ولاتی رووح
ولاتی شیعر
ولاتی خۆشەویستی.

بە مێژووی ۲۱-۱۱-۹۳
تا ئێستاش گۆرانیت بۆ دەڵێم
بەلام دەنگم کزبووە
بەستەکان لەتەواو بووندان

شەڕ کەوتە باخچەکەوە
گوڵەکان بوونە دوژمن
ئەمەویست خۆم بشارمەوە
لە مردن دەترسم
با بۆ جەژنە گەورەکە بمێنین
ئەم دانیشتنە مرد
ئەم مێزە رۆشنایی لە سەر نەما.
زویر بوون
ماچەکانت شیرینتر دەکات
کۆچکردن خوشەویستترت دەکات
ئای روژە تاریکەکان
دەتان سووتێنم.
رۆژە رووناکەکان
داتان دەگیرسێنم.

بە مێژووی **٥-٥-٩٩٤**
لە گۆرانی وتن کەوتووم
دەنگم نووساوە
وشەیەک چیە لە بیرم نەماوە
بەڵام بە دڵ هەر خۆشم دەوێیت
نازانم چون گورانیت بو بلیم
ئەی تۆ هیچت لە بیرماوە
بەستەیەک بڵێ
لەنجەیەک پیشان بدە
خەندەیەکم بۆ بکە دیاری
بە جارێ وشک بوویتەوە
باڵندەیەک ئەمباتەوە
ئێرە چەند وڵاتێکی خۆشە!
هەموویان یەکیان خۆش دەوێت
چەند پاک و جوانە باڵندە
ئێمە شمشێر داگیرمانی کردووە
بە شەڕ گۆشکراوین و
کۆیلەی ناکۆکین
نە شیعر دەزانین نە گۆرانی
ئەمانە مانایەک دەدەن بەژیان
کێ باسی خۆشەویستی دەکات!
قەدەغەیە!!
بەڵام من لەم وڵاتەیشدا
تۆم هەر خۆش دەوێت
چەند خەونمان پێکەوە بینی
ناتوانم لە بیر خۆمت بەرمەوە

شەرەکە نزیک بووەوە
بە مێژووی **٩٥، ٩٦** و **٩٧**
هاتە ناو ماڵەکەوە
کەوتە ئینجانەی گوڵەکانەوە
دایە ئاگات لە خۆت بێت
شەر هاتە ژووری نووستنەکەوە
حەمە وەرە!
پەری لاچۆ!
ئاها!! شەڕ لە سەر مێزی نانخواردنەکەیە!
کچێ دایە، بابە بانگکەوە
با برۆین
با برۆین بۆ شوێنێ
شەڕی لێ نەبێ
ئای دایە رقم لە شەڕە!

# یادێکی پیرۆز

بژار

لە کوردستانماڵێک هەبوو، جێی سەرنج بوو!
لە دوورەوە سەیرت دەکرد، ئاسۆیەک بوو
بچکۆلانە
لە دوورەوە سەیرت دەکرد،
سیمایەکی تازەی دابوو بەو هەرێمی غەم و ژانە
ماڵێک هەبوو کۆنەپەرست لێی دەترسا و
ستەمدیدەش بۆ باڵندەی ئومێد
دەیکرد بە هێلانە
کۆنەپەرست،
دەیویست بیکات بە مەڵبەندی زامی گەش و
ستەمدیدەش بۆ هەنگوینی
ناو "دوو بەرە"ی دڵی دەیویست بێ بە شانە.
ماڵێک هەبوو،
دایک دەیوت: جێ ژووانە بۆ منداڵ و
نانی گەرم
شاعیر دەیوت:
جێ ژووانە بۆ دەفتەری بێ وشەم و
هەوری سەرم
هەتاو دەیوت:
جێ ژووانە بۆ گزنگ و پێکەنینی سادە و
نەرم
لەو ماڵەدا نێرگز دەیوت:
منداڵ هەمووی گلێنەی بێداری منە
سامان دەیوت:
منداڵ هەمووی رووناکی شەوگاری منە
نوقوڵ دەیوت:
منداڵ هەمووی ئاوێنەی دیداری منە
بەهار دەیوت:
منداڵ هەمووی کازیوەی گوڵزاری منە.
لەو ماڵەدا مێژوو دەچوو،
دادەنیشت و سەیری رۆشنایی خۆی دەکرد
گەنم دەچوو،
دادەنیشت و سەیری دارایی خۆی دەکرد
چیا دەچوو،
دادەنیشت و سەیری بەرزایی خۆی دەکرد
هیوا دەچوو،
دادەنیشت و سەیری سەوزایی خۆی دەکرد.

***

زۆری نەبرد! ئەو کەسانەی بە تاریکی گەورە
بوون
ئەو کەسانەی خۆشەویستی بەشەر پەی پێ
نەبردوون
ئەو کەسانەی پڕ کردنی باخەڵ هۆشی سڕ
کردوون
بە قفڵێکی گەورەی زەمانی "شێخ"ەوە
هاتن دەرگاکەیان داخست
بە ئەقڵێکی کۆنی زەمانی "شێخ"ەوە
هاتن شەوگارێکی قووڵیان
بە سەر ئەو مۆمەدا راخست.

# گەڕان بە شوێن مانگەشەودا

شاهو پیرخزرانیان

بڕێ جار لە خۆم ئەپرسم:
ئایا ئەتوانم وەک جاران بە بازاری
شاردا گەڕێم؟
ئایا قورسی ئەو هەنگاوە قورسانەی من
کە باری چلساڵەی خەمیان لەسەرشانە،
شەقامەکان ناپسێنن؟
تەنگەوەری کۆڵانەکان
ئاخۆ باری ئەو مەینەتەم گوزەر ئەدەن؟

زەمان سووک سووک
بە کۆڵانی ڕەگەکانما تێپەڕ ئەبێ
کوا کەوشەکەم؟
ئەو کۆڵانە باریکانە،
تەنگەوەری، نشێوی ژیانی منن
سەنگین سەنگین
بە ناخیانا دائەپەڕم
شەقامەکان بیری منن
گوزەر گوزەر
یەک ئەبڕن و
دەنک دەنک
مرواریدی یادەکانم لە یەک ئەدەن
وە هەورازیش. . .
ئاخ بۆ جووتێ باڵی هەڵۆ،
جارێ چاکلەم بەرەو هەوراز بکردایە.
ئەو هەورازانەی نهێنی گیانی منن
بە سەریانا دێم و دەچم
ئەو کێوانە، کۆسپی سینەی ناڵیمن
دەسترازەی ڕێ ئەبەسمە سەر بێشکەیان
(بەو دەستانەی دایکم لەژێر دار بەیێەکا
بۆمی چاندن)
دایکم وتی:
بەو دەستانەت
بێجگە لە کەژ،
ڕوومەتی کەس نەڕووکێنی!
ئای چەن سەختە بە کەژ و کۆی ژینا
هەڵچوون!
زەمان وەکو لێزمەی پاییز
سێڵاو سێڵاو
بە کۆڵانی ڕەگەکانما تێپەڕ ئەبێ‌و
شەپۆل شەپۆل
ئاوماڵکی یادەکانم وەلا دەخا
جار جار ئەلیم،
ئاخۆ ژمارەی ئەو یادانە
لە ژمارەی ئەستێرەکان تێناپەڕن؟
ئەستێرەکان، فرمیسکی یەخبەستووی منن
کە شەو دێت و
جامۆڵەی مانگ ئەگرێتە بەر وریشەیان،
جەستەی نیوە داتاشراوی
دڵدارەکم وەبیر دێنێ.
دڵدارەکەم،
نیو پەیکەری زەکریا بوو
ئای چەن ئاسان لە دار وەنی خەرافەدا،
شەقیان کرد و
چارشێوێکی ڕەشیان دووری بە قامەتیا!
دڵدارەکەم،
لەتێ مەمک و لەتێ گۆنا و
چاو و دەستێ.
وتم پیرۆ چۆن ئەتوانی،
لفە دوانەکانت گوچ کەی
ئابەو لەتە مەمکۆڵانەت؟
چۆن ئەتوانی،
پێم بڵێ چۆن خۆشت ئەوێن پڕ بە دڵت؟
چۆن ئەتوانی پڕ بە نیوەی دڵت
ئەوین پەروەردە کەی؟
وەرزی خەفەت
سەنگین سەنگین
بە کۆڵانی ڕەگەکانما تێپەڕ ئەبێت.
دلدارەکەم مانگەشەوێکی تەرا بوو
کە بە ئیشارەی ئەنگوستێ
نیوی لە هەور خۆی داشارد و

نیوی تری کەوتە باوەش خوداکان و
دەستەمۆ بوو.
دڵدارەکەم نیوە ئینسانێکی تەواو،
ئینسانیکی تەواو، نیمە،
دلدارەکەم،
نیو پەیکەری باڵای خۆی بوو،
لە ئاوێنەی میحرابی سوجدەگاکانا.
وتم پیرۆ،
وەرە لە سەر تارای نەرمی شەپۆلەکان
روومەت بگرە و
جارێ سەیری باڵای خۆت کە!
لە ژێر چەتری دارگوێزێکدا،
هەسیلیکی پر ئاوم دی
مشتێ زیخ و دوو ماسی سوور
لە بنیا بوو،
مانگەشەوێکی حەوت شەوە
لە سەر حەریری شەپولی
سەمای ئەکرد.
وتم پیرۆ جوان بڕوانە!
نیو پەیکەری مانگی گۆنات
وا لێرەیە،
وا لێرەیە
ورد ورد سەیری باڵای خۆت کە!
ئەگەر مانگ بی
تۆ بەدرێکی چواردە شەوەی،
ئەگەر دار بی
تۆ چروپۆی گشت ئینسانی و
مەمکەکانت
لێوانرێژی مەرهەمی هەموو زامێکن.
دەستم گێڕا ئاوێنەی ئاو
لە بەرانبەر یارم بگرم،
دەستم چۆڕا و مانگ و ماسی
پریش پریش
لەسەر ئاوی هەسێڵ ورد بوون.
پیرۆیش خەونیکی پێکراو بوو
سلوک سلوک
بە شیوەڵی رەگەکانما تەرا ئەبوو،
ئەشکەوت ئەشکەوت
زامەکانی ئەگواستەوە.

دیسان هەور و دیسان ورد ورد
بە هەورازی ژینا هەڵچوو
دیسان چرنوک لە پێستی شەو هەڵپێکان و
دیسان پیرۆ لە تاریکی هەورا ون بوون.
ئەڵێی دیسان ئەم هەورانە
چۆڕ چۆڕ ئەرژێنە نێو خەونم،
تاریک تاریک
دام ئەپۆشن.

*

ئازیزەکان!
دوێنێ گوڵێکی سوورم دی
پەنجەکانی لە تەنافی لفقی باران هەڵپێکابوو،
بە کۆڵارەی هەورێکی رەش کایەی ئەکرد.
ـ ئەی گوڵی سوور!
ـ پارامەوە ـ
ـ تۆزێ بەنی کۆڵارەکەت شل و تن کە!
من مانگەشەوی حەوت شەوەم لێ ونبووە،
من حەوتوێکە مانگەشەوم ون کردووە.
ـ تا رەهێڵەی بارانی غەم
لەسەر تا پێ داتنەشوری
ـ گوڵ پێی وتم ـ
ـ عاستی خۆزگەت بە سنووری
سووری ناگا.
ئای چەن سوورن ئەو زامانەی
دەروونی من
ئای چەن سوورن
ئای!
ـ ئەی زامداری وەک من جگەر
پڕ لە ساچمەی نامورادی،
ـ پرسیم لە کەوـ
کە دار وەنیان داتڵیشاند،
ئیتر مەرهەم لە کوێ دێنی
بۆ تیماری زامەکانت؟
ئیتر مەرهەم لە کوێ دێنی،
لە کوێ؟
لە کوێ؟

# ناسیونالیزم و شاعیرەکانی

بەشی(2)

# شیخ رەزا تالەبانی

نووسینی: سلیمان قاسمیانی

ناسیونالیزم وەکوو رەوتێکی کۆمەلایەتی، خولقێنەری نەتەوەیە. کەرەسەی ساغ کردنەوەی ئەم نەتەوەیە زور جار تێکەلاوێکە لە جوغرافیایەکی دیاریکراو، ئایین، زمان و فەرهەنگ. رەوتی ناسیونالیستی، میژووی کۆنی قەومێك دەکا بە میژووی خۆی و سیمبۆلەکان و ئەندامانی تیرە و تایفەی ئەو قەومە یا قەومانەش دەخاتە کاسەی لە بن نەهاتووی نەتەوەی تازە لە دایکبووی. ئەم درۆ میژووییە تایبەتمەندی هەموو رەوتێکی ناسیونالیستییە بە پانتای دنیا. ناسیونالیزمی ئیرانی "رودکی"، "حافز" و"خیام" دەکا بە شاعیری خۆی گەرچی ئەم شاعیرانە تەنانەت یەك دێریشان نە بە بالای ئیران و نە ئیرانچییەتیدا نووسیوە و نە دەشیان توانی بنووسن چون لە سەردەمی ژیانی ئەواندا شتێك بە ناوی نەتەوە نەبوو.

شیخ رەزا تالەبانی یەکیك لەو شاعیرانەیە کە ناسیونالیزمی کوردی بەرگی کوردایەتی کردووەتە بەر و وەك پیریکی تەریقەتی خۆی حیسابی لە سەر دەکا. مەبەست لەم نووسینە بەرچاوخستنی ناراست بوونی ئەم ئیدیدیعایە و ناساندنی شیخ رەزا تالەبانی وەکو خۆیەتی بە دوور لە غەوغا و هەراوهوریای نەتەوەپەرستی.

شیخ رەزا سالی 1838 لە ئاوایی "قرخ" لە نزیکی کەرکوك لە بنەمالەیەکی دەولەمەند، لە شێخەکانی تالەبان، لە دایك دەبێ. هەر لەو ناوچەیە فێری خویندەواری دەبێ و لە تەمەنی 25 سالیدا دەچێتە ئەستەمبوول و دوای دوو سال دەگەریتەوە بۆ کەرکوك. لە گەرانەوەیدا لە گەل شیخ عەلی برای لە سەر میرات تووشی ناخۆشی دەبێ و دەچیت بو لای مامە غەفووری لە کۆیە. پاش ماوەیەك لە گەل مامیشی تووشی کێشە دەبێ و دەگەرێتەوە بۆ کەرکوك. دوای ئەوە، بۆ جاری دووهەم دەچیتەوە بۆ ئەستەمبوول و تا دەوروبەری سالی 1870 لەوێ دەمێنێتەوە. سالی 1900 بە یەکجاری کەرکوك بە جێ دێلێ و دەچێ بۆ بەغدا و تا کۆچی دوایی لە سالی 1910 لەوێ دەمێنێتەوە. شیخ رەزا لە بەغدا لە گۆرستانی شیخ عەبدولقادر گەیلانی نێژراوە.

شیخ رەزا تالەبانی بە زمانی کوردی، فارسی و تورکی شیعری هەیە و زیاترین شیعرەکانی بە زمانی فارسین و دواییش کوردی. لێرەدا تەنیا شیعرەکوردییەکان باسیان لێ دەکریت. لەم نووسینەدا لە دیوانە کوردییەکەی شیخ رەزا[1] و نووسینەکەی دوکتور شوکریە رەسول[2] کەلك وەرگیراون. شیخ رەزا بە شیوەی غەزەل، قصیدە، چوارینە و تاك شیعری نووسیوە. دیوانەکەی شیخ رەزا، ئامادەکراوی ناسر ئیبراهیمی، پێکهاتووە لە 3 قصیدە، 29 غزل (لە حەوت تا دوازدە بەیت)، 33 چوارینە و 101 شیعری تاك. بێجگە لەوانە 6 شیعری شەش بەیتی، 6 شیعری پێنج بەیتی، 3 شیعری چوار بەیتی و 13 شیعری سێ بەیتی و یەك پێنج خشتەکی. هەلبەتە ئەو شیعرانەش کە کەمتر لە حەوت بەیتن هەر لە کێش و هەوای غزل دا نووسراون بەلام بە پێی دەستووری شیعری فارسی، غزل کەمتر لە حەوت بەیت و زیاتر لە دوازدە نابێ.

# ناوەرۆکی شیعرەکانی شێخ ڕەزا

کەسی فەقیری بێچارە
هەر عەیبی هەبێ دیارە
دەولەمەندی خاوەن پارە
سەد عەیبی هەبێ مەستوورە
ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ
دەڵێن ئاگر نیە نوورە[3]

بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانین شیعرەکانی دیوانەکە بە سەر بکەینەوە، شیعرەکان بە سێ بەش دابەش دەکەین. بەشی یەکەم غەزەلەکان. لەم بەشەدا 29 غەزەل، سێ قصیدە و باقی شیعرەکانیش کە لە غەزەل کورترن، واتە ئەو شیعرانەی لە سێ تا شەش بەیت پێکهاتوون، دادەنێین. بەشی دووهەم چوارینەکان کە 33 دانەن. بەشی سێهەم تاکەکان کە 101 دانەن.

شیعرەکەی سەرەوە یەکێک لە شیعرە بە ناوبانگەکانی شێخ ڕەزایە. لە دیوانەکەی شێخ ڕەزا دا بە دەگمەن شیعری کۆمەڵایەتی لەم بابەتەوە بەرچاو دەکەوێ. لە سەرجەمی ئەو 61 شیعرە کە لە بەشی یەکەمدا هەیە تەنیا ئەم شیعرە دەبینینەوە کە مایەی قووڵی کۆمەڵایەتی هەبێ. باقی شیعرەکانی ئەم بەشە بریتین لە 6 شیعری خۆشەویستی و ڕومانسی، 2 شیعر کە بەسەرهاتی ژیانی خۆنی، 1 شیعر لە فەراقدا، 9 شیعر مەدح و ستایشی ئاغاوات و دەسەڵاتداران، 4 شیعر مەدحی عەشیرەتەکان، 8 شیعریش بە ناوەرۆکی تیکەڵ. باقی شیعرەکانی ئەم بەشە هەجو و جنێون. لە شیعرە هەجوەکاندا 23 دانە جنێوفرۆشین و تەنیا 5 دانەی هەجوی بێ جنێوی ئاشکران.

سەرو و، نەی چین کە لە گەڵ قامەتی تۆ بینە نەبەرد / شەکەری خواردووە نەی، سەرو سەری داوە لە بەرد
گەر دەلیلی وەکوو نوقتەی دەهەنت نەبووایە / منیش ئینکارم ئەکرد وەك حوکەما جەوهەری فەرد
لێی دەپاڕێمەوە ئەی ڕۆحی ڕەوانم تو خوا / چییە دەرمانی دلم، پێم دەڵێ لاچۆ، دلە دەرد

شێخ ڕەزا لەم شیعرە و لە باقی شیعرە ڕومانسییەکانی تری دا، توانای زمانەوانی و دەسەلاتی خۆی بە سەر وشەدا پیشان دەدەا. شیعری "لە فەراقی قادری وەستا خدر"[4] خەم و سۆزی شاعیر وەك لافاویك هەلدەڕێژیتە سەر ڕۆحی خوینەر. شیعرەکەی لە سەر "سەرگوزشتەی خۆی و هەجوی مامە غەفوور"[5]، دلشکاوی و خەمی قووڵی شاعیر لە بێوەفایی خزم و کەسەکانی پیشان دەدات و لە دل دەنیشێ.

بەڵام شیخ ڕەزا نە بە بۆنەی شیعرە ڕومانسییەکانیەوە و نە بە هۆی توانایی لە خستنە ڕووی دەردە کومەڵایەتییەکانەوە و نە لە بەر شیعری نەتەوایەتی ناسراوە. ناوبانگی شیخ ڕەزا بە شیعرە هەجوەکانی، یان لە ڕاستیدا بە شیعرە جنێوەکانییەوە! هەروەك وترا لە 61 شیعری بەشی یەکەمی دیوانەکە 23 دانەی جنێوی زور توند و دزێوی جنسین کە لە ڕاستیدا گەورەترین تاقمی شیعری ئەو بەشەن. لە سەرجەم 33 چوارینەی بەشی دووهەمدا 24 دانەیان جنێوی ڕووت، 4 دانە هەجوی بێ جنێو و تەنیا 5 دانە شیعری ئاساین. لە 101 شیعری تاکی بەشی سێهەم 67 دانە جنێوی ڕووت، 17 دانە هەجوی بێ جنێوی جنسی و تەنیا 13 دانە شیعری ئاساین.

## شیعری هەجو، یان جنێو

لە نێو ئەدیبانی کورد و لە ڕیزی ناسیونالیسمی کوردی بە گشتیدا، لە شیخ ڕەزا وەکوو ئاڵاهەڵگری شیعری هەجوی کوردی ناوی دەبردرێ. شوکریە ڕەسول لە نووسینەکەی خۆیدا شیخ ڕەزا وەکوو "شاعیری تەرزوبان و ماموستای یەکەمی شیعری هەجو"[6] ناو دەبا. هەروەها شیعرە هەجوەکانی شیخ ڕەزا دابەش دەکا بە دوو جۆر: "شیعری داشۆڕدن کە پێشتر لێی دواین و شیعری بێ ئابروو کە شیعری بێ پەردەی جنسییە. زۆرجاریش شیعری داشۆڕدنیشی لە شێوەی جنێودان و بێ ئابرووکردنی جنسیدا وتووە."[7]

شیعری هەجو مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەجو تەنیا جنێودانی ڕووت و ئاشکرا نیە و ئەو شێوە نووسینە کە ئەمڕۆ "ساتیر"ی پێ دەگوترێ لە خۆیەوە دەگرێ کە زیاتر ڕووی لە گاڵتە کردن بە کار و کردەوە و ڕووداو و بیر وبۆچوونە نەك کەسەکە خۆی.

تایبەتمەندی هەجوی شیخ ڕەزا لە پلەی یەکەمدا بێ ئابرووکردن و جنێودانە بەو کەسەی کە دەکەویتە بەر پلاری تەعنەی. قوربانییەکانی بەر تیغی زمانی شیخ ڕەزا سووکایەتی کامڵ و تەواویان پێ دەکرێ و وەك پەڕووی پیس فڕێ دەدرێن.

تۆش لە من بووگی بە شاعیر ئەی

حەرامزادەی سنە / بۆچە شانێ ناخەفێنی
مەسرەفێ چەس ئەو تنە[8]

شوكری لە داخی تۆ ئەمە ساڵێكە / كیرم نەخۆشە، حالی پەرێشان كەوتووە[9]

ڕەنگی كەر، دەنگی بەقەر، هەیئەتی سەگ، خووی چەقەڵ / چاوی كوێر، مەخزەنی كێر، مەقعەدی پڕ بادی هەیە[10]

تایبەتمەندی دووهەمی هەجوی شیخ ڕەزا هەروەك دەبینین بێحورمەتی پێكردنی جنسییە. هەروەك پیشتر باسی كرا هەجوی بێ جنێوی جنسی شیخ ڕەزا زۆر كەمە و لە هەموو بەشی یەكەمی دیوانەكە پینج شیعر، لە بەشی دووهەم چوار شیعر و لە بەشی سیهەم دا واتە لە101 تاكە بەیتەكاندا تەنیا 17 دانەیان هەجوی بێ جنیوی جنسین! تایبەتمەندی سیهەم لەوەدایە كە شیخ ڕەزا بۆ داشۆردنی حەریفەكەی هەر بە بێحورمەتی كردن بە بەرامبەرەكەی ناوەستێ. ئەوە تەنیا كابرای قوربانی خۆی نیە كە دەكەوێتە بەر هێرش، بەڵكوو هەرچی كەس و كار و منال و ژن و خوشكە بەشی خویان لە سفرەی شیعری شیخ ڕەزا بەر دەكەوێ.

پوورە شوكری بەسیە با نەتگێم و شەممەت لەق نەكەم / دایكە كیرخۆرت، هەوالەی سووری سەر ئەبلەق نەكەم

كۆنە حیزی شاری بەغدا، لێم حەرام بێ شاعیری / گەر كوزی خوشكت وەكوو ئەیوانی كەسرا شەق نەكەم [11]

پەدری نێرە كەر و، مادەری وەك ماچە خەرە / كێ دەڵێ ئادەمە، كەربابە، وەكوو كەر دەزەڕێ[12]

نەجابەت كەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم / حەمەی "تولینە" بەم توولە لە تۆڵێنەی هەتیوت بەم[13]

شێخ ڕەزا دەزانێ كە لە فەرهەنگی زالی دەربەگیدا، گەورەترین بێ حورمەتی كردن بە كەسیك، بێ حورمەتی كردنی جنسی‌یە. بێ حورمەتی‌یەك كە ئەگەر كابرا دەستی بڕوا تەنیا بە كوشتنی ئیهانەكەر پاك دەبێتەوە! ژن هەر وەك لە شیعرەكانی شیخ دا دەبینین، بوونەوەریكی هیچ و پووچ و پلە نزم و سووكە، هەر بۆیەشە كە حەریفەكەی "شوكری" كە پیاوە بە "پوورە شوكری" ناو دەبا تا بە قەولی خۆی بە ناوی "ژن"بوون، سووكایەتی پێ بكا.



شێخ ڕەزا تالەبانی

بێجگە لەوەش هەر وەك باسی لێكرا دایك و خوشكی بێچارە و بێخەبەر لە دەرد و مەرگی شاعیر و "شوكری"، مەجبوورن بكەونە بەر گەڵی شیخ ڕەزا و سەرشۆری بۆ خۆیان و بۆ "شوكری" كور و برایان بسەلمێنن! لە شیعری ژێرەوە ئەم بە ژن چوواندنە جاریكیتر بە زەقی خۆی پیشانمان دەدا:

پێم مەلێن ئەم دوو ژنەت بۆ چییە ئەی شیخ ڕەزا / "شوكری" بۆ تەسك و تروسكی و "جەمیل" بۆ زگ و زا[14]

"جەمیل"یش هەر وەك شوكری حەریفیكی پیاوی شاعیرە. هەر دووكیان دەكرێن بە ژنی شاعیر چون لە ژن نزمتر لە فەرهەنگی دەربەگیدا بوونی نیە. ژنەكانیش دانەیەكیان بۆ عیشقبازی و ئەوی‌تریان بو منداڵداری.

كیر كە هەستا نە لە بێگانە دەپرسێ نە لە خویش / گورزی خۆی هەر دەوەشێنێ چ لە پاش و چ لە پێش [15]

"كیر" گورزی هەمیشە ئامادە و دایم لە ناو دەست حەشاردراوی شیخ ڕەزایە كە بەو پەری بیرەحمی و وەحشیگەری‌یەوە بە هەرچی كون و قەڵشتی حەریف و كەس و كاریاندا دەكا. "گان" و ئەتك كردنی ڕەقیب بە بێ حورمەتی جنسی و تەجاوز پێكردن ناوەرۆكی داشوردنەكانی شیخ ڕەزایە. لێرەدا باس تەنیا لە سەر ئەتك كردنی جنسی نیە، بە زەوت كردنەكە كۆتایی نایە بەڵكوو ئەتك كردنی گیان و لەشیشە بەجورێك كە ئاسەواری تا هەمیشە بە لەشیشەوە بمێنێتەوە سەیری ئەم چەند بەیتە بكەن:

یەهوودی بەچكەیێكم گرت و لێم برد و تیا خووسا / كە تێم نا چاوی نووسا، بانگی كرد یا حەزرەتی مووسا[16]

با نەكەم هەجوی حماری ڕەگی جەرگی ببڕم / هەر وەكوو جاوی نەشۆراو كوزی دایكی بدڕم [17]

ئاخ چە خۆشە بە چەقۆ گوێی لە بناخشت ببڕن/ ریشی قوت كەن بە مەقەس بیكەنە مەیموونە قوتە[18]

كۆنە حیزی شاری بەغدا، لێم حەرام بێ شاعیری / گەر كوزی خوشكت، وەكوو ئەیوانی كەسرا شەق نەكەم[19]

ئیتر هەر دایكە پیرە و هەڵدەنیشێ / بە كەللەی كێرەوە وەك ورچی سەردار

ئیتر هەر ناوگەڵی خووبانی بیكرە / لە خوێندا سوور دەبێ وەك بەرگی گوڵنار[20]

# شێخ ڕەزا و بیری نەتەوایەتی

هەر شاعیرێک تەنیا بە هۆی کوردبوون و بە کوردی نووسینی نابێتە شاعیری نەتەوایەتی و میللی. شاعیری نەتەوایەتی تەنیا ئەو شاعیرەیە کە بیری نەتەوایەتی هەبێ و لە دەربیجەی نەتەوایەتییەوە سەیری دونیا و ڕووداوەکانی بکا. یەکێک لە پێناسەکانی ناسیونالیسم و بیری نەتەوایەتی هەوڵ بۆ یەکگرتوویی و یەکپارچەکردنی خەلکی کوردزمانە و سەلماندن و داسەپاندنی ناسناوی نەتەوایەتییە لە بەینی تیرە و تایفە و عەشیرە و هۆزەکاندا.

شێخ ڕەزا ئەم بیرەی نەبووە و لە گەڵ ئەم ڕەوتە نایەتەوە. کەچی سەرەڕای ئەوەش شێخ ڕەزا دەخرێتە ڕیزی شاعیرانی نەتەوایەتی لە لایەن ناسیونالیستەکانەوە. شوکریە ڕەسول سەرەڕای شارەزایی بە سەر ئەم ڕاستیەدا، هەوڵ دەدا بە شیوەی جۆراوجۆر پاکانە بۆ شێخ ڕەزا بکا و بیخاتە ڕیزی شاعیرانی نەتەوەپەرست[21] و شیعری "ستایشی ئەحمەد پاشای بابان" و "سلێمانی کە دارولملکی بابان بوو" بە شاهید دهگرێ. شیعرەکانی شێخ ڕەزا خۆی لە هەموو شتێك باشتر بەرپەرچی ئەم ئیدیعایە دەدەنەوە.

عەشرەت ئازاش بێ کە ناموسی نەبێ بێ فایدەیە / عەشرەتی بێ غیرەت ئەمرۆ عەشرەتی داوودیە[22]

مەکەن باوەر بە قەولی دایکی خۆگێکانی کەرکووکی / ئەگەر خەڵتێ بکەن وابزانە گا قۆڕانی، کەر کۆکی[23]

هەر مەتاعێ کە تەلەب کەی لە سولەیمانیدا / هەیە ئیلا کوزی بیکر و، کونی ناموستەعمەل[24]

ئەلغەرەز سۆزانی و زانی لە کۆیی چاترە / موختەسەر چاکە قسە، کوونی ببە، کۆیی مەبە![25]

سوپەری ئەهلی سنە بو شەری بیگانە تنە / خۆ بە خۆ شەر دەکەن و ئەسلەحەیان هەر بە تنە

ئەهلی ئێمە کە چووە شاری سنە، حوکمە ئەگێ / بە دوو شاهی و قەرە پووڵێ، ژنی کامیان مەزنە[26]

بەدە ئاب و هەوای قەلعەدزە / کە سەگیشی لە عومری خۆی وەڕەزە

ملی ئەهلی لە بەر لەڕی و چرچی / وەکوو کیری پیری پشت لە کوزە[27]

شیعرەکانی سەرەوە بێ پەردە ڕوونی دەکەنەوە کە شێخ ڕەزا نموونەی زەق و تیپیکی نیزامی دەرەبەگایەتی‌یە، نیزامێک کە بوون و نەبوونی ئەندامەکانی بە عەشیرەتەوە پەیوەستە. عەشیرە ئەو سیستەمە بوو کە ئینسان تێیدا لە دایك دەبوو و تێیدا دەمرد. هەر دەرەبەگەی حاکم و فەرمانڕەوای عەشیرەکەی خۆی بوو و قانوون و ڕێ و ڕەسمی خۆی هەبوو. هاوزمان بوون و هاوئایین بوون هیچ نرخێکی نەبوو و ئەگەریش بەهایەکی پێ بدرابا تەنیا بە پێی مەسلەحەتی ڕۆژ بوو. هەر عەشیرەیەك لە ڕاستیدا وەك مەملەکەتیك بوو و هەر ئیمپراتۆرێك مەجبوور بوو لە گەڵ یەکاویەکی ئەم عەشیرانە پەیوەندی بگرێ و بە زۆر بووبێ یان بە دل بەدەست هێنان، بیانکاتە هاوپەیمانی خۆی. ناسیونالیسم و بیری نەتەوایەتی ڕەوتێك بوو لە دژی ئەم بە هەزار بەش بوونەی دەسەڵات لە نێوان عەشیرە و تایفە و عێلەکاندا و بو دروست کردن و ساغ کردنەوەی نەتەوە پێویستی بە سرینەوەی دژایەتی خێلەکی و بەرژەوەندی تەسکی درەبەگەکان و ئەمیرنشینە بچکۆلانەکانیان هەبوو. شاعیر و نووسەری ڕەوتی ناسیونالیستی، شاعیری میللی و نەتەوەیی ئەوانەن کە لەم ڕوانگەوە سەیری دنیایان کردبێ. شێخ ڕەزا هەرچی لە دەمی دێتە دەر ئیهانەیە بە خەڵکی ئێرە و ئەوێ و عەقڵییەتی بە دەگمەن لە عەقلییەتی دەرەبەگایەتی بەرزتر دەبینێ.

شێخ ڕەزا تەنیا دوژمنی دانیشتوانی ئەم و ئەو شار نییە. بە هۆی بۆچوونی ئیسلامی و کۆنەپەرستانەوە هەر بەو شێوەیە زەممی خەلکانی‌تر دەکا و تەنیا بە هۆی ئایین یان ڕەسەنی جیاوازیانەوە دایاندەشۆرێ. تەنیا ئا لەم بەشەدایە کە شێخ ڕەزا و بیری نەتەوەیی یەك دەگرنەوە و ئینسان دەتوانێ لە یەك مەیداندا دان بە دیعایەی نەتەوەپەرستەکان بنێ لە سەر نەتەوەیی بوونی شێخ.

ئەسل و نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی / بێ مروەت و ئینساف و حەرامزادە و بیجی[28]

گەر سەر و ڕیشی پیاوانەیە باوەر مەکە پێی / باتنی جوولەکەیە، زاهیری زوههادی هەیە[29]

خەزوورەی "شیخ حەمید" ئاغای ڕەبات و کۆنە قەلتاغ شڕ / لە ئەسل و مەعدەنا ئەجدادی ئێوە دۆم و خەڕاتن[30]

یەهوودی بەچکەیێکم گرت و لێم برد و تیا خووسا / کە تێم نا چاوی نووسا، بانگی کرد یا حەزرەتی مووسا[31]

در جهان هر کە میشود بابی / مەترەقی کەر بە مەقعەدی بابی[32]

# ئازادی جنسی یان زەوتکردن

شیخ رەزا لە لانی کەم لە یەك رووەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا سنووربەزینە ئەویش لە باسی جنسی و شەرحی پەیوندی جنسی دایە. دیارە پێشتر لەویش شاعیری وەکوو "خانی" باس لە رابیتەی جنسی و وەسفی شەوی زەماوەند دەکەن بەڵام شیوەی دەربرینی "خانی" شیوەیەکی ئەدەبی، پوخت و ئاراستە و جێی پەسندە و سنوورە دیاریکراوەکان ناشکێنێ. تەنانەت شیعرەکەی مەستوورەی "نالی"ش گەرچی بە مانایەك رچەشکێنە، بەڵام لە باری زمانەوە ناگاتە رووهەڵماڵراوی شیخ رەزاوە. شیخ رەزا پەردەی عار وەلاوە دەنێ و بێباکانە ئەوەی بە خەیاڵیدا رەد دەبێ دەیهێنێتە سەر کاغەز. لەم روانگەوە هیچ کام لە شاعیرە کلاسیکەکان یان شاعیرانی سەردەمی شیخ رەزا خۆی، تەنانەت زۆرێك لە شاعیرانی دوای خۆیشی، ناگەنە ئەو و ناتوانن خۆی لە گەڵ هەڵبسەنگێنن!

شیخ رەزا بە راشکاوی باسی هاوجنسگەرایی خۆی دەکا و لە چەند شیعردا بە وردی پلان و چونیەتی نزیکایەتی جنسییەکەیمان بۆ باس دەکا. ئەو هەم بە دوای نێرەوەیە و هەم مێ. ئایا شیخ رەزا زۆر لە سەردەمی خۆی پیشرەوتر نەبووە لە باری ئازادی پەیوەندی جنسییەوە؟ لە قسەو باسیکدا کە ماوەیەك لەمەوپیش لە گەڵ برادەرێك بووم ئیدیعای دەکرد کە "گەلی کورد لە ئەورووپییەکان پیشکەوتووتر بووە لە بارەی رابیتەی جنسی و مەسەلەی سیکسەوە". شاهیدی ئیدیعاکەشی گورانیەکانی حەسەن زیرەك و زور گورانی فولکلوریتر و شیعرەکانی شیخ رەزا بوو. حەسەن زیرەك بە قەولی ئەو برادەرە زۆر زووتر لە گورانیبێژەکانی "پاپ" و "راکنرۆل"ی رۆژئاوا لە "مەمك" و "ران" و "ماچ و مووچ" و بە گشتی مەیل و هەستی جنسی قسە دەکا و شیخ رەزا زۆر زووتر لەوان کێری لە سەر دەست دادەنێ!

ئەم ئیدیعایە هێندێ راستی تیدایە. گۆرانی کوردی و بە تایبەت گۆرانی



فۆلکلۆری کوردی لە "مەمك و ران و ماچ و مووچ"دا شتێکی وای لە بەشێکی زۆری گۆرانی ئەمرۆی رۆژئاوا کەم نەهێناوە. "سێکسیزم" بە هەمان ئەندازە دژی زاتی ئینسانە کە "وشکەمەلاکان" و ئینکارکەرەکانی نیازی رەوا و بەرحەقی جنسی و ئازادی دەربرینی ئەو مەیلە. موشکیلەکە لەوەدانیە کە گۆرانی کوردی باسی مەیلی جنسی و تابلۆی جنسی دەکا یان نا، یان شیخ رەزا باسی ئالەتی جنسی ژن و پیاو و عەمەلی جنسییەکە دەکا یان نا. نە شیخ رەزا لەم مەیدانەدا ئالاهەڵگری جیهانی بووە و نە فۆلکلۆری کوردیش رچەشکێن. باس لە مەیلی جنسی و پەیوەندی جنسی شتێکە کە بە پانایی جیهان بەرین بووە و دەگەرێتەوە سەر قوناغە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کومەلگای ئینسانی. هیچ قەومێك و هیچ رەگەزێك ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکات کە رچەشکێنی شێوەیەك لە شێوەکانی پەیوەندی جنسی بووبێ. رابیتەی جنسی شتێکی سەرەتایی ئینسانییەو کۆمەلگا جۆراوجۆرەکان سەرەرای هەندێك جیاوازی بە گشتی تەجرووبەکانیان لە یەك نزیکە!

لە وەڵامی ئەو برادەرەدا دەبێ ئیشارە بەوەش بکرێ کە تەقریبەن سەرجەمی گۆرانی عاشقانەی کوردی و شیعری عاشقانەی کوردی، زمانی حاڵی "پیاو"ی کوردە! عەشقە بۆ پیاو، سۆز و ئاە و ناڵەی پیاوە، سووتانی پیاوە لە ئاگری بێرەحمی(!!) و دڵسەنگی ژن!! ئەم تەرازووە لانی کەم لەم بارەوە ئەمرۆ لە گۆرانی رۆژئاوادا هێندەی لای ئێمە لاسەنگ نیە و ژنیش وەکوو ژن دەنگی دەبیسرێ و لە عەشقی خۆی و مەیلی جنسی خۆی بۆ پیاو دەدوێ.

بەڵام لە سەر شیخ رەزا باسەکە لایەنێکیتری هەیە. موشکیلەی شیخ رەزا تێکۆشان بۆ ئازادی دەربرینی جنسی نەبووە تا بەم هۆیەوە لە لایەن نەوەی ئەمرۆوە میداڵیکی ئازادیخوازانەی پێشکەش بکرێت. سەرتاسەری شیعرەکانی شیخ رەزا بەڵگەن بۆ "ناموسی" بوون و "غیرەت"ی بوونی ئەو. ئەو دەقیقەن لە روانگەی کابرایەکی موسلمانی "متعصب"ەوە دایك و باوك و ژن و خوشکی خەلك لە شیعرەکانیدا دەگێ، چون دەزانێ و خۆیشی ئەوەی پێ گەورەترین ئەتك و بێ حورمەتی پێ کردنە. کەوابێ وەك رۆژ روون و ئاشکرایە کە شیخ رەزا ئەم ئازادی جنسییە، تەنیا بۆ خۆی قائیلە نەك بۆ "ژنان" و"کچانی"

خزم و کەس و کاری خۆیشی.

لایەنی زۆر گرینگتری مەسەلەکە خودی رابیتە جنسییەکەیە. هیچ کام لە شیعرەکانی "جنسی" شیخ رەزا، باسی



رابیتەی ئازاد و بەرابەری دوو لایەن بە یەکەوە نیە. شیخ رەزا یان باسی "گانی" خوشك و دایك و باوك و برای حەریفەکانی دەکا یان باسی زەوتکردنی بە ئاشکرا یان کڕینی خەڵك بە پارە دەکا. لە شیعری "لە ستایشی ئەحمەد پاشای بابان"دا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە دەکا کە چۆن کوڕێکی بێچارە و هەژاری "بولغار" بە هیوای پارە پێدان لە گەڵ خۆی دەباتەوە ماڵ. شیخ رەزا بە فەخرەوە باس دەکا کە چۆن لە شەوڕا تا بەیانی سواری کوڕی بولغار دەبێ و لە دواییشدا بە دەستی بەتاڵ و بە چاوی گریانەوە ڕەوانەی دەکا!

لە تەواوی شیعرەکاندا، چ جنیو و داشوردنە ئاشکراکان و چ ئەو شیعرانەیتر کە باسی نزیکایەتی جنسی تیا دەکرێ، هەموو شتکە لە کیری شیخ رەزاوە دەست پیدەکا و بە کیری ئەویشەوە دەبڕێتەوە. ئەوە لە ڕاستیدا لە فەرهەنگی دەرەبەگییەوە سەرچاوە دەگرێ. دەرەبەگەکان خوا و مالیکی ملك و ماڵ و حاڵی عەشیرەتەکە و دانیشتووەکانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان بوون. بە قەولی کوردی "بە نان و بە گان" لە سەر شانی خەڵك بوون. شیخ رەزا لەم فەرهەنگەدا گەورە و پەروەردە بووە و بووەتە قسەکەری هونەری و ئەدەبی ئەم چینە.

شیخ رەزا شاعیری "تەرزوبان" نیە، وەکوو شوکریە رەسول باسی دەکا. ئەوەی شیخ رەزا دەیلێت و دەیکا تەنیا لە خانەی زۆرێژی و بێحورمەتی جنسی و ئەتك و ئیهانەدا جیگەی دەبیتەوە. ئەوەی کە لە شیعری شیخ رەزادا تەڕە زمانی نیە بەلکوو کیریەتی. ئەم ئیدیعایە نە ئیهانەیە و نە شاردنەوەی سیمای شیعری شاعیر، بەلکوو ڕاستییەکە تاڵە کە مەگەر بە ناسیونالیسمی ملهور و یان شاعیریکی سەرلێشواو دەنا بە هیچ سیحربازیکیش چارەی ناکرێ!

## "پێدۆفیلی"، بەچەبازی

هەتیوی لووس و بێ مووم لە عومری
خۆم گەڵێ گاوە[33]

پەهوودی بەچکەییکم گرت و لێم برد
و تیا خووسا[34]

سەد ترت دا بە کوودەکی لە گونم[35]

نەجابەت کەی لە تۆ دایە، لە دوو چاڵی
چەتیوت بەم / حەمەی "تولێنە" بەم
تووڵە لە تۆلێنەی هەتیوت بەم[36]

هەتیوی خوبرۆ و مەحبووبی سادە /
کە دەستت کەوت سواری بەو پیادە[37]

شیخ رەزا لە باری مەیلی جنسییەوە کەسێکی "بیسێکسوئێل" بووە واتە هاوکات مەیلی بە نێر و مێ هەبووە. بە بروای من ئەوە لە خۆیدا نە ئیرادە و نە بۆ قسە لە سەرکردن دەبێ. ژیانی جنسی ئینسان، دەکەوێتە خانەی فەردییەوە و هیچ کەس بووی نیە دەخالەتی تێدا بکات. بەڵام مەسەلەی شیخ رەزا لەوە قوولترە. ئەوەی شیخ رەزا دەیکا، لە سەری دەدوێ و تەبلیغی بوو دەکا نە ژیانێکی جنسی ئازاد و بەرابەر، لە نیوان دوو مروڤی بەرابەر دا، بەلکوو پەیوەندییەکی نابەرابەر و زاڵمانەیە. شیخ رەزا "بکەرە" و لە روانگەی بکەر و "سوار"ەوە دەڕوانێتە ئەو مروڤانەی کە قەرارە لە خزمەتی دابن و بۆ ئەوە لە کونێکی زەریف و سەرجێییەکەرێکی لەتیف واتر نین. شیخ رەزا خەڵك زەوت دەکا یان دەیانکڕێ. بۆ ئەو هیچ پەرچێکی ئەخلاقی وجوودی نیە و قوربانییەکەی هەتا لاوتر و بە تەمەن کاڵتر بیت، لەززەتی ئەو زیاتر دەبێت. شیخ رەزا بە ئاشکرا منالبازە، "پدۆفیل"ە، شتێك کە ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی دنیا جورمە و سزای قورسی هەیە. هەتیوبازی شیخ رەزا، تەجاوزی جنسی، روحی و گیانییە بەو مروڤە وردانەی کە زیاتر لە هەموو شتێك پیویستیان بە متمانە و خوشەویستی و رێزلێگرتن لە لایەن گەورەسالانەوە هەیە. منالبازی نە جێگەی شانازی بەلکوو مایەی نەنگ و سەرشۆڕیە. دزیوبوونی ئەم کردەوە شتێکی تازە نیە و زۆر لەمیژە لە زوربەی کۆمەلگاکاندا دژایەتی لە گەڵ کراوە.

بەڵام هەروەك هەمووومان دەزانین دەسەڵاتداران دنیای خۆیان هەیە و شیخ رەزاش قسەکەری کولتوری چینی دەرەبەگ و فیودالی کومەلە کە دینیشیان لە پشتە لانی کەم لە سەر منالانی کچ کە بە پێی شەرعی ئیسلام لە نۆ سالییەوە

مارەیییان دەشێ، هەر وەکو خەدیجەی خیزانی پێغەمبەر.

## پاکانە بۆ دواکەوتوویی و کۆنەپەرستی

شوکریە رەسول سەرەرای دان پێدانان بە جنیوفرۆشی و تەنانەت کۆنەپەرستی شیخ رەزا، بە چەند وشەی سیحراوی، لەناکاو هەرچی وتوویەتی لەبیرخۆی و خوینەر دەباتەوە و سەر لە بەر دەکەویتە پاکانە کردن بۆی. شوکریە رەسول دەلێ:

"ئێمە نالێین شیخ رەزا پەیوەندی دەرەبەگی و دژی دەرەبەگی زانیوە و لە بەر بیری کۆنەپەرستی لایەنی دەرەبەگی گرتووە. بەلام ئەو کە لە کۆمەلەی درەبەگیدا پەروەردە بوو و پێگەیشت و بە بیر و باوەرەکانی ئەو بیرە گۆش کرا و دژەکەشی نەناسی تا لایەنی بگرێ، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەبێ بە هەلگریکی بیری دەرەبەگی لە هەندێ رووەوە، بە تایبەتی هەلویستی لە گالتە کردن بە تاقمیکدا لە بەر جیاوازی و تایبەتێتی چینایەتی. ئەبینیت شیخ رەزا لەم جۆرە شیعرانەیدا کە شانازی بە خێلەکەی خۆیەوە ئەکات تیایاندا، هەزار سال دەمانگێرێتەوە دواوەو هەموو پەیوەندیك بە گیانی نەتەوەپەرستییەوە ئەبرێ." [38]

بە پێی ئەم بۆچوونە هەموو چینە چەوسینەرەکانی دنیا لە گشت میژوودا پاکانەیان بۆ دەکرێ. دەسەلاتداران نابێ لۆمەیان لێ بگیرێ، چون ئەم بێچارانە خۆیان لەو چوارچیوەدا گەورە بوون و ئالترناتیوێکیتریان بۆ ژیان نەدیوەو لە ئاکامدا هەر ئەو رێگەیان گرتووە کە دایك و باوکیان پێیدا رۆیشتن و ناچاربوون وەکوو ئەوان ببنە دەسەلاتدار و دەرەبەگ! ئێ، کەوابێ یەخەی کێ دەگرێ بگیرێ کاتیك کۆمەلگا جەهەننەمێکە بۆ زوربەی کومەل واتە



رەنجدەران لە ژێر سایەی دەسەلاتی دەسەلاتداراندا؟ ناکا خەتایەکە هەر هی رەنجدەران خۆیان بێت؟!

موشکیلەکە تەنیا لەوەدایە کە رەنجدەران تەنیا یەك ریگایان لە بەردایە ئەویش ئەوەی کە ئەو ژیانە قەبوول نەکەن! بەلام سەرنەدانەواندن و قەبوول نەکردن مانای خۆ خستنە بەر تیغی جەللادەکانی دەسەلاتدارە، واتە مەرگ! ئایا هیچ ئەقلێکی ئاسایی دەتوانێ بە هەزار بلێ، هەژاریی تۆ خەتای خۆتە چونکە ئامادە نیت گیان بدەی بۆ ئەوەی ژیان بە دەست بێنیت و دەسەلاتدارانی بێچارەش لە کوت و بەندی دەسەلات رزگار بکەی کە لە مەجبووری و ناشارەزاییەوە بە سەریدا کەوتوون و نەیاتوانیوە خۆ لە ناز و نیعمەت و دارایییەکەی رزگار بکەن!!

ئەگەر خەلاتێکی زانستی کۆمەلایەتی هەبووایە، هەلگری ئەم بۆچوونە بە یەقین بۆی هەبوو خۆی بخاتە ریزی کاندیداکانی ئەم خەلاتە. شوکریە رەسول و بیرەوانانی ئەمرۆی بورژوازی سەرەرای هەبوونی زانیاری زانستی کومەلایەتی لە دنیای هاوچەرخدا ناتوانن یان نایانهەوێ کۆمەلگا، چینایەتی ببینن. بەرژەوندی چینایەتی ئەو هەودا سوورەیە کە ئەمان و شیخ رەزا بە یەکەوە گرێ دەدا. شوکریە رەسول بەم لیکدانەوە ئینکاری ئەوە دەکا کە لە سەردەمی شیخ رەزادا ئیمکانی ژیان و بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە دەرەبەگایەتی هەبووبێ. ئەم بۆچوونە نە تەنیا هیچ یارمەتی شیخ رەزا نادا بەلکوو تەنانەت بە بێئاگا و بێخەبەر لە دنیا و نەفامیشی دەچوێنێ. شیخ رەزا بنیادەمیکی خویندەوار، گەریدە و شارەزا و وریا بووە و بە سەرەرای کوردی بە سەر سێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی شارەزایی تەواوی بووە و تەنانەت شیعری بەو زمانانە نووسیوە. شیخ رەزا لە ریزی "رووناکبیران" و توێژی کولتورپەروەری سەردەمی خۆی بووە. شیخ رەزا چاوی ساغ بوون و توانیویەتی بە چاوی خۆی هەژاری و بێدەرەتانی وەرزێر و سەپان و ژن و پیاوی ژێر دەسەلاتی درەبەگەکان ببینێ، گوێی ساغ بوون و بە جوانی گوێی لە شین و گابۆر و نالەی مەرگی ژنانی هەژار و منالانی حورمەت لێبراوی کارەکەرەکان بووە. شیخ رەزا ئەگەر نە سەبارەت بە جوولانەوەی هەژاران و فەلایان لە کوردستان، لانی کەم ئاگاداری جوولانەوەکانی دژی دەرەبەگی لە تورکیە و ئیران، وەکوو جوولانەوەی "حروفیە"، کە زۆر پێش لە سەردەمی ئەو لە ئارادابوون و بەو پەری وەحشیگەرییەوە لە لایەن ئیمپراتوری عوسمانی و دەسەلاتدارانی ئیرانی سەرکوت کران، بووە.

شیخ رەزا نە موشکیلەی بی ئاگایی بووە و نە بێ ئالترناتیوی! ئەو

ئینسانیکی وریا و ئاگا بە سەر بەرژەوەندی چینایەتی خۆی و چینەکەی خۆی بووە و لەو بارەشەوە شەرمی لە کەس نەکردووە و بە راشکاوییەوە ئالای کولتوریی چینی فیودال و دەرەبەگی بەرزکردووەتەوە. لە راستیدا ئەوە شوکریە رەسول و ناسیونالیزمی کوردییە کە موشکیلەی هەیە و ناتوانێ شیخ رەزا بە تەواوی و بێ ژانەسەر بۆ خۆی ساغ بکاتەوە!

## دواقسە

نەتەوە دەسکردی جووڵانەوەی ناسیونالیستییە و دیارە بۆ ساغکردنەوەی پیداویستی بە کەلەپوور و هەیە. کولتور و خولقینەرانی بەرهەمی کولتوری و هونەری لایەنێکی زۆر گرینگی ئەم بەشەن. شاعیرانی وەکوو "حاجی قادر کۆیی"، "پیرەمێرد" جێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە مەیدانی ناسیونالیسمی کوردیدا. ئەمانە شاعیرانێکن کە خۆیان بیروباوەری نەتەوەییان هەیە و هەول دەدەن بو ریکخستنی هەموو کوردزمانەکان وەك کورد. بەلام هەر وەك لە سەرەتای نووسینەکەدا باسی کرا ، جووڵانەوەی ناسیونالیستی میژوویەك دەکا بە میرزووی خۆی کە هیچ فرێکی بە ئەوەوە نیە و بە هیچ سرێشێك بۆی ناچەسپێنرێتە سەر یەك، مەگەر بە پێوانەی کۆنەپەرستی! شیخ رەزا شاعیری نەتەوەیی نیە نە بە هۆی نێونەتەوەیی بوونی، بەلکوو بەم هۆ سادەیە کە ئەو دەرەبەگیکی راشکاوی عەشیرەگەرە و هەرچی لە دەستی بێ و لە دەمی بێ دژ بە خێڵەکانیتر کۆتایی ناکا.

شیخ رەزا لە هیچ مەیدانێکدا شاعیریکی پێشرەو نیە بەلکو تا بلێی کۆنەپەرست و دواکەوتوو و خیڵەکییە. تاقە مەیدانیك کە شیخ رەزا تێیدا بە تەواوی لێهاتووە، شیعری سووکایەتی و ئیهانەکردنی جنسیی بێ نرخە. بە بروای من نابێ شیعرەکانی شیخ رەزا ناوی "شیعری هجو"یان لێ بنێردرێ چون "شیعری هجو" تەنیا جنێوی سووکی جنسیی و بێحورمەتی پێکردن بە گیان و رۆحی فەرد نیە. ئەوەی بە بارانی جنێو و حورمەت شکێنی بێ سنوور و کێری دایم لە سەردەست ئامادەی شیخ رەزا بزەی دێتە سەر لێو، هاوبیری شیخ رەزایە بەلام سەد سال لە شیخ دواکەوتووترە! ئاخر بیچارە شیخ رەزا نزیکەی یەك سەدە لەمەوپێش کۆچی دوایی کرد و ناکرێ هەر بە هەمان چاو سەیری شاگردەکانی ئەمرۆی بکەین.

چەپلە لێدانی جووڵانەوەی ناسیونالیستی بۆ شیخ رەزا، بەر لەوەی شتیکمان سەبارەت بە شیخ رەزا بۆ روون بکاتەوە، گەندەڵ بووەن و کۆنەپەرستی ناسیونالیسممان دەخاتە بەر چاو. ناسیونالیسمی هاوچەرخ ئەوەندە کۆنەپەرستە کە بێ ئەوەی رەخنەیەکی ئەوتۆی لە جنێوفرۆشی، ئیهانە، بێ حورمەتی پیکردن و زەوتکردنی ژن و منالّ هەبێ، شیخ رەزا لە باوەش دەگرێ و تف دەکاتە ناوچاوانی مروڤایەتی بە گشتی و زوربەی هەرە زۆری مروڤی کورد.

## پەراوێزەکان:

[1] *"دیوانی شیخ رەزا تالەبانی"، ئامادەکردنی ناسر ئیبراهیمی، ستوکهولم 1993*

[2] *"گەشتیك بە جیهانی شیخ رەزای تالەبانی و روخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانیدا"، گوڤاری کۆری زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەرگی یازدەهەم 1984.*

[3] *"دیوانی شیخ رەزا" ل 35*

[4] *هەمان سەرچاوە، ل 8*

[5] *هەمان سەرچاوە، ل 12*

[6] *"گەشتیك بە جیهانی شیخ رەزای تالەبانی..." ل 87*

[7] *"گەشتیك بە جیهانی شیخ رەزای تالەبانی..." ل 106*

[8] *"دیوانی شیخ رەزا" ل 50*

[9] *هەمان سەرچاوە، ل 33*

[10] *هەمان سەرچاوە، ل 31*

[11] *هەمان سەرچاوە، ل 31*

[12] *هەمان سەرچاوە، ل 44*

[13] *هەمان سەرچاوە، ل 55*

[14] *هەمان سەرچاوە، ل 53*

[15] *هەمان سەرچاوە، ل 22*

[16] *هەمان سەرچاوە، ل 52*

[17] *هەمان سەرچاوە، ل 48*

[18] *هەمان سەرچاوە، ل 37*

[19] *هەمان سەرچاوە، ل 25*

[20] *هەمان سەرچاوە، ل 22*

[21] *"گەشتیك بە جیهانی شیخ رەزا..." بروانە لاپەرەکانی 94 تا 96*

[22] *دیوانی شیخ رەزا، ل 58*

[23] *هەمان سەرچاوە، ل 59*

[24] *هەمان سەرچاوە، ل 55*

[25] *هەمان سەرچاوە، ل 52*

[26] *هەمان سەرچاوە، ل 39*

[27] *هەمان سەرچاوە، ل 49*

[28] *هەمان سەرچاوە، ل 12*

[29] *هەمان سەرچاوە، ل 32*

[30] *هەمان سەرچاوە، ل 48*

[31] *هەمان سەرچاوە، ل 52*

[32] *هەمان سەرچاوە، ل 61 . لەم شیعرەدا لە برگەی یەکەمدا بە فارسی دەلێ: (هەرکەسێ لەم جیهانەدا بچێتە سەر دینی "بابی‌یەکان")*

[33] *هەمان سەرچاوە، ل 58*

[34] *هەمان سەرچاوە، ل 52*

[35] *هەمان سەرچاوە، ل 6*

[36] *هەمان سەرچاوە، ل 55*

[37] *هەمان سەرچاوە، ل 59*

[38] *"گەشتیك بە جیهانی شیخ رەزا..." بروانە لاپەرەی 101*

**له**
**گهڵ**
**هونهرمهند**:

## میهران تورابی



**ناو**: میهران تورابی
**ساڵ و شوێنی له دایك بوون**:
1961 مهراغه
**خوێندن**: دیپلۆم
**شوێنی ژیان**: یوتێبۆری
**پیشانگا**: ئوسلۆ، ستوکهولم، یوتێبۆری
**ئیش**: وێنهکێش، گرافیست




نوراني


MEHRAN
2002




گوناح




قەتلی نامووسی

# شیعر و كۆمونیزم و ئەركێكی چینایەتیمان

نووسینی: بژار

شیعریش وەك هەموو دەسكەوتە فكرییەكانیتری مرۆڤایەتی، لە ڕۆژی دروستبوونی كۆمەڵگای چینایەتییەوە دابەش بووە بە سەر چین و توێژەكاندا، هەریەكەش لەم چین و توێژانە هەوڵیان داوە لە دووتوێی ململانێی چینایەتیانەوە شاعیرانی سەر بە ڕێبازی خۆیان بێنە گۆڕێ و شیعرە ڕەسەنەكانیان بكەن بە مەشخەڵی چوونە پێشەوەی هەنگاوەكانیان. شیعریش لەم بوارەدا جگە لە دەسكەوتە كۆمەڵایەتیە مێژووییەكانی توانیویەتی ئاڵوگۆڕی بەسەر بابەتەكان و دەسكەوتە تەكنیكیەكانی خۆیشیدا بهێنێت.

شیعری شۆڕشگێڕانە لە هەموو سەردەمە جیاوازەكانی كۆمەڵگای بەشەریدا، لەگەڵ ئاڵوگۆڕە كۆمەڵایەتیەكان خۆی هەڵپێكاوە و بەشداریەكی سەرومڕیشی لە ڕەوتی چوونە پێشەوەی ڕووداوەكان بە قازانجی چەوساوەكان كردووە. شاعیرە پێشكەوتووخوازەكان هەر لە "هۆمیرۆس" و "یوریبدس"ی یونانیەوە تا دەگاتە مایكۆفسكی و نازم حیكمەت، نەیانتوانیوە لە ئاستی ڕەشەبای كارەساتەكاندا بێدەنگ بن، نەیانتوانیوە كەلەبچە بكەنە مەچەكی وشەكانیان. هەر بۆیە ئاگریان لە ناو شیعرا كردۆتەوە و گڕیان لە تاریكی بیرە داڕماوەكان بەرداوە.

مرۆڤی ستەمدیدە لە هەر شوێنێكدا بێ، حەزدەكات بۆنی ئەو شیعرانە بكات كە بەرگی گوڵیان لەبەركردووە، حەزدەكات سەیری ئەو شیعرانە بكات كە سیمایان لە تریفە لێوانڕێژكردووە، حەزدەكات تامی ئەو شیعرانە بكات كە هەنگوینیان لە وشەكانیانا هەڵگرتووە، حەزدەكات گوێ لەو شیعرانە بگرێت كە شەمەندەفەری كۆپلەكانیان لە غەمی خەڵك باركردووە، و حەزیش دەكات ماچی ئەو شیعرانە بكات كە ساماڵی داهاتوویان لە پەلكەزێڕینەی هیواكان پڕ كردووە.

شیعری شۆڕشگێڕانە توانیویەتی بە ناو دەروونی هەژارەكاندا بگەڕێ، ئاشنایەتی لەگەڵ هەستەكانیاندا پەیدا بكات، پێناسەی دڵەكانیشیان وەربگرێت، چونكە بووە بە دەستی جوتیار.. تۆوی خۆشەویستی چاندووە، بووە بە فڵچەی وێنەكێش تابلۆی سەركەوتنی نەخشاندووە، بووە بە تەباشیری دەستی مامۆستا.. هاتنی شەبەقی ڕەخساندووە، بوویشە بە هەڵمەتی كرێكار و ترسی بەسەر بۆرژوازیدا باراندووە.

ئازادی شیعر لە كۆمەڵگادا هەردەم بەستراوە بووە بە بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارەوە. لە هەلومەرجێكی ئاوادا ئەگەر شیعر ویستبێتی خواستە ئینسانیەكان لە كۆڵانەكانیدا جێكەوتە بكات، ئەوا دەمودەست تەورەكانی بەڕوودا بەرزكراونەتەوە، پەردە بەسەر كێشە و ویژدانییەكەیدا دادراوەتەوە، تەنافەكەشی جارێكیتر بۆ شۆڕكراوەتەوە. شیعری شۆڕشگێرانە هەمیشە شەڕەكانی هەمەلایە نەبووە، سەنگەرەكانی ڕەنگاو ڕەنگ بووە، ڕێیەكانی تاقەتپڕوكێن بووە، ئامانجەكانیشی درەوشاوە بووە.

شیعر دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە و بە حوكمی تێكەڵاوبوونیشی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و بەشداركردنی لە بزوتنەوەوە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانیاندا گۆڕانێكی بەربلاو و پەرەسەندنێكی بەرچاوی بەخۆیەوە گرتوە. شیعر وەك كولیەتێكی ئاڵۆز جگە لەوەی لە كۆمەڵێك عەناسیری بنچینەیی پێكهاتووە، كۆمەڵێك یاسای ناوەكی و دەرەكیش تەحەكوم ئەكەن بەسەریدا. واتە شیعر بە سەرنج و ڕاوبۆچوونەكان لە ڕوانگەی تاكە كەسەكانەوە پێوانە ناكرێ، بەڵكو تەنیا لە ڕێگای هەڵوەشاندنیەوە دەبێ بۆ تەواوی پێكهاتووەكانی و دۆزینەوەی ڕۆڵی هەمەگیری هەریەكەیان لە پرۆسەی مێژوویدا و دەرهێنانی پەیوەندییە توند و تۆڵە كۆمەڵایەتی یەكانی.

تێگەیشتنمان لە شیعر تاكو ئێستا زیاتر ڕواڵەتی بووەو زانستیانە دەركمان بە پەیوەندیە قووڵەكانی ئەم دیاردەیە وەك یەكەیەكی ناكۆك (وحدە متناقزە) نەكردووە.

هەموومان ئاگاداری ئەوەین كە شیعری جۆراوجۆر تەمەنی جۆراوجۆر بەسەر دەبات، كەچی وەڵامەكانمان بۆ دۆزینەوەی ئەو نهێنیە، تەمومژاویە. چونكە توێژەرەوەكان، زاناكانی ئەم مەیدانە هێشتا دیالێكتیكیان بە مانای وشە لەم بوارەدا پیادە نەكردووە. ئێمە ئەگەر ماددییانە ئەم زانستی گۆڕان و پەرسەندنە لە لێكۆڵینەوەكانماندا بۆ شیعر بەكار

نەهێنین، ناتوانێ پەی بە لایەنە شاراوەکانی ئەم دیاردە سەرسوڕهێنەرە بەرین. هەڵبەتە، لێرەدا دەرفەتی ئەوەم دەست ناکەوێ زیاتر لەسەر ئەم لایەنە گرنگە بدوێم و پێیدا شۆڕبیمەوە، بۆیە لە بەجێهێشتنیدا داوای لێبوردنتان لێدەکەم.

هەرچۆنێك بێت شیعر یەکێکە لەو گۆڕەپانە فکریانەی کە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە ناویدا شەڕەچینایەتیەکانی خۆیان ئەکەن، هەربۆیەش هەموو بزوتنەوەوە چینایەتیەکان بە نوێنەرە حیزبیەکانیان و کەسە ناسراوەکانیانەوە گرنگییەکی بەرچاویان داوە بە شیعر و هەوڵیانداوە رابەرەچینایەتیەکانی خۆیان لە ناویدا دروست بکەن و گەشەی پێبدەن.

کۆمۆنیزمیش وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فکری چینی کرێکار لە ڕۆژەکانی سەرهەڵدانیەوە پەی بەم واقیعیەتە بردووە و شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی لە ریزەکانی خۆیدا و لەیەك بەرەی دژ بە چەوساندنەوە ڕێکخستووە. حیزبە کۆمۆنیستەکان و رابەرە چینایەتیەکانی ناویان لێبڕاوانە یارمەتی نەشونماکردن و پێگەیاندنی شیعر و شۆڕشگێڕانەیان داوە.

بێگومان ئەم بزوتنەوە شیعریەش بە هەموو قوناغێکی هەڵکشان و داکشانیەوە ئاگرێکی دانەمرکاو بووە، ماندوونەناسانە لە خەباتی چینایەتی و ئینسانیخوازی کۆڵی نەداوە. ئاخر شیعری رادیکاڵ، شیعری سوور، شیعری چینی کرێکار یانی بەشداریکردن لە خۆشی و ناخۆشی کرێکاران و بەشمەینەتانی دیکەی کۆمەڵدا. شیعری کرێکاری یانی لە کارەساتە جەرگبڕەکاندا فرمێسك ئەرێژێ و لە سەرکەوتنەکانیشدا پێدەکەنێ. شیعرێك کە لەناو ململانێی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمۆنیستیەکەیدا لەدایك بووبێ، چرا لە بیر هەڵدەکات، دڵی تینوو ئاو دەدات، غەمەکان سەرنگون ئەکات، گوڵی سەرکەوتن لە بەرۆکی سبەینێ ئەدات. شیعری شۆڕشگێڕانە بێزاربووە لە واقیعی مەوجود، بەرەنگاربوتەوە، داوای گۆڕانکاری کردووە، وەك رابەرێك ڕێکخستنی لە هۆشە زیندووەکاندا بەرێ خستووە.

ئەم ڕۆڵە "دەور"ی شیعر لە کۆمەڵگادا بینیویەتی لای رابەرانی بزوتنەوەوەی کۆمۆنیزم ڕۆشن بووە. ڕاستە شاعیرەکان بە شیعرە نوێخوازو شۆڕشگێڕەکانیانەوە ناتوانن گۆڕانکاری لە سەر ئاستی کۆمەڵگا دروست بکەن، بەڵام ئەتوانن کارکردێکی پۆزەتیفانە لە سەر ئەو رەوەندانە بە جێ بهێڵن. گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان شاعیرەکان پەروەردەئەکەن بۆ ئەوەی شیعرە سیما هەتاویەکانیان بە دنیا بێنن، بەڵام ئەنجامی ئەم کارە هەر لێرەدا تەواونابێ چونکە ئەو شیعرانەش ئەیانەوێ جارێکیتر تەوژم بەو گۆڕانکاریانە بدەنەوە، هەر بۆیە ئەگەر لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکانەدا ئەم پرۆسەیە نەبینن ئەکەوینە داوی میتافیزیکەکانەوە. دام و دەزگا فیکریە رەنگاورەنگەکانی بۆرژوازی هەمیشە وایان تەبلیغ کردووە کە شیعر نایەوێت لە هیچ بۆتەیەکی سیاسیدا خۆی لە قاڵب بدات، چونکە خۆیان واتەنی، نایەوێت دنیا گەورەکەی بچووك بێتەوە، نایەوێت هەوایەکی ژەهراوی هەڵمژێت، نایەوێت چراکانی سەرڕێگەی خامۆش بکات، نایەوێت لە تونێلی هیچ حیزبێکدا خواستەکانی بەندبکات، نایەوێت باڵی وشەکانی بکرێت و لە ئاستی سیاسەتدا سەری ئامانجەکانی داخات، چونکە لای ئەوان شیعر گوایە ئەبێ لە باوەشی ساماڵا خەوی لێبکەوێ، ئەبێ بەدەم سروشتەوە پێبکەنێ، ئەبێ بازنە چینایەتیەکان تێپەڕێنێ و سنوورە زەمەنی و مەکانیەکان تێك بشکێنێ.

بۆرژوازی بە ئاگایە لە شیعر و بە وشیاریەوە حەرەکەی بۆ ئەکات. ئەو هەمیشە لە مەیدانی تەبلیغدا شیعر لە سیاسەت دوور دەخاتەوە، بەڵام لە مەیدانی پراکتیکیدا شێوازێکی دوولایەنەی تر پیادە ئەکات. بۆرژوازی بێگومان تاقەت پرۆکێنانە هەوڵ ئەدات شیعر باس لە سیاسەت نەکات، بەڵام گەر باسیکرد با مانەوەی گۆمەڵگای سەرمایەداری تەسبیت بکات.

بۆرژوازی تەنانەت لە توێژینەوەی هەڵوەشاندنەوەی شیعریشدا بۆ پێك هاتووەکانی هەلوێستی گرتووە و ڕاستیەکانی لە خوێنەر ون کردووە. شیعریان تەنیا وەك دەیان و بگرە سەدان خاسیەتی لە بەریەك ترازاو ناساندووە و شۆڕبوونەوەشیان بە دنیای ئەو خاسیەتانەدا بە دابڕان لە کارکردی کۆمەڵایەتی بە ئەنجام گەیاندووە. ئەوان نەوەك دیاردەیەك بە مانا زانستیەکەی سەیر دەکەن و نە یاساکان و پەیوەندیەکانیشیان جێگەی سەرنجیانە. تازەکردنەوەش هەر لەو روانگەیەوە بە کاری داهێنەرانەی فەردەکان دەزانن و زەمینە کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسیەکان لە پرۆسەی مێژوویی خۆیاندا وەلائەنێن. هەر لە دوو توێی ئەو هەوڵە سەرومرانەیان کە داویانە بۆ سڕینەوەی

بروانە لاپەرەی 18

# حسێن مەیگۆڕی
# فەرهادی چیابەزێنی
# سەدەی بیست و یەك



نووسینی: سەردار عبەاللە

حسێن مەیگۆڕی، فەرهادێکی تری ئاشقە، لە سەدەی بیست و یەك، سەدەی کۆمپیوتەر و ئەو تاوەرانەی کە سەریان لە هەورگیرە، بە گڕ بێستوونێکی تردا دێتەوە و بە هێزی بازووی داستانی بێ لانەکان تۆماردەکات!

مەیگۆڕی، هەروەك فەرهاد بە هەمان قولنگە سادەکەی بەگژ چیای سەخت و سەرکەش هاتەوە و دەستی ڕەنگینی خۆی بە سنگی یەکێکی تر لە چیا سەختەکانی کوردستانەوە نەخشاند. حسێنی چیانشین بە درێژایی 15 ساڵ لە کارکردنی سەخت، لە چیاکانی ناوچەی هەورامانی سنووری نیوان ئێران و عیراق، حەوت ژووری بۆ حەوانەوەی خۆی لە سنگی ڕەقی چیاکانی هەورامان بە قولنگێکی سادە داتاشی.

ئەم کارەی مەیگۆڕی، بووە جێگەی سەرسوڕمانێکی گەورە، لای ئەو کەسانەی کە ئەشکەوتە دەستکردەکەی دەبینن، لەوانە ئەو تۆریست و پەیامنێرە بیانیانەی کە هاتوونەتە کوردستان، یا ئەوانەی کە دەشێ بیستن بۆ هەموو کەسێك جێگەی پرسیارە، کە بیرۆچکە و هۆی سەرەکی ئەم کارەی مەیگۆڕی لە کوێوە هاتووە؟!

وەك ئەوەی ئیستا لە دەمی خۆیەوە دەگێردرێتەوە، مەیگۆڕی، مرۆڤێکی زەحمەتکێش و خێر لە خۆ نەدیو بووە. هەلاتن لە دەست ستەمی ئاغا و دەرەبەگەکانی ناوچەکە، بێ خانەولانەیی، کوژرانی سێ کوڕی و مێردی سێکچی و پەڕینی لاقێکی، بەشێك لە مێژووی تاڵ و تراژیدی ئەم مرۆڤەپێك دەهێنێت (کە زۆر جار بە شیعر ژیاننامەی خۆی بۆ میوانەکانی دەلێت) ئەم هۆیانە، دەبنە هەوینی سەرەکی لە خولقاندنی شاکارەکەی مەیگۆڕی.

لای ئەو کەسانەی کە کێشەی کۆمەلایەتی و ڕەنجەڕۆیی ئەم زەحمەتکێشە بە سەرەکی وەرناگیرێت، دەیانەوێت مەیگۆڕی وەك پالەوانێکی نەتەوەیی پێناس بکەن و بە خەڵکان و مێدیا جیهانیەکانی نیشان بدەن کە ئێمەش پاڵەوان و داهێنەری لە چەشنی ئەوانەی وەك ئەوان شك دەبەین. ئەو پاڵەوان و موجازەفەچیانەی جیهان کە ژیانیان لەسەر قومار دادەنێن و بە سەر چیا سەختەکان و ئاپارتمانە بەرزە سەد قاتیەکان دا بە بێ هیچ هۆیەکی یارمەتیدەر و سەلامەتی سەردەکەون، هۆکەی خۆ ناودارکردن و لەمەش گرنگتر پەیداکردنی پارەیە، کە ناکرێت بە کارە پاڵەوانیەکەی مەیگۆڕی بەراورد بکرێت، چونکە هیچ یەك لەم هۆیان لە پشت دەستدانە ئەو کارەوە نین.

مەیگۆڕیی کەم ئەندام، لە تاو دەردی بێ دەرمان و ستەم و نابەرابەریەکانی کۆمەلگە هەلات. کۆمەلگەکەی ، سەرەرای هاوڕەگەزی و بوونی زمانی هاوبەش، مەیگۆڕی بە بێگانە دەزانێت، لە خۆی هەلدەوێرێت

و تووشی نامۆبوونی دەکات. خاکی نیشتیمانەکەی، کە بە درێژایی مێژوو بە خوێنی ڕۆڵەکانی وەک ئەو پارێزگاری لێکراوە! ئیستا بستێک زەوی تێدا شک نابات بۆ حەوانەوە. کاردانەوەی هەموو ئەمانە، نامۆ بوون لە هەموو ئەمانە، قولنگ بە مەیگۆڕێ هەڵدەگرێت و وەک دێوانە ڕووی لە کەژ و کیوان پێ دەکات و دەیکات بە گژ چیای سەخت و دژواردا.

لای مەیگۆڕێ کێشە لە تەک سرووشت زۆر ئاسانتر دێتە بەر چاو وەک کیشە لە نیو خودی کۆمەڵگەدا، داتاشینی حەوت ژوور لە سنگی چیای سەخت، زۆر ئاسانتر و کارسازتر دێتە بەرچاو وەک لە پەیداکردن و دروستکردنی ژوورێکی سادە لە قوڕ لە نێو خەڵک و خوادا، تفەنگ هەڵگرتن بۆ ڕاو کێوا و کێو بۆ ئەو ئاسانترە لە پەیداکردنی ژەمێک نان لە نێو شاردا!

مەیگۆڕێی دەست نەڕۆیشتوو بە سەر هیچ هۆیەکی خۆشگوزەرانی ژیانی هاوچەرخدا: لە خوێندن و ڕۆشنبیری و تەواوی دەستکەوتە مرۆڤایەتیەکانی تر، مەیگۆڕێی لە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیەوە گۆڕیوە بۆ مرۆڤێکی ساکار ی سەدەکانی پێشوو کە بژێوی ژیانیان لە سەر ڕاو و شکار دابین دەکرد. هەر لە بەر ئەمە ئاساییە، کە مەیگۆڕێ ، تەنانەت لە گوندنشینەکانیش ساکارتر بێت و ئاگاداری ئاڵوگۆڕ و کیشە و ململانێ سیاسی و کلتورییەکان نەبێت. ئەو سیناریۆ ڕەشەی کە سەرمایەداری بۆ مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەیان خولقاندووە، دەکرێت کاردانەوەی زۆر لەمەی مەیگۆڕێ سەیر و سەمەرەتری لێ بخولقێت! ئەم کارە چەند بۆ مەیگۆڕێ جێگەی شانازی پێوەکردن بێت، ئەوەندە زیاتر جێگەی شەرمەزاری سیستێمی باوە کە مەیگۆڕێی ناچارکرد قولنگ هەڵگرێت و ژیانی کێوان قبوڵ بکات.

لە درێژەی 15 ساڵ، لە کاری سەخت و تاقەت پڕوکێنی مەیگۆڕێدا کەسێک لە وانەی ئیستا شانازی بە کارەکەی مەیگۆڕێ وە دەکەن یارمەتیدەر و هانای ئەو زەحمەتکێشە نەبوون. تەکیەی شێخەکان و ناسیۆنالیستەکان، بە سوود وەرگرتن لە سادەیی ئەو ئینسانە، شاکارەکەی دەکەنە سیمبوڵ و جێگەی شانازی خۆیان هەروەک کە بە درێژایی مێژوو هەروابووە، شارستانی لە سەر دەستی کریکاران و زەحمەتکیشان بنیات نراوە و بە ناوی سەرمایەداران و مفتەخۆرانەوە تەواو بووە، ناسیۆنالیستەکانی کوردستانیش، دوای تەواوکردنی کارەکە، بە قوتویەک بۆیاخ و فلچەیەکەوە دێنە بەردەرکی ئەشکەوتەکەی مەیگۆڕێ و داوای لێدەکەن کە ئەشکەوتە دەستکردەکەی بۆ ناو لێ بنێن و داوای لێ دەکەن، ڕێگەیان پێ بدات کە لەسەر دیوارەکانی بۆ بنووسن: مەنزلگەی نەتەوەیی کورد، مەنزلگەی حسێنی کوردی، هاوینەهەواری حسێنی کوردی...هتد.

ئایا ئەشکەوتەکەی حسێنی مەیگۆڕێ دەبێتە جێگەی شانازی ئەوان؟

وەک ئاشکراو ڕوونە، مەیگۆڕێ لە هەستێکی نەتەوەیی وەک ئەوەی ناسیۆنالیستەکانی کوردستان دەیانەوێت بە بالآیدا بیبڕن: دەستی نەداوەتە ئەوکارە. عیشق و خۆشەویستی بۆ خانەقا و تەکیەکانی شیخیش ڕۆڵێکی نەبووە لە سەر دید و بۆ چوونی مەیگۆڕێ لە ئەنجامدانی کارێکی لەو چەشنە. نەبوونی پەناگایەک بۆ ژیان، گەرچی زۆر سادە و ساکاریش بێت پاڵنەری گشتی و هۆی سەرەکی ئەنجام دانی ئەو شاکارەیە. بێلانەکانی جیهان بە کوردستانیشەوە بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی بەشەری پێکدەهێنن، بێلانەکانی ئەمریکا نزیکەی ئەوەندەی دانیشتوانی سوید پێکدەهێنن، کەم نین ژمارەی ئەو مرۆڤانەی کە لە شەقامەکانی ئیتالیادا لە نیو کارتۆندا شەوانی زستانی ئەورووپا بە سەردەبەن. مەجبوراواوەکان و خانووە قوڕین و لە تەنەکە دروستکراوەکانی کوردستان هەمان نموونەی ئەو بارەن.

بێ خانەو لانەیی، لە هەناوی کۆمەڵگەی بێ ڕەحمی سەرمایەداریدا مەودای بەرفراوانە، ناسیونالیزمیش وەک بەشێک لەو حاکمیەتە تاوانی ئاوارەکردن و بێلانەکردنی خەڵکی لە

ئەستۆدایە. ئەم دیاردەیە لە ژیانی بێ لانەکاندا، چۆن هیچ کەس بە جێگەی سەربەرزی خۆی نازانێ، دەبێت بە هەمان شێوەش کاردانەوە و سەرکەوتنەکانی هەمان لەشکر مولکی تەنیا خۆیان و بزووتنەوەکەیان بێت، نەک کەسانی تر و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی تر. کاردانەوەکەی مەیگۆڕێ، نموونەیەکی گەش و بەرچاوە لەو بوارەدا، کاردانەوەی زەحمەتکێشێکی هیوا براوە بە خۆشگوزەرانی و ژیانی نێو شاری ژێر دەستەڵاتی بۆرژوازی و ناسیونالیزمدا.

ناسیونالیزمی کورد، وەک بەشێکی دواکەوتو و کونزێرڤاتیف لە



بەرهەمی: سەردار عبدالله

بزووتنەوەی بورژوازی کوردی، هەمیشە مۆری دواکەوتوانەی خۆی لە نێو چەوانی ڕووداوەکان داوە. لای ناسیونالیزمی کورد، سادەی مرۆڤی کوردی گوندنشین، خانووبەرەی قوڕینی گوندەکان کە سیمایەکی دواکوتوانەی کۆمەڵگەی کوردیە،هەمیشە وێردی سەرزار و جێگەی فەخریان بووە، ئەمە هەمیشە لە ئەدەبیات و هونەری نووسەران و هونەرمەندانی ناسیونالیشدا ڕەنگی داوەتەوە و دەکرێت سەدان نموونەی زیندوو لە پیرۆز ڕاگرتنی ژیانی کێونشینی لە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی سەر بەو بزووتنەوەیەدا بهێنرێتەوە.

ئەم گۆرانیە، یەکێکە لەو گۆرانیانەی ڕۆژانی دوای ڕاپەڕین و دەسەلاتداریتی ئەوانە کە تاکو ئێستاش دەیڵێنەوە:

بەردێك دوو بەرد دیوارێك
دیوارێك دوو دیوار ژورێك
ژوورێك دوو ژوور گوندێك
گوندێك دوو گوند کوردستان.

لێرەدا، ئاسۆی بەر تەسکی ئەو بزووتنەوەیە بۆ داهاتووی کوردستان دەردەکەوێت. خەڵکی کوردستان دەبێت گوندنشین بن و خانووی‌گوندەکانیش دەبێت چوار لا دیواری قورین بن، لە کاتێکدا دەسەلاّتدار و دەستڕۆشتووەکانی خۆیان کە سەردەمانێك دێهاتی بوون! دانیشتووی خۆشترین کۆشکەکانی شارن.ئەوان دەیانەوێت خەڵکی شوکرانە بژێر بن و گوێ ڕایەڵی مەلا و شێخە دۆستەکانیان بن، کە هەژاری و بێ لانەیی لای خوداوەیە و دەبێت قبوڵ بکرێت.

داستانەکەی مەیگۆڕێ، نابەرابەری و چەوساندنەوە بیری مرۆڤ دەخاتەوە. مەیگۆڕێ، دەیەوێت پێمان بڵێت: کە لە جیهانی پڕ ناز و نیعمەتدا، ئەوی ماندووناس نەیتوانی چوار لا دیوارێك وەگیر بخات. دەیەوێت بڵێت: فەرهاد لە ئیشقی شیرین و منیش لە ئیشقی نان و لانە بە گژ چیادا هاتمەوە!

ئەشکەوتە دەستکردەکەی مەیگۆڕێ، بە هەر ناوێکەوە بچێتە مێژووەوە، هیچ لە ماهییەتی ئەو کارە کەم ناکاتەوە کە مەیگۆڕێ بە نرخی خوێنی نێو دەمارەکانی ئەنجامی دا، ئەم شاکارە وەک مۆرێکی ڕەش بە نێوچەوانی ئەو ڕژێمە حاکمانەوەیە، کە دەستیان لە زەوتکردنی نان و ژیانی خەڵکیدا هەیە و بە زۆر سواری ڕەوڕەوەی مێژووی مرۆڤایەتی بوون.

**بۆ بەردەوامبوون لە مەیدانی تیکۆشانی هونەری و کومەلایەتی دا، هانا چاوەڕوانی پشتیوانی و یارمەتی ئێوەیە. دەستی هاوکاریتان دەگوشین.**

## ناساندنی کتێب

# گوڵێك لە بیابانی ئەفریقادا

واریس دیریە

نووسینی: نوری کریم

ئەمــە ناونیشــانی بەســەرهاتێکە "گوڵێکی بیابان" Desert Flower کە لە لایەن Waris Dirie " واریس دیریە" بە زمانی ئینگلیزی، نوسراوە و بو یەکەم جــار لــە ســالی 1998 چــاپ و بلاوکراوەتەوە. وەگێردراوی سویدی ئەم بەسەرهاتە " En blomma i Afrikas öken" لــە زۆربــەی زۆری پــەرتوك فرۆشیەکانی سوید دەست دەکەویت.

ئەم بەسەرهاتە، بەسەرهاتی واقعی واریس دیریە خۆیەتی. تەواوی رووداو و کەسەکان، بێجگە لە گۆرینی چەند ناوێك، رووداو و کەسی راستین.

واریس لە خیزانێکی کۆچەری بیابانی سۆمالیا لە دایك بووە، و لە رێگای بەخێوکردنی بزن و حوشترەوە ژیانیان بە سەر بردووە. واریس تەمەنی دوانزە ساڵە بووە کە باوکی بەنیاز بووە، لە بەرامبەر حەوت حوشتردا بە پیاوێکی چەند ژنەی شەست ساڵە بە شووی بدا.

واریس بە یارمەتی دایکی لە دەست باوکی بەرەو موگادیشۆ، پایتەختی سومالیا کە تەواوی کەس وکاری دایك و باوکی لەوێ دژین، هەڵدێ. پاش ماوەیەك، مامی واریس کە سەفیری سومالیایە لە بەریتانیا، واریس وەك کارەکەری ئیشی ناو ماڵ لەگەڵ خۆی بۆ لەندەن دەبات. پاش تەواو بوونی کاری مامی لە بەریتانیا ماڵی مامی بە خاوخیزانەوە دەگەرینەوە بۆ سوماڵیا. بەڵام واریس بە هەوڵی خۆی لە بەریتانیا دەمێنێتەوە. واریس ئێستا لە نیویۆرك دەژی و وەکوو فۆتومۆدێلێکی بەناوبانگ کار دەکات و منداڵێکی هەیە.

تەواوی بەسەرهاتی واریس لە دەوری یەك کێشە دەخولێتەوە. واریس لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خەتەنەکراوە، تەواوی ئەندامی مێینەی دەرەوەی لێکراوەتەوە و دووراوەتەوە. واریس لای وابوو کە هەموو کچانی وڵاتانی بە ناو ئیسلامی وەك ئەو خەتەنە کراون، بەڵام دوای چەند رۆژ ژیان لە بریتانیا، هەرچەند لە ناو چوار دیواری ژووری چێشت لێنان و قاپ شتندا دەژیا، بۆی دەردەکەوێ کە وا نیە. واریس هەر زۆر زوو لە لەندەن سەرنجی کچەکانی مامی کە لە خۆی گەورە ترن و لەوێ گەورە بیوون دەدا و دەبینێ کە کاتێك ئەوان بۆ میز کردن دەچنە ئاودەست یەك دەقیقەیان پێناچێ بەڵام ئەو ناچار بوو زیاتر لە دە دەقیقە بمێنێتەوە.

رۆژێك واریس بە هۆی ئازاری دەورەی مانگانەی ژنانەوە لە هۆش خۆی دەچیت و ناچار دەبن بۆ لای پزیشکی بەرن. هەر چەند پزیشکەکە دەیزانی گرفتەکەی واریس چیە، بەڵام بە دانی چەن دەنك حەبی ئازار کەمکردنەوە خۆی رازی دەکات. بە گەرانەوەی ماڵی مامی بۆ سوماڵیا، واریس دەکەوێتە سەر جادە و بەشێوەی نایاسایی دەمێنیتەوە و دەست بە کارکردن دەکات. بەڵام رۆژ بە رۆژ گرفتەکەی گەورەتر دەبێ و دەردە سەری بو زیاتر دەکات. ئیتر نەدەکرا هەر مانگەی دوو هەفتە لە ماڵەوە لەبەر ئازار بکەویت و درێژە بە کارەکەشی بدا.



لە کۆتاییدا واریس بریار دەدا کە ئەم گرفتە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و دەچێتە لای پزیشك و پاش باسی باری تەندروستی خۆی داوا لە پزیشکەکە دەکات ئەندامی مێینەی کە دووراوەتەوە بۆی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی واریس پێشبینی نەدەکرد وەڵامی پزیشکە لە وڵاتێکی ئەورووپایی وەك بەریتانیا. پزیشکەکە پێی دەڵێت: تۆ لە سوماڵیاوە هاتووی و دەزانی خەتەنە و دوورینەوەی ئەندامی مێینەی کچان بەشێکە لە داب ونەریت و کەلتورتان، کە ئێمەش رێز لە داب ونەریت و کەلتوری میللەتان دەگرین. ئێمە بەبێ ئاگاداری و رازی بوونی سەرپەرشتەکەت لەسەر داوای خۆت ئەم کارە ناکەین.

واریس پاشان ئاگادار دەبێتەوە کە پزیشکەکانی بەریتانیا تا ساڵی 1996، لە سەر داوای دایك و باوکانیك کە کچەکانیان لەوێ گەورە بوون، خەتەنەی کچانیان کردووە و پاش نارەزایەتییەکی زۆر، دەوڵەتی بریتانیا ئەم کارە دژی ئینسانیەی "بە رەسمی" قەدەغە کردووە. بەڵام ئێستا بە بەر چاوی زەقی دام و دەزگا دەوڵەتیەکانەوە، هەر کۆمەڵە

خێزانێك كه به نیازن كچەكانیان خەتەنە بكەن كۆدەبەنەوە و بڕیار لەسەر هێنانی كەسێك بۆ بەریتانیا دەدەن تا ئەم كارە دژی ئینسانیەیان بو ئەنجام بدا.

گرنگترین و پڕ بایەخ ترین بەشی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە كە واریس بە دوا ئەو بەشە لە فەرهەنگ و كەلتوری دواكەوتوەدایە كە لە پشت ئەم قەسابخانەیەی كچانەوە ڕاوەستاوە. فەرهەنگ و كەلتورێكی زاڵ لە ناو ئەم جۆرە كۆمەڵگایانەدا كە دەبێتە هۆی ژیاندنەوە و درێژەدانی ئەم دیاردە دژی ئینسانیە.

واریس بە چاوی خۆی خوشكەكەی خۆی بینیبوو كە چۆن خەتەنە دەكرێ و چۆن لە ناو ئازار و خەڵتانی خوێندا دەبووریتەوە. واریس بیستبووی كە خوشكە گەورەكەی حەلیمۆ و ئامۆزاكەی بەرگەی ئەم قەسابخانەیان نەگرتووە و گیانیان لە دەست داوە. هەروەها هەواڵی بێسەر و شوێن بوونی سەدان كچی منداڵی لە كون و قوژبنی ئەم بیابانە بیستووە.




سەرەڕای هەموو ئەمانە واریس لە بیریەتی كە چۆن بە ئاواتی ئەو ڕۆژەوە بوو كە خەتەنە دەكرێ. واریس خۆی دەڵێ چۆن منداڵانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆژ ژمێری دەكەن بۆ گەیشتنی ئاهەنگی جەژنی لە دایك بوونیان و هاتنی بابەنوئێلی دەست بە دیاری لە سەری ساڵی تازەدا، ئاوا منیش بە هیوای مەراسیمی خەتەنەكردن و هاتنی ژنە قەرەجی قەسابی دەست بە گوێزانی كول و خوێناوی بووم. واریسی تەمەن منداڵ كاتێك حەز لە كوڕی دراوسێكەیان دەكات، بە خەیاڵی خۆی كوڕەكە حەز لەم ناكا و حەزی لە خوشكە گەورەكەیەتی، چونكە ئەم خەتەنە كراوە و پاكە. لە نەریت و كەلتوری سومالیادا، كچ تا خەتەنە نەكرێت و نەدووریتەوە هەر پیسە، وە وا لێكدەدرێتەوە كە هێشتا هەر منداڵە و ئامادەی ژیانێكی تازەتر نیە. كوڕیش تەنیا كچێك دەهێنێت كە خەتەنە كرابێت و دوورابێتەوە و بە دەستی پیرۆزی خۆی لە شەوی زاوایەتیدا تەقەڵەكانی دەكاتەوە. كچێك ئەگەر شوو نەكا وەیان شوو بكا و منداڵی نەبێ، لە بەرامبەر كۆمەڵدا جێگای نەفرەتە، چونكە بە ئەركی سەرشانی هەڵنەساوە. وەك ئەڵێن ڕۆحی خۆی بە كەسیكی تر نەداوە.

واریس دەڵی:"لەو شتانەی كە تایبەتی خۆمە، پێڵاوەكانم لە هەموویان زیاتر خۆش دەوێن، دوو كەنتۆری گەورە پێلاوم هەیە بەڵام هەر هەست دەكەم هیچم نیە، هەموو ڕۆژێ تەماشای یەك بە یەكیان دەكەم بەبێ ئەوەی لە پێیان بكەم". هۆكەی ڕوونە. واریسی نەخویندەوار، هەژار و كوچەری بیابانی سومالیا، تەواوی تەمەنی منداڵی بەبێ پێڵاو بردوەتە سەر. بەڵام هەر هەموو ئەمانە ڕێگەر نەبووە لە بەردەم واریس كە لە سەرتاسەری جیهاندا ببێت بە نموونەی نارەزایەتی.

كاتێك واریس پشتی لە داب ونەریت و كەلتوری كۆنەپەرستانەی سومالیا كرد و دەنگی نارەزایەتی لەدژی خەتەنەی كچان بەرز كردەوە، كۆمەڵگای شارستانی و لانكی دیموكراسی ڕاچڵەكان و لە تەلەفیزیۆنی وڵاتە پێشكەوتووەكان و ساڵونە گەورەكانی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە، دەنگی دایەوە.

واریس دەڵێ: "كارەساتیك كە بەسەر مندا هاتووە، هەر ساڵە بەسەر دوو ملیون ئافرەتدا دێ. لەو شارەی كە منی تیادا دەژیم، (نیویۆرك)، بیست و حەوت هەزار كچ و ژن خەتەنەكراون یا خود بەڕێوەن كە بكرێن. لەو قارەیەی كە من لێوەی هاتووم هەموو ڕۆژێك شەش هەزار كچ یان ژن لە كاتی ئەنجامدانی ئەم كارەدا یان لە كاتی منداڵ بووندا، بە هۆی ئەوەی خەتەنە كراون، گیانیان لە دەست دەدەن. بە داخەوە ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە نەك لە كەمی."

" گوڵیك لە بیابانی ئەفریقادا" سەرچاوەیەكی پڕ بەهایە بۆ ناساندنی ئەم كارەساتە دژی ئینسانیە.


**ئابونەی ساڵانە**

**( چوار ژمارە )**

- سكاندیناوی 180 كرۆنی سوید
- باقی ئەوروپا 30 دولاری ئەمەریكی
- باقی وڵاتان 35 دولاری ئەمەریكی

**ئادرەسی هانا :**

Hann / Box 6040 / 424 06
Angered / Sweden

**پۆست جیرۆ لە سوید :** 1641549 - 9

**لەو بەرێزانەی كە لە سوید ناژین، داوا دەكەین كە پارەی ئیشتراكەكەیان بخەنە ناو زەرفی نامە و بە ئادرەسی هانا دا بینێرن.**

## ئەم کتیبانە
## لای هانا دەست دەکەون:

(کرۆنی سوید) :

- چەن لاپەرە لە دەفتەری رۆژانەم (شیعر) ، ریبوار.........................30
- وشەکان ئازادی خۆیان دەسەپێنن (شیعر)، بژار .......................30
- تەمال (شیعر) ، ئاسۆ..........................................................30
- عەشقی ئێمە (شیعر) ، حەمە عەلی حەسەن ...........................30
- لە رەگەوە (شیعر) ، کۆمەلە شیعری شاعیرانی گیانبەختکردوو.........30
- تۆفان (شیعر) ، سلیمان قاسمیانی (کاکە) ............................30
- ئاهەنگی ئازادی و ئەڤین، سلیمان قاسمیانی (کاکە)...................40
- نا نەت ناسیوم داگیرکەر، سلیمان قاسمیانی (کاکە) ....................30
- ئاو و هەتاو (شیعر بۆ منالان)، سلیمان قاسمیانی (کاکە) ...............30
- پورە من من (چیرۆک بۆ منالان)، سلیمان قاسمیانی (کاکە) ............30
- کوترەکانی لە خوا یاخی، سلیمان قاسمیانی (کاکە) .....................40
- ئەلوەن و ئەم بەر و ئەوبەر (رۆمان)، سەلام عبدالله ئیبراهیم ............40
- "هانا " لە ژمارەی 2 بە دواوە .............................. (دانەی) 25

### بە زمانی فارسی

- برای فردایی روشن، (کۆمەلە شیعریکی هەلبژاردە لە چەند شاعیر) ...........40
- راز انگشت میانه (کورتە چیرۆک)، عباس گویا ..............................25
- جهان نمای مضحك (شیعر)، سلیمان قاسمیانی .........................25
- يك دقيقه سكوت (شیعر)، سلیمان قاسمیانی ...........................25
- مدوسا بر فراز آبیدر (رۆمان)، شاهو پیرخضرانیان ....................40

### بە زمانی سویدی

- Sätt locket på (کومەلە شیعر) ، سلیمان قاسمیانی ...................40
- Mångkulturella getton, den demokratiska apartheiden (گیتۆی فرە کولتوری)
ئاپارتایدی دیموکراتیك) لێکۆڵینەوەیەك لە سەر "نسبیەتی کولتوری"، سلیمان قاسمیانی ....40
- I skuggan av fördomar (لە ژێر سێبەری پێشداوەرییەکاندا)، لێکۆڵینەوەیەك
لە سەر راسیسم و پیشداوەری، ئەحمەد بایەزیدی ........................40

پارەی پۆستی هەر کتێبێك بۆ ناو سوید 1.5 دۆلار، بۆ ئەورووپا 2.5 دۆلار و بۆ باقی ولاتان 4 دۆلاری ئەمەریکییە. (پارەی پۆست بۆ ناردنی زیاتر لە یەك کتێب هەرزانتر دەکەوێ. بۆ ئاگاداری زیاتر ، پەیوەندیمان پێوە بگرن). بۆ وەدەستهێنانی ئەم کتێبانە دەتوانن پارەیکتێب پۆستەکە بخەنە حیسابی پۆست جیرۆی هانا لە سوید: 9-1641549

## کاریکاتیری ژمارە 11 دەرچوو!

بۆ پەیوەندی گرتن بە "کاریکاتیر"ەوە دەتوانن لە ئادرەسی "هانا" کەڵك وەربگرن.

ئەوەش ئادرەسی مالپەر و ئیمایلی کاریکاتیر:

www.geocities.com/karikater
karikater@yahoo..co.uk

## دەستی هاورێی و هاوکاریتان دەگوشین!

**خوێنەری بەرێز!**

**هانا بە گۆڤاری خۆت بزانە و لە یارمەتیدان و بلاوکردنەوەی دریغی مەکە! ئێمە دەستی هاوکاری ئێوە دەگوشین و چاوەروانی وەلامتانین! دیارە کە بلاوکردنەوەی گۆڤارەکە بە ئەندازەی نووسین و دەرکردنەکەی گرنگە. بلاونەبوونەوەی گۆڤارێك هەر وەکوو دەرنەچوونی وایە. ئێمە لەو خۆشەویستانەی کە لە ولاتانی جۆراوجۆر ئامادەن لەو بارەوە هاوکاریمان بکەن، داوا دەکەین پەیوەندیمان پێوە بکەن!**

**18-19**
2003

# HANA

A Social, Literary & Cultural Kurdish Magazine

**Publisher & Editor-in-chief:** Soleyman Ghasemiani
**Editorial committee:** Josef Rebwar (Mosleh Sheikholeslami), Baker Ahmad, Layla Ghasemiani, Sardar Abdullah, Shina Abdullah, Bizhar.

**In this edition:**

1- Dancing Under the Shadow of Death! / by Soleyman Ghasemiani
2- Details of a Tragedy / by Sardar Abdullah
3- A Sad Story, Honour Killing.
4- Repression of Women and the Culture Which Kills Women for hHonour / by Layla Ghasemiani
5- The Dead Women is Comming / by Baker Ahmad
6- Poems : Shaho Pirkhezranian / Bizhar / Aso Goran
7- The Poets of Nationalism: Shejk Reza Talabani / by Soleyman Ghasemiani
8- The Painter: Mehran Torabi
9- Poetry, Communism and a Class-task / by Bizhar
10- A Lover Sculpture of the Twenty First Century / by Sardar Abdullah
11- Desert Flower / by Nori Karim

**ISSN 1401-1336**
**Address: HANA / BOX 6040 / 424 06 ANGERED / SWEDEN**
**E-mail: info@hana.se**
**Web: www.hana.se**